# کاریکاتێر لە شیعری کوردیدا

- ناوی کتێب: کاریکاتێر لە شیعری کوردیدا
- نووسەر: د. هاوژین صلیوە
- بابەت: لێکۆڵینەوە
- تایپ و دیزاینی ناوەوە: دەزگای ڕۆسا
- بەرگ: بەشدار نووری فەتحوڵڵا
- چاپ: یەکەم ٢٠١٦
- چاپخانە: ڕۆژهەڵات
- نرخ: ٥٠٠٠ دینار
- لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (٤١٢)ی ساڵی (٢٠١٦)ی پێدراوە.
- مافی چاپکردنی پارێزراوە بۆ نووسەر

لەبڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆسا، ژمارە (٧).

**ناونیشان**

هەولێر- شەقامی پەروەردە- پشت قوتابخانەی ئەیوبیە- بەرانبەر دەستەی دەستپاکی هەرێم

Nobile: 07507121181

E-mail: dazgairosa@gmail.com

www.facebook.com\DazgaiRosa

# کاریکاتێر لەشیعری کوردیدا

د. هاوژین صلیوە

هەولێر
٢٠١٦

# پێشەکی

کاریکاتێر هونەرێکی گرنگە لە نێو هونەرەکاندا، بەهای تایبەتی خۆی هەیە و چێژبەخش و ڕێنیشاندەر و تەنز ئامێزە، چ لەهونەری نواندن، یا وێنەکێشان و شیعر و ...هتد بێت.

بۆچی ناونیشانی (کاریکاتێر لە شیعری کوردی)م هەڵبژارد؟ شیعر کۆمەڵێ بازنەی بەدەوری خۆی کێشاوەو لەگەڵ کۆمەڵێ هونەر هاوبەشە، لەگەڵ کاریکاتێریش هاوبەشییان هەیە، ئەوەندە هەیە کاریکاتێر لە هونەری نیگارکێشاندا پشت بە هێڵکاری و ڕەنگ دەبەستێ، لەشیعریشدا پشت بەزمانی نووسین دەبەستێ، دواتر شێرکۆ بێکەس و موحسین ئاوارە و قوباد بەهرەوەر و... بە ناوی کاریکاتێر شیعریان بڵاوکردۆتەوە، نیگاری کاریکاتێر و کاریکاتێری وشەیی، یا کاریکاتێری زارەکی لە ناوەندێکدا ئاوێتەبووین و چونەتە نێویەك، لە ڕاڤەی نموونە شیعرییەکانیشدا خوێنەر ئەوەی بۆ دەردەکەوێ و باشتر ڕوون دەبێتەوە.

هەڵبەتە زۆر بابەتمان هەیە وەك پۆلێ مەل لەکەش و هەوایەك دەخولێنەوە و دەنگ و جوکەیان ئاوێتەی یەك بوین لەوانە: گاڵتە، گەپ، تەنز، توانج، ساتیر، کۆمیدیا، جۆك- نوکتە...، کاریکاتێر دەبێت بە چەترێك هەمو ئەم بابەتانە لەخۆی کۆدەکاتەوەو لە کەش و هەوایەك پێکەوە دەژین، خۆ ئەو گۆڤارانەی کە تایبەتن بە کاریکاتێر، تەنها تایبەت نین بە نیگاری کاریکاتێر، بەڵکو هەمو ئەو زاراوانەی ناومان هێنان تیایدا بڵاودەبنەوە، نووسراوی سەر وێنە کاریکاتێرییەکان بەشدارن لە ڕوونکرنەوەی زیاتری وێنەکەو بەخشینی چێژێکی زۆرتر، ئەم شیعرانەی لەم کتێبە بەکارهاتوون تیایدایە توانجە، هەیە تەنها نوکتە ئامێزە...

هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لە نێو ئەدەبیاتی کوردیدا گرنگیان پێنەداوە، ئەو شاعیرانەی کە شیعری کاریکاتێر دەنووسن ژمارەیان کەمن و ئەوانەی کە دەشنووسن نموونەی شیعری کاریکاتێرییەکانیان کەمە، واتە لە دیوانێك یان چەند دیوانێکی شاعیرێکدا کە بەشاعیری کاریکاتێریستیش ناسراوبێت بە قامکەکانی دەست نموونەی شیعرە کاریکاتێرییەکانی دەژمێردرێن، لە ساڵی (٢٠٠٨)لە ماستەر نامەکەمدا، کە بەناوی (وێنەی هونەری لەشیعرەکانی شێرکۆ بێکەس دا)بوو، لەگەڵ جۆرەکانی وێنە لە سێ چوار پەڕێکدا بە نموونەی شیعرییەوە باسی شیعری کاریکاتێرم کردووە، دواتر لە ساڵی(٢٠١٢) بابەتێکم نووسی بە ناوی(کاریکاتێر لەشیعرەکانی موحسین ئاوارەدا)، دواتر بیرۆکەکەم فراوان کرد، هۆکارێکی دیکە ئەوەیە: خۆم زۆر شەیدای سەیرکردنی نیگاری کاریکاتێرم، زیاتر لەبیست شیعری کاریکاتێرم نووسیوە، هەر ئەمانەش بوونە هەوێنی نووسینی ئەم توێژینەوەیە، ویستم لەم هونەرە بدوێم و گرنگی پێبدەم.

سنووری لێکۆڵینەوەکەش: سەرجەم شیعری کوردی دەگرێتەوە، بە ناو شیعری فۆلکلۆر و دیوانی شاعیراندا گەڕاوم و نموونەی شیعریم لێوەرگرتوون. ئامانجی لێکۆڵینەوەکەم: گرنگی دانە بەم هونەرە و خستنەڕووی خاسیەت و تایبەتمەندییەکانییەتی.

گیروگرفتی لێکۆڵینەوەکەم: کەمی سەرچاوە و نەبوونی لێکۆڵینەوە بوو لە بارەی شیعری کاریکاتێر، بۆ ئەوەی ئاسۆی ڕوانینمان فراوانتر بکات و ببێتە پاڵپشتێك بۆ توێژینەوەکەمان.

میتۆدی لێکۆڵنەوەکەمان: میتۆدی وەسفی شیکارییە، سەرەتا میتۆدی وەسفی بۆ ناساندن و خستنە ڕووی کاریکاتێر، دواتر میتۆدی شیکاریمان بەکار هێناوە بۆ ڕاڤەکردنی دەقە شیعرییەکان، لە هەندێ شوێنیشدا هەر دوو میتۆدەکەمان تێکەڵ کردووە.

ستراكتۆری لێكۆڵینەوەكەشمان: لە پێشەكی و چوار بەش و ئەنجام و ئەو سەرچاوانەی سودیان لێوەرگیراوە پێكهاتووە. بەشی یەم لەژێر ناوی (زاراوە و زمان و مێژووی كاریكاتێر)كە لە سێ تەوەرە پێكهاتووە: تەوەرەیەی یەكەم: لە زاراوە و پێناسە و چەمكی كاریكاتێر دواوین. تەوەرەی دووەم: لە زمانی كاریكاتێر دواوین، مەبەست لە زمانی كاریكاتێر، واتە: شێوازی تەعبیركرن، وەك دەڵێن زمانی ڕەنگ، یان زمانی مۆسیقا...، تەوەرەی سێیەم: مێژووی كاریكاتێرمان لە جیهاندا خستۆتە ڕوو، باسی كاریكاتێری چەند وڵاتێكمان كردووە، ئینجا باسی مێژووی كاریكاتێری كوردیمان كردووە. بەشی دووەم: لە ژێرناوی(پەیوەندی نێوان كاریكاتێر و هونەرەكانی تری نووسین)دایەو بەسەر چوار تەوەرە دابەش بووە: تەوەرەی یەكەم: باسی كاریكاتێرمان كردووە لە نوكتەدا و پەیوەندییەكانمان خستۆتە ڕوو، كە زۆر جار نوكتەیەك و بەسەرهاتێكی سەمەرە ئیلهام بە كاریكاتێریستان دەبەخشێت. تەوەرەی دووەم: پەیوەندی نێوان شیعری هەجو و كاریكاتێرمان خستۆتە ڕوو، كە هەندێك شیعری هەجو شێوەی كاریكاتێرین، تەوەرەی سێیەم: باسی پەیوەندی نێوان شیعری كاریكاتێر و شیعری (سوریالی)مان خستۆتە ڕوو، كە پەیوەندییەكی پتەو لە نێوانیاندا هەیە، تەوەرەی چوارەم: كە لە ژێر ناوی: شیعری كاریكاتێر لە نێوان هێڵكاری و گەپ و توانجدا، كە تێیدا زۆر بەڕوونی بە نموونەی شیعرییەوە، ئەوە خراوەتە ڕوو، كام جۆریان شیعری كاریكاتێرە و كامە جۆریان تەنزو گەپئامێزە...، بەشی سێیەم: كە لەژێر ناوی (مێژوو و شێوازەكانی شیعری كاریكاتێر)كە لە سێ تەوەرە پێكهاتووە، تەوەرەی یەكەم: باسی كاریكاتێرمان كردووە لە شیعری كوردیدا و نموونەی شیعری فۆلكلۆر و كلاسیك و (نوێ)و هاوچەرخمان خستۆتە ڕوو.

تەوەرەی دووەم: باسی كاریكاتێری شێوەكاریمان كردووە، كە لە شیعری كوردیدا نموونەی زۆر كەمە، واتا ئەو كاریكاتێرەی لە ڕێی شێواندنی ڕەنگەكانەوە خۆی نمایش دەكا. تەوەرەی سێیەم: باسی كاریكاتێر و گەمەی زمانمان كردووە، ئەوەشمان

کردووه بەدوو بابەت، یەکەم: (تێکەڵکردنی وشەی دوو زمان)ئەو شیعرە پێکەنیناوییانەی کە بە هۆی تێکەڵکردنی دوو زمان دروست بووین. دووەم: (شێواندنی وشە- بەهەڵە بەکارهێنانی وشە). بەشی چوارەم: لە ژێر ناونیشانی (جۆرەکانی کاریکاتێر لەشیعری کوردیدا)یە، لە جۆرەکانی کاریکاتێر دواوین لەشیعری کوردیدا، کردومانەتە چوار تەوەرە، لەوانە: یەکەم: کاریکاتێری سیاسی، دووەم:کاریکاتێری کۆمەڵایەتی، سێیەم: کاریکاتێری نوکتە ئامێز، چوارەم:کاریکاتێری وێنە، ئەویش دەبێت بەدوو شێوە،:کاریکاتێری پۆرترێت و کاریکاتێری وێنەیی. لە دووتوێی توێژینەوەکەشدا لە چەند شوێنکدا نیگاری کاریکاتێری لەگەڵ شیعرەکان هاتوون، دواتر چەند ئەنجامێکمان خستۆتە ڕوو، ئینجا ناوی ئەو سەرچاوانەمان خستۆتە ڕوو، کە لەم توێژینەوەیەدا سودمان لێوەرگرتوون، لە پاشکۆی ئەم کتێبەشدا بیبلۆگرافیای (هونەری تەنز و گەپ و کاریکاتێر- بیبلۆگرافیا و پێڕستی لە کتێبی کوردیدا ١٩٧٠-٢٠٠٩)خراوەتە ڕوو، کە لە لایەن (بوار نوورەدین)ەوە ئامادەکراوە، ئەمەش کارئاسانییەکی باش دەبێت بۆ توێژەران، بۆ ئاگاداربوونیان لەو سەرچاوانەی لەبارەی ئەم بابەتە نووسراون، هیوادارم توانیبێتم خزمەتێکم بەم بوارە گەیاندبێ.

# بەشی یەکەم
# زاراوە و زمان و مێژووی کاریکاتێر

## ١-زاراوە و پێناسە و چەمکی کاریکاتێر

شیعر ڕەگەزێکی سەرەکی هونەرە و کۆمەڵێ بازنەی بەدەوری خۆیدا کێشاوە و دەچێتەوە نێو زۆربەی بوارەکانی هونەر، شیعر ڕەگ و ڕیشەی بە قوڵاییدا ڕۆچووە و خۆراك لە هونەرەکانی دیکەش وەردەگرێت و گەشەی پێدەکا، زۆربەی بوارەکانی ژیان خۆیان دەخزێننە نێو شیعر، لەوانە: مێژوو، فەلسەفە، ئایین، ... هتد

((کاریکاتێر ئەو هونەرە تەنز ئامێزەیە، کە دەربڕین، یان بیری ڕەخنەگرانەی تێدایە، لەڕێی هێڵەوە، دەبێتە فۆڕمێکی ئێستاتیك))[١] کاریکاتێر ئەو ناوەیە کە بەسەر شێوەکەیدا دابڕاوە، کە ناوەرۆکێکی گاڵتە ئامێز، یان ڕەخنە ئامێزی هەیە[٢] وشەیەکی لاتینییە لە (care core)وە هاتووە، واتای شتێك (لەتوانای خۆی زیاتر) دەگەیێنێت، لە زمانی (ئیتالی)دا بە واتای (بار) و(بارکردن) هاتووە، هەروەها کاریکاتێر(caricature) بە واتای زێدەڕۆیی کردن و زەقکردنەوەی هەڵەکان بە مەبەستی گاڵتەپێکردن بەکار هاتووە[٣]. هەروەها لە فەرهەنگی

---

١ – د. فەرهاد پیرباڵ، مێژووی هونەری کاریکاتێر لە کوردستاندا، چ١، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٨

٢ – عبدالجبار محمود علي، التصوير الصحفي، دار المعريفة، بغداد، ١٩٨٠، ص ٤

٣ – د. حمدان خضر سالم، الاتجاهات السياسية للكاريكاتير في جريدة الشرق الاوسط، لەڕێکەوتی www.dahsha.com\old\viewarticle.dnp?idz32183 ٢٠١٢/٩/١ وەرم گرتووە.

(الفريد) (ئيتالّى - عەرەبى)يشدا بە وێنەيەكى گاڵتە ئامێز هاتووە[١]، هەروەها سەبارەت بە يەكەم بەكارهێنانى ئەم وشەيەش ئەوا (( Mosini (مۆسينى) يەكەم كەس بووە وشەى كاريكاتێرى لە ساڵى (١٦٤٦) بەكارهێناوە ))[٢]، بەڵام (كارێكتى) كە كاريكاتێريستێكى ئەڵمانى[٣] بوو، بۆ يەكەم جار شێوەى مرۆڤى لە وێنەدا شێواند[٤]

زۆر جار دوو جۆرە هونەر تێكەڵ دەبن و هونەرێك دەخولقێنن، چونكە هونەرەكان يەك ئاسمانيان هەيەو سەر بە يەك خێزانن، بۆيە ئاساييە تابلۆيەكى شێوەكارى لەبەر ئامێزى شيعرێك دروست بكرێت بە پێچەوانەشەوە، ياخود بيرۆكەى چيرۆكێك بە شيعر دەربڕدرێت ياخود دراما بە شيعر بنووسرێتەوە.

بەم شێوەيەش دەبينين زۆر ئاساييە هونەرى كاريكاتێر بخزێندرێتە نێو شيعرو هونەرى پەيكەرتاشى و شانۆ و فيلميشەوە، هەرچەندە هەندێ هونەرمەندى كاريكاتێريست پێيان وايە وێنەكانى نێو فيلمەكان كاريكاتێر نين.

هەندێ جار مەبەستى كاريكاتێريست پلار گرتن و ڕەخنەگرتنە، بەڵام زۆر جاريش مەبەستى كاريكاتێريست بەخشينى لايەنى چێژە نەك ڕەخنە، بۆ نموونە: كاتێ وێنەى هونەرمەندێك، يا هەر كەسێكى تر بە شێوەى كاريكاتێرى دەكێشرێت، زەردەخەنەيەكى دەرەكى، ياخود زەردەخەنەيەكى ناوەكيمان

١ – نەژاد عەزيز سورمێ، ڕۆژنامەگەرى كوردى چەند سەرەقەڵەمێك لە بارەى تەكنيك و هونەرەكانى، چاپخانەى وەزارەتى پەروەردەى حكومەتى كوردستان، چ٢، هەولێر ٢٠٠٦، ل ٥١

٢- ويكيبيديا الموسوعة الحرة or.wikipedia.orq/wiki

تێبينى : هەرچەندە لەم پێگەيەدا ناوى نووسەر نە نووسرابوو، بەڵام لە بەر گرنگى بابەتەكە ئەم زانياريیەمان لە ڕێكەوتى ٢٠١٢/٩/١ وەرگرت.

٣- (هۆرست هايتز ينگر)كاريكاتێرستێكى ناسراوى ئەڵمانيايە. ديڤد لاو- لە لەندەن ناسراوە.

٤- حەسەن ياسين، ٣٤ وانە لە بارەى ڕۆژنامە نووسى و ڕۆژنامە نووسى كوردييەوە، چاپخانەى دواڕۆژ، سلێمانى، ٢٠٠٤، ل٤٨

پێدەبەخشێت، بەڵام کاتێ لێشی ورد دەبینەوە زانیارییەکمان پێدەبەخشێ و لە دیاردەیەك بە ئاگامان دەهێنێتەوە، زۆر جاریش لە گەڵ هێڵە کێشراوەکەدا وتەش دەنووسرێتەوە. کاریکاتێر خۆی خزاندۆتە زۆربەی هونەرەکان تەنانەت لە هونەری(میناتۆر)[١]یشدا دەتوانرێت شێوەی کاریکاتێری بەکاربێت[٢].(( کاریکاتێر لە هونەری شێوەکاریدا وێنەیەکی پڕ زێدەڕۆیی و شێواندن و تێکشکانی جەوهەری کەسێ، یان شتێ، یان ڕووداوێك دەگەیێنێت، لە ئەدەبیاتیشدا کاریکاتێر وەسف کردنی کەسێکە بە زمانێکی گاڵتەئامێز، بە زووم خستنە سەر لایەنێکی کەسایەتی ئەو مرۆڤە، جا بۆ مەرامی ڕەخنەو توانجی سیاسی بێ، یان بۆمەرامی گاڵتە پێکردن بێ))[٣]، کاریکاتێریست (ئەدیبە سمایل مامە) سەبارەت

---

١- وشەی (میناتۆر) بە بنچینە ئیتالییە، واتا نامەیەکی سوور بە وێنەیەکی بچوکەوە چەسپابێتە سەر دەست نووسێك، یان وێنەیەکی زۆر بچکۆڵەی وردبین، کە ڕووداوی ناو دەست نووسێك ڕوون بکاتەوە، ڕۆنانی(En miniature) میناتۆر ئەو نیگارانە دەگرێتەوە، کە سەرتاپای لاپەڕەیەکی ئەو کتێبانەیان پڕکردۆتەوە کە لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە(٤٧٦-١٤٥٣) دەرکەوتن، ئەمەش لەپاڵ نووسراوە نەخشێنراوەکاندا، لە زمانی عەرەبی لە بری (میناتۆر) (منمنمات)(شكل)(لوحة- لوح) بەکاردەهێنن، ڕیشەی ئەم هونەرە دەگەڕێتەوە بۆ مسری کۆن، یۆنان، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆتریش بێزەنتییەکان، (مانی٢١٥- ٢٧٤ز) یەکێکە لەیەکەمین نیگارکێشە میناتۆریستەکانی ڕۆژهەڵات .(بڕوانە کتێبی: مێژووی هونەری شێوەکاری لەکوردستاندا، نووسینی: د. فەرهاد پیربال، ل٤٥-٤٦)

٢- میناتۆر بەزۆر شێوە دروست دەکرێت، تەنانەت ئێستا کاری وردەکاری میناتۆر لەسەر دەنکە (برنج)ێکیش دەکێشرێت!، کە دەبێ بە ئامێری وردبین سەیری وێنە کێشراوەکەی سەر دەنکە برنجەکە بکرێت. جا تابلۆیەکی هونەری لەسەر دەنکە برنجێك بکێشرێت دەبێ نرخی ئەم دەنکە برنجە چەند بێ؟ کەسێك ئەم دەنکە برنجەت لێ بدزێت و شکاتی لێبکەی، یان مێرولەیەك لێت ببا، یان چۆلەکەیەك لێت بخوا، تەیهو تەیهووووو.

٣- www.dailywritinjtipa.com/character-and-caricature.

- Doctcr Thomas Brownas Christhan morals published posthumousiy in 1716.

بەکاریکاتێردەڵێت:((تەنها شێواندن و ڕەخنەو گاڵتەجاری نییە، بەڵکو کاریکاتێر گیانی ڕەخنەی بنیادنەرانەی لەبەر دایەو هاوارێکە بە ڕووی کپی و سستی و کەمو کورتی کۆمەڵگا))[1]، هەروەها کاریکاتێر وەنەبێ تەنها خۆی خزاندبێتە هونەری هێڵکاری و شێوەکارییەوە، بەڵکو لە سەرجەم ژانرە ئەدەبییەکانیشدا بڵاو بۆتەوە[2] و بە زۆر شێوەش دروست دەبێت بۆ نموونە:(( کاتێ ڕوخسارو دەم و چاووی مرۆڤێك لە شێوەی گیاندارێك وێنە دەکێشرێت، بە ئیتالی پێی دەڵێن کاریکاتێری بۆ کێشراوە))[3]. هونەری کاریکاتێر، دەربڕینێکی گاڵتەئامێزە، سروش لە ڕووداوێك، هەڵویستێك، بیرۆکەیەك، بابەتێك، یان دیمەنێك وەردەگرێ و لە ڕێی گەورەکردنی عەیب و عار و کەموکوڕی بابەتی مەبەست، وێنەکە دەنەخشێنێ. ئەم هونەرە خاوەن فەلسەفەی کۆمەڵایەتی خۆیەتی، کە بۆن و بەرامەی هونەری مرۆڤایەتی پێدەبەخشێ. ئەمەیش بە مەبەستی پەنجەدانان لە سەر کەمژەیی هێندێ کەس، یان ڕووداو، بەرپەرچدانەوەی زوڵم و زۆریی، بەخشینەوەی زەردەخەنەو پێکەنین بۆ سەر لێوەکان. بە کورتی و کرمانجی، هونەری کاریکاتێر، زەنگ بۆ دیاردە ناشیرینەکانی نێو کۆمەڵگا لێدەدا.[4]

زۆرجاریش وێنەیەکی کاریکاتێری لە سەرجەم ئەو وتارانەی نێو ڕۆژنامەیەك یان گۆڤارێك بەهێزتر و مانا بەخشترە، واتا ئەو چەند هێڵە خوارو خێچە مانایەکی جوان لەخۆ دەگرن، خاسیەتێکی تری وێنەی کاریکاتێر ئەوەیە: کە لە زەینی مرۆڤدا دەمێنێتەوە، نەخوێندەوارانیش تا ئاستێك لێی تێدەگەن، کەڕو لاڵەکانیش

---

١- عومەر دیلان، چەپکێك لەکاریکاتێرەکانی هونەرمەندی جوانەمەرگ (ئەدیبە سمایل مامە)، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٣، ل٣

٢- دەتوانرێت بە هەڵکۆڵین لەسەر تەختە (گرافیك) وێنەی کاریکاتێر بکێشرێت.

٣ - www.dailywritinjtipa.com/character-and-caricature.
Baudelairs ((Aryot PLastiJue))poetic caricature and modernism.jan 1990.

٤- http://shamela.ws/browse.php/book-10540/page-346

لێی حاڵی دەبن و چێژی لێوەردەگرن، هەندێ کاریکاتێریش هەن فکرین و هیچ نووسراوێکیان لەسەر نییەو پێوستییان بە تێڕامان و بیرکردنەوە هەیە بۆ ئەوەی نهێنییەکانی ناوەوەی بخرێتە ڕوو، هەڵبەتە کاریکاتێر وەك لقێکی هونەری یەکێکە لەدیارترین هونەری شێوەکاری، کاریکاتێریستی کورد (عەلی دەروێش) پێیوایە: ((هەندێك کەس بە چاوێکی سوکەوە دەڕواننە هونەری کاریکاتێرو وەکو شتێکی منالآنەی دەبینن!))[١]، دیارە ئەم کەسانە لە بەهای کاریکاتێر نەگەیشتوون، چونکە ئەم هونەرە زۆر گرنگە تەنانەت هەمو وێنە کێشێکیش ناتوانێت ببێتە کاریکاتێریست، واتا ژمارەی وێنە کێشەکان زۆر زیاترن لەچاو کاریکاتێریستان، پێوستە کاریکاتێریست ئاگاداری باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و...بێت بۆئەوەی ئیلهامی هێڵکارییەکانی لەم بابەتانە هەڵبهێنجێت، هەرچەندە هەندێك شێوەکار پێیان وایە، کە تابلۆیەکی شێوەکاری ئیشی زیاتری دەوێ و ماندووبوونی زۆرترە، بەڵام کاریکاتێریست (عەلی دەروێش) لەم بارەیەوە دەڵێ: ((وێنەی کاریکاتێر قورسترە لە شێوەکاری، لەبەرئەوەی کاریکاتێر پێوستی بە بیرۆکەو جوڵە هەیە..))[٢] کاریکاتێریست (بابان مەزهەر) دەڵێ:((کاریکاتێر بوارێکی قورسە مەترسی دارە بۆ ئەوکەسەی کەوا کاریکاتێریستە، قورسییەکەی لەوەدایە دەبێ کاریکاتێریست خوێندنەوەی هەبێ بۆ ڕووداوەکان، خاوەنی ڕۆشنبیری بێ، دەستی ڕەسمی هەبێ، جورئەتی هەبێ و نەترسێ))[٣]شێوەکار(قەرەنی جەمیل) دەڵێ: ((کاریکاتێرو شێوەکاری دوو بەهرەی جیاوازن، من ناتوانم کاریکاتێریست بم، کاریکاتێر بەهرەمەندی خۆی دەوێ ))[٤]ئێمەش پێمان وایە هەمو هونەرەکان

---

١- دیمانەی گرفتار کاکەیی لەگەڵ کاریکاتێریست (عەلی دەروێش)، ١١-٧- ٢٠١٤، Hewal.com

٢- دیدەنی توێژەری ئەم کتێبە لەگەڵ (عەلی دەروێش)ی کاریکاتێریست، ٧/٢٩/ ٢٠١٤.

٣- چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی(NRT)لەگەڵ کاریکاتێریست (بابان مەزهەر)، لە ڕێکەوتی شەوی ٢٠١٤/٨/١٤.

٤- دیدەنی توێژەری ئەم کتێبە لەگەڵ شێوەکار( قەرەنی جەمیل)، ٢٠١٤/٨/١.

گرنگن و کاری جدیش له هەربوارێکدا بێت بەهرە و کارامەیی و بوێری و...ماندووبوونی دەوێ.

له بواری فیلمیشەوە هونەری کاریکاتێر کاری خۆی کردووە، کەسایەتییەکی وەك(چاپلن) [1]كە ((هونەرمەندێکی کۆمیدی ئینگلیزە و تاكە دەرهێنەری فیلمە بێدەنگەکان بوو پێش یەکەمین جەنگی جیهان)).[2] نمایشەکانی چاپلن بە هۆی چاوەوە دەبینرێن، چاو دەبێتە وێستگەی سەرەکی وەرگرتنی نمایشەکان" ئەم جۆرە نمایشانە هەموو میللەتە زمان جیاوازەکانی جیهان لێی تێدەگەن، چونکە دەنگ و قسەیان تێدا نییە، کارەکانی( چاپلن) زیاتر ڕۆیشتن و جموجۆڵی خێرایان لە خۆ گرتبوو، شێوەی شەپقەو جۆری سمێڵ و جەستەشی شێوەی کاریکاتێری هەبوو، زۆر جار کلی لە چاوەکانی دەکردو سمێڵی بچکۆلانە دەکردەوە بۆ ئەوەی سەرنجی بینەران بۆخۆی ڕابکێشێت و چێژ لە جموجۆڵەکانی وەربگرن. هەڵبەتە جەماوەر ڕێز لە ئەکتەری گاڵتەکەر(قۆشمەکەر) دەگرێ، چونکە هەست دەکەن یەکێکە لەوان، بیرۆکەکانی بە ئاسانی دەگەیێنێتە بینەر و ئامانجی خۆی دەپێکێ و بەسادەیی خۆی نمایش دەکات[3]و جۆری هەڵس و کەوتی سەرنج ڕاکێشەو بینەر چێژی لێوەردەگرن و حەزی پێدەکەن. (فکاهە):واتای پێکەنین و گاڵتە و گەمەکەری کاتەکی دەگەیێنێ، بەڵام(سخریە):مانای قەشمەری کردن دەگەیێنێ، جنێو و هێرش بردن و لۆمەی خەڵکی دەگرێتەوە، کە ئەمەش جیاوازییەکی بنچینەیییە[4] هونەری نمایشی گاڵتەجاری لە کاریکاتێر نزیکە، بۆ نموونە کاتێ وێنەی گرتەیەکی کاڵتەجاری دەگیرێت و جۆری جم و جۆڵی جەستەو دەمو چاوی جۆری ئەو

---

١ – چاپلن لە ١٦ ئەپرێل (١٨٨٩) تا ٢٥ دیسەمبەری (١٩٧٧) ژیاوە.

٢– ئاشتی گەرمیانی، چاپلن و ڤان کوخ و دالی لە مۆزەخانەی ئەمستردامدا، ڕ.ڕێگای ئەدەب وهونەر، ژ(٦٠)، ٢٧١١، ل ١

٣– ندوة الفكاهة، مجلة الهلال، عدد آب، ١٩٤٨، ص ١١٣

٤– بوعلي ياسين، بيان الحدبين الهزل والجد، دراسة في أدب النكتة، ط٣، دار المدى للثقافة والنشر، بيروت،٢٠١٣، ص ٣٩

مكياجەی بۆيكراوە، يان جۆری جل و بەرگی ئەكتەرەكە تەواو دێتە نێو كەشێكی كاريكاتێری.

عەلی مەندەلاوی لە بارەی كاريكاتێرەوە دەڵێ: ((كاريكاتێر مەوهيبەيەكی فەنی و ئەدەبييە، بەڵام ئەگەر تەنها مەوهيبە بێ ئەوا بەسەرەتايی دەمێنێتەوە، بۆيە دەبێ گەشەی پێبكەی، هەرچەندە بەهرە زۆر گرنگە، بەڵام كاريكاتێر زانياری گشتی دەوێ))[١] كاريكاتێريست (ڕێناس عارف)دەڵێت:((هونەرمەند دەتوانێ لە ڕێگەی كارتۆنەوە ئازارەكان بكاتە خەندە و بە ئامرازێكی سادە كێشە و مەسەلە گەورەكان گوزارشت بكات))[٢]، كاريكاتێر ڕۆدەچێتە نێو هەموو بوارەكانی ژيان، هەرچەندە هەندێك بيروڕا هەن ئاماژە بەوە دەكەن، كە كاريكاتێر وەك هونەری شێوەكاری فرە ڕێبازو قوتابخانە نييە، بەڵام كاريكاتێريست هەيە خاوەن شێوازی خۆيەتی، لەم بارەيەوە كاريكاتێريست (سالار عەبدوڵڵا)دەڵێت:((هەموو هونەرمەندێك دەبێت جۆرێك لە ستايلی خۆی هەبێت، كە جيايدەكاتەوە لە كەسانی تر، هونەرمەندی بێ ستايل وەك دەنگ خۆش وايە لاسايی گۆرانی بێژانی پێدەكاتەوە، بەڵام ناتوانێت بۆخۆی گۆرانييەك ئامادەبكات))[٣]دكتۆر عەبدولرەحمان بەدەوی بەم شێوەيە باسی ساتيرەكان دەكات: (( ساتور satyrs خزمەتچييەكانی ديونيسوس بوون شێوەو ڕوخساريان خەڵكی هێناوەتە پێكەنين، لە سەر شێوەی ئادەميزاد بوون و ئەندامێكی لەشی ئاژەڵيان پێوەبووە وەك كلكی

---

١ – لقاء مع علي مندلاوي في برنامج (لقاء خاص)، مقدم برنامج (شمعون متى صليوه)، في تلفزيون عشتار بتاريخ ٢٠١١/٥/٢، الساعة (٨/٣٠) مساءً.

٢– ديداری (شۆڕش محەمەد) لەگەڵ (ڕێناس محەمەد)ی كاريكاتێريست، كوردستانی نوێ، ٢٠١٤/٧/١١.ل ٨

٣– ديداری (شۆڕش محەمەد حسێن) لەگەڵ كاريكاتێريست ( سالار عەبدوڵڵا) jwannase.blogspot.com

ئەسپ یاخود قاچی بزن))[١]، لەم دەربڕینانەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، ساتیر پیشاندانی شتێکە لە قالب و شێوازێکی سەیر و سەرنج ڕاکێش، کە زەردەخەنەو پێکەنین بە بینەرانی دەبەخشێت.

((ساتیر کاریکاتێرە بە وشە باس لە بەدڕەوتاری تاك دەکا و ڕووناکی دەخاتە سەر پێوەندییە نە گونجاوەکان))[٢]، ساتیر بە شێوەی گاڵتەو توانجە لەم بارەیەوە میلان کوندێرایش دەڵێت:((ساتیر هونەرێکە لە ڕێی گاڵتەکردن بە بیرو کردەوەی کەسانی ناخ پووتەوە، پەیامی خۆی دەنێرێت))[٣]، زۆر جار چەند زاراوەیەك دەبینین، کە لەژێر چەتری کاریکاتێر کۆدەبنەوە لەوانە: گاڵتە، گەپ، ساتیر، جۆك، نوکتە، تەنز ...لەم زاراوانەدا زۆر جار گاڵتەو گەپ پێکەوەش دەگوترێن، (جۆك)یش بە واتای نوکتە دێت، نوکتەش دەچێتە خانەی گاڵتەو گەپ، [٤]،بەڵام کاریکاتێر ئەم گوتراوانە دەگرێتەوە کە کاریکاتێریستێك بتوانێ بەهێڵکاری بیانکێشێ و خوێنەریش کە دەیخوێنێتەوە وێنەیەکی کاریکاتێری لەزەینی دروست بێت، لە نێو ئەوانەشدا ساتیر بەم شێوەیە تایبەت مەندی نیشاندراوە، ((تەنز بەواتای گەپ، تەشقەڵە، پلار و توانج، لقوز، نقورچك، قورنجك، لەسلێمانی بە لاقرتی و لە خانەقینیش بە تز بەکار دەهێنرێت))[٥]، هەروەها ترانە، تەشەرە، تەوس، حەنەك-ش بەکار دەهێنرێت، وشەی ساتێرا satira-saturaلە زمانی لاتینییەوە هاتووە، کە سەبەتەیەکی پڕ لە میوەجات بووە پێشکەش بە خوداوەندی

---

١ – هۆراس، و. حمید عزیز، هونەری شیعر، چ ٢، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر، ٢٠٠٠،ل٥٣ .


٢ – حەمە سەعید حەسەن، کاریکاتێر بە وشە، چ١، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١١، ل٩

٣ – س.پ.ل ٧

٤ – گۆرانی شاعیر (گەپ)ی بۆ شیعرەکانی بەکارهێناوە.

٥– شاخەوان مەلا محەمەد، ڕۆژنامەگەری تەنز لە هەرێمی کوردستاندا(گۆڤاری سیخوڕمە وەك نموونە)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٤، ل ٥٨

کشتوکاڵ دەکرا، دواتر مانای پلارو ڕەخنەگرتنی وەرگرت[١]((نوکتە تەنیا پشت بە گاڵتە دەبەستێت، بەڵام ساتیر لەسەر بناغەی گاڵتەو بەزەیی ڕۆدەنرێت. پیاوێکی پیر کە بەشێوەیەکی ناشیرین قژی بۆیە کردبێتەوە، لە نوکتەدا مایەی پێکەنینە، لە ساتیردا، جێی پێکەنین و بەزەیی پێهاتنەوەیە))[٢]، هەرچەندە ئەم زاراوەیە لە بنەڕەتدا بۆ خۆشی بەخشین بووە، بەڵام بیرۆکەی بەکارهێنانی شتی هەزەلی لە سەردەمی یۆنانییەکاندا هەبووە، ((ساتیر: مانای نێرییە کێوی ئەفسانەیی دەگەیێنێ و ئێستاکە بە مانای گاڵتەجاریی قۆشمەو (هەزەلی) بەکار دەهێنرێ... ناوەکەش لەوەوە هاتووە، کە ئەندامانی کۆرس کاتی خۆی لە جەژنەکانی دیونسوس (باخوس)ی خواوەندی مەیدا کەوڵی نێرییە کێوی ئەفسانەییان لەبەر کردووە و لەمەوە ئەو ناوەیان بەسەردابڕیوە ... ))[٣] سەبارەت بە کۆمیدیا(( خەڵکی ساکار پێیان وایە، کۆمیدیا، پەیوەندی بە ئازارەوە نییە، وەلێ ساتیر لەو دیو هەر قاقای پێکەنینێکەوە، قولپی گریانێك خۆی مات داوە))[٤] کاریکاتێریستێك دەتوانێ لە نواندنێکی کۆمیدی چەند هێڵکارییەك و نووسینێك گوزارشتەکان بخاتەڕوو.




**((هێڵکاری هەندێك لەشێوازەکانی کاریکاتێر))**

---

١- جبار أحمد حسێن، بنیاتی ساتیرا لە کورتە چیرۆکی کوردیدا، کوردستان- عێراق، ١٩٧٠-١٩٩٠، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٠،ل٢٣

٢ - س.پ.ل٩

٣- هۆراس، و. حمید عزیز، هونەری شیعر، ل٥٣.

٤ - س.پ.ل٨

## ٢- زمانی کاریکاتێر

زمان هۆکاری دەربڕینە، واتا ئەو شتەی لە ناخی مرۆڤدا هەیە بە وشە و ڕستە دەردەبڕدرێ، ئەمە مانا بنەچەکەیەتی، بەڵام کە دەڵێین زمانی کەڕولاڵ خۆ هەمووومان دەزانین ئەو زمانە پشت بە وشە و دەربڕن نابەستێ، بەڵکو هۆکارێکی دیکە لە بری وشەو ڕستە دەدۆزێتەوە بۆ گوزارشت کردنی لەو شتەی کە لەناخی دایە، ئەویش بە هۆی زمانی جەستە دەردەبڕدرێ، یان کە دەڵێین زمانی ڕەنگ واتا: لە ڕێی بینینەوە ڕاڤەی تابلۆیەك دەکەین، یان کە دەڵێین زمانی مۆسیقا، مەبەست لەو نۆتانەیە کە نووسراونەتەوە و زمانێکی تایبەتیان هەیە بۆ خوێندنەوە، یان کە گوێ لە میوزیك دەگرین هەست دەکەین ئەمەش جۆرە زمانێکە و لێی تێدەگەین و ڕاڤەی دەکەین، کاتێ سەیری پەیکەرێك یان تابلۆیەکی هونەری دەکەین مەنەلۆجی ناوەکی لەگەڵ خۆمان دەکەین، هەست دەکەین ئەم تابلۆیە قسەدەکات و شتمان پێدەڵێت، بەم ئەندازەیەش کاریکاتێر زمانی خۆی هەیە بۆ دەربڕین، زمانەکەی ئەم هێڵکاری و وێنانەیە کە مانا دەبەخشن، زمانی کاریکاتێر زمانێکی گاڵتە ئامێزە، وێنە کاریکاتێرییەکان قسەدەکەن، کە سەیری نیگارێکی کاریکاتێر دەکەین، وەك ئەوە وایە وتارێك یان بابەتێك دەخوێنینەوە، چونکە لەکاتی سەیرکردنی نیگارەکە دەتوانین قسەی لەسەر بکەین، لەم بارەوە هەنەرمەندی کاریکاتێریستی عەرەبی ناسراو:(عماد حجاج) کە لە ڕۆژنامەی (القدس العربي)دا لە لەندەن کاردەکات، دەڵێ:(( خاڵی سەرەکی هونەری کاریکاتێر، پێکەنینە، مرۆڤ وەك گیاندارێکی ئاخێوەر باسدەکرێت، وەلێ ئەم گیاندارە قسەکەرە، خەسڵەت و توانای پێکەنینیشی هەیە، پێکەنین ڕووبەرێکی گەورە لە ژیانیدا داگیردەکا))[1].

---

١- http://www.aljazeera.net/programs/withoutbounds/2005/3/12 (عماد حجاج)

مروڤـ ناتوانی بۆ هه‌میشه‌ هه‌موو شته‌كان به‌وپه‌ڕی واقیعییه‌وه‌ وه‌ربگرێ. ئه‌وه‌ ده‌خوازێ ناوه‌ ناوه‌ ئه‌و واقیعه‌ به‌ گاڵته‌ و گاڵته‌جاری تێكه‌ڵ كه‌ین و شتێكی خۆشی تازه‌ بابه‌تی لێهه‌ڵشێلین و وه‌ك كێكێكی به‌ تام و له‌زه‌ت پێشكه‌شی بكه‌ین. كاریكاتێر هونه‌ری جه‌ماوه‌ره‌ و مه‌رجیشه‌ تا ئه‌وپه‌ڕیی ساده‌یی و خاكی و ته‌وازوعی تێدا بێت. چوون كاریكاتێر (هونه‌ری شه‌قامه‌). له‌ وزه‌شی داهه‌یه‌ ئه‌و شه‌قامه‌ بهه‌ژێنێ. چوون كاری ئه‌و هاندان و هه‌ژاندنه‌[١] . هاندان و هه‌ژاندنه‌كه‌شی له‌ڕێی بینینه‌وه‌ هه‌ست پێده‌كرێ، به‌زمانێكی ساده‌ و كاریگه‌ر ده‌دوێ، كاریكاتێریست (محه‌مه‌د ڕۆسته‌مزاده‌- نامۆ) ده‌ڵێ:((به‌ بڕوای من مرۆڤی كاریكاتێریست ڕوناكبیر- فه‌لسه‌فی سیاسییه‌، كه‌ له‌ جیاتی ئه‌وه‌ی بنووسێت و قسه‌بكات، بۆده‌ربڕینی بۆچوونه‌كانی سوود له‌ هونه‌ری نیگار كێشان وه‌رده‌گرێت))[٢] ،واتا كاریكاتێر زمانێكی تره‌ بۆ ده‌ربڕین.

كاریكاتێریست (ڕێناس عارف)[٣] ده‌ڵێت:((قسه‌كردن له‌سه‌ر كێشه‌ بنه‌ڕه‌تییه‌كانی ناو كۆمه‌ڵگه‌ به‌ شێوه‌یه‌كی ساده‌، یا به‌ پێچه‌وانه‌وه‌ گه‌وره‌كردنی ئه‌و كێشانه‌ی كه‌ هه‌ندێ جار به‌ ساده‌یی به‌لاماندا تێده‌په‌ڕن... ئاماژه‌ش به‌وه‌ ده‌كا كه‌ یه‌كه‌م هه‌نگاوی ڕاپه‌ڕین و خۆپیشاندان به‌ كاریكاتێر و ساتیر ده‌ست پێده‌كا))[٤]،چونكه‌ كاریكاتێر زمانێكی جه‌ماوه‌ری هه‌یه‌ زمانێك هه‌مو چین و توێژێك لێی تێده‌گه‌ن. یه‌كێك له‌ كێشه‌كانی كاریكاتێریستان دۆزینه‌وه‌ی بابه‌ته‌،

---

١- سه‌رچاوه‌ی پێشوو.

٢- دیده‌نی توێژه‌ری ئه‌م كتێبه‌ له‌ گه‌ڵ كاریكاتێریست و شێوه‌كار (محه‌مه‌د ڕۆسته‌م زاده‌- نامۆ)، ٢٠١٤/٨/٣.

٣- ڕێناس عارف جۆره‌كانی كاریكاتێر به‌م شێوه‌یه‌ دابه‌ش ده‌كات: كارتۆنی ڕۆژنامه‌وانی/ Editorial cartoon/ كارتۆنی فێركاری ئیلوستره‌یشن Lilustration/ ستریپ یان چیرۆكی وێنه‌یی دواتر په‌ره‌یسه‌ند بۆ فیلمی كارتۆن و ئه‌نیمه‌یشن/ كارتۆنی شه‌خسی/ كارتۆنی گاڵته‌ئامێز Gaqcrtoon.

٤- سه‌رچاوه‌ی پێشوو.

هەندێ کاریکاتێریست بۆ دۆزینەوی بابەتێك لەبری ئەوەی پشت بە بیرکردنەوەی خۆیان ببەستن پەنا دەبەنە بەر بەرهەمی هونەرمەندانی تر بێئەوەی گۆڕانکاری بەسەر بیرۆکەکە دابێنن ئەمەش دەبێتە دزی [1]،چونکە کاریگەری جیاوازە لە دزی، هونەرمەند دەتوانێ کاریگەر بێ بە هونەرمەندێکی دیکە، بەڵام نابێ کۆپی ئەو بێ، چونکە نیگاری کاریکاتێر وەك شیعر وایە، وەك چۆن وێنەو بیرۆکەی شیعرێك تایبەت دەبێت بە خاوەنەکەی، هەڵبەتە بوونی دیاردەیەك وادەکا کاریکاتێریستان لەدەوری بابەتێك بخولێنەوە، بەڵام هەر هونەرمەندە و شێواز و جیهانبینی خۆی دەبێ بۆ خوێندنەوەی بار و دۆخەکان.((ئەردەشێری ڕۆستەمی، نیگار کێشێکی ئێرانییە، کاریکاتێرەکانی لە نێوان شیعر و تابلۆیەکدا دێن و دەچن. هەر کاریکاتێرێکی یەك پارچە شیعرە.))[2]

کاریکاتێریستێك ئەگەر لە هێڵکاری پۆرترێتدا سەلیقەیەکی باشی بەدەست هێنا هیچ تێگەیشتنێکی کۆمەڵایەتی و سیاسیشی نەبێت، بەڵام کاریکاتێریست سەربارەی سەلیقەی لەم بوارەدا دەبێت وەکو سیاسەت مەدارێك[3]، کۆمەڵ ناسێك، دەروونناسێك، لە مەسەلە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بگا.[4] کاریکاتێری سیاسی قورسترین و پڕکێشەترین جۆریانە، ئەوانەی کاریکاتێری ڕوخساری دەکێشن دەتوانن ڕۆژنامەش نەخوێننەوە و هەر کاریکاتێریستیش بن، بەڵام کاریکاتێریستی بواری تەنزی کۆمەڵایەتی و سیاسی کە نە خوێنێتەوە نابێتە هونەرمەندێکی

---

١– زمانی کاریکاتێر، وەرگێڕانی لە فارسییەوە بۆ کوردی (ئاکۆ غەریب)، چاپی یەکەم، چاپخانەی خاك، سلێمانی، ١٩٩٩. ل٢٨

٢ – د. فەرهاد پیربالّ، مێژووی هونەری کاریکاتێر لە کوردستاندا، ل٦٣

٣– (هربرت لانس بلاك) لە ساڵی ١٩٠٩ لە شیکاغۆ لەدایك بووە و کاریکاتێریستێکی سیاسی ئەمریکایە، ماوەیەك ڕابەری کاریکاتێریستە ناسراوەکانی ئەمریکا بووە– خەڵاتەکانی (پولیتزر) ساڵانی ١٩٤٢و ١٩٥٤ وەکو باشترین کاریکاتێری سیاسی پێ بەخشرا. زمانی کاریکاتێر، و. ئاکۆ غەریب، ل١٥٣

٤-سەرچاوەی پێشوو ل ٣٦–٣٧

چالاك!،هەرچەندە لە هێكاریشدا سەلیقەیەكی زۆری هەبێت.[١] زمانی كاریكاتێری سیاسی زمانێكی پڕ مەعریفەیە خوێندنەوەی هەڵوێستێكە بە وێنە. ((چارلس ئادەمزە خولقێنەری دونیای پڕترس و بیم بوو، زیاتر لە كاریكاتێرەكانیدا ترس بەرجەستە دەكات، ساتە مەرگ هێنەرەكان و ئەو ڕووداوانەی باوەڕ ناكرێن ڕووبدەن))[٢]، هەڵبەتە كلتوور و ئایین و باری كۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری...كار دەكەنە سەر زمانی كاریكاتێرستان، كاریكاتێری عەرەب لەڕووی فۆڕمەوە جل و بەرگی قەومیان لەبەردایە شێوەی ڕوخسار و ڕیش و سمێڵ و چەفتەو عەگال... كاریكاتێری عەرەب بەتەواوەتی عەرەبییە، لەبەر ئەوە كاریكاتێرەكانی(ناجی)، ناسنامەی عەرەبییان وەرگرتووە، هەروەها كارەكانی (الزەواری)لە لیبیاو (یاسین ئەلخەلیل) لە سوریا بەهەمان شێوە میللین و قەومیشن، مەسەلەی نەوت بووە بە سمبولێكی ئاشكرا لە كاریكاتێری عەرەبیدا.[٣] یاسین ئەلخەلیل لەساڵی ١٩٦٤ لە دیمەشق هاتۆتە دنیاوە لە گەڵ ڕۆژنامە عەرەبییەكاندا: العرب- چاپی قەتەر، السفیر- لوبنان، العهد- لوبنان، المستقله- لەندەن، الوطن- عمان، كاری كردووە، سەهیۆنییەت سەرچاوەی سەرەكی كاریكاتێرەكانییەتی، زیاتر بە ڕەش و سپی ئیش دەكات و دەنگێكی وەسواسی تایبەتی خۆی هەیە، كارەكانی زۆر وابەستە بە مەبەستە ئەو ناوی (زفت- قیر) بۆ ئەلبومێكی وێنەكانی هەڵبژاردووە، سیمبولی ڕەش بە تەنزی ئەو سەرجەم ناوچەكانی خۆرهەڵات و نیشتمانی عەرەبی گرتۆتەوە و هەموویان بۆنی ئەم مادە ڕەشەیان لێدێ، جیهانبینی كاریكاتێریستیش لەو شوێنەی تێدادەژی سەرچاوە دەگرێ.[٤]

---

١- سەرچاوەی پێشوو ل ٣٧-٣٨

٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤.

٣-سەرچاوەی پێشوو، ل٦٤.

٤-سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦.

((پیکاسۆ کۆمیدیای هەزەلیاتی هێنایە ناو هونەرێکی جدییەوە، ئەگەر کەسێکی تر جگە لە پیکاسۆ ئەم گاڵتە سادە و ساکارەی بکردایە، زوو لەبیر دەچووەوە، بەڵام شوێنی هونەری پیکاسۆ و جورئەتەکەی بۆ ژێر پێ خستنی پێوانە باوەکانی ئیستاتیکا بووە هۆی ئەوەی بە چەکە پشتگوێ خراوەکان، پێکهاتەیەکی نوێ بهێنێتە بوونەوە و بەم کارە ئێمەی تووشی سەرسوڕمان کرد))[١]، چونکە کاریکاتێر بەدوای گەورەکردن و شێواندنی ئەندامی جەستەی مرۆڤ، یان شێواندنی شتەکاندا دەگەڕێ، لەوێوە مەرامی خۆی دەپێکێ.

ساروخان[٢] داهێنانی لە وێنەی دەم و چاو و دەرخستنی کەم و کوڕییە هەستی و ئەندامییەمانیدا کردووە، زۆر شتی ناشیرینی لە پشتەوە دەشاردەوە، پشتی بە گۆڕینی دەم و چاو دەبەست، چاوی لە شوێنی خۆی هەڵدەکەند بۆ ئەوەی لە پشتی

---

١- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٧.

٢- هونەرمەند ساروخان بە دامەزرێنەری هونەری کاریکاتێر لە میسر دەژمێردرێت، توانی لەبواری کاریکاتێردا سەبکی خۆی لە نێوان قوتابخانە ئەوروپی و ئەمریکییەکاندا کۆ بکاتەوە، دوای ئەو هونەرمەندی کاریکاتێری عەرەبی (رخا)و هونەرمەند (عەبدولسەمیع)و هەندێ هونەرمەندی دیکەش هاتن.

ساروخان هونەرمەندێکی گەورەیە لە یەکەمین دامەزرێنەرانی هونەری کاریکاتێری ڕۆژهەڵاتە بە شێوەیەکی گشتی و وڵاتی میسر بە تایبەتی دێتە ئەژمار. ئەم هونەرمەندە ئەرمەنییە لە یەکی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٨٩٨ لە گوندی ئەردانوش، کە یەکێکە لە گوندەکانی قەفقاز لەدایك بووە، لە ساڵی ١/١/ ١٩٧٧ لە قاهیرە کۆچی دوایی کردووە. بەپێی ئاماری حکومەتی میسر ساڵی ١٩٠٧ گەیشتووە نزیکەی ٧٨٠٠ ئەرمەنی کۆچی بە کۆمەڵی ئەرمەنییەکان زیاتر دوای ڕەشە کوژی ئەرمەنی ترسناك پەرەی سەند لە ساڵی ١٩٠٩ کە ژمارەی ئەو کەسانەی گەیشتنە میسر نزیکەی دوو هەزار دەبوون، لە ساڵی ١٩١٧ ژمارەی ئەرمەنییەکان دەگەیشتە نزیکەی ١٧٠٠ دابەش ببونە سەر قاهیرە و ئەسکەندەرییە و زەقازیق و جیزە و تەنتا و ئەسیوت لە زۆری دەزگا و بوارەکاندا کاریان دەکرد. بڕوانە:(زمانی کاریکاتێر، وەرگێرانی ئاکۆ غەریب،ل٢٠).

سەرییەوە دایبنێ[(١)] ساروخان خوویەکی تایبەتی هەبووە و لە جێ بەجێ کردنی وێنە کاریکاتێرییەکانیدا، ئەو لە کاتی خوێندنەوەدا یان گوێ لە ڕادیۆ گرتنی، یان لە کاتی وێنە کێشاندا بیرۆکەیەکی بۆ دەهات لەسەر پارچە کاغەزێك دەینووسییەوە، ئەگینا لەبیری دەچووەوە، هەروەها دەگێڕێتەوە دوای ئەوەی دادەنیشێت بۆ ئەوەی دووبارە بە بیرۆکەکەیدا بچێتەوە کەوا ڕەنگە بیرۆکەیەکی تازەی بۆ ڕابکێشێت.[(٢)] واتە وێنەی کاریکاتێریش وەك شیعر ئیلهام و بیرۆکەی دەوێ، ئینجا لە ڕێی زمانی نیگار کێشان و ڕەنگەوە بیرۆکەکان دەنووسرێنەوە. (((جۆرج مارکیز تانشند) ١٧٢٤-١٨٠٧ یەکێك لە کۆنترین کاریکاتێریستە سیاسییەکانی ئنگلتەرایە، کە لەڕاستیدا ناوی (ویسکانتی چوارەم) و مارکۆسی یەکەم بوو. بە گوتەی (ڤالپول) ئەو یەکەم کەسێکە لە ئنگلتەرا ڕوخساری کەسییەتییە سیاسییەکانی بە کاریکاتێر کێشا بێت. هێڵکارییەکانی ئەو بە خاڵبەندی سادە و چنینی هێڵەکان بە شێوەی چنینی حەسیری ئەوەی دەردەخست کە لەژێر کاریگەریەتی کاری ئیتالیاییەکانی وەکو (زانتی) و(گزی)بێت))[(٣)]، بەڵام توانیویەتی شێوازێك و زمانێکی تایبەتی بۆ خۆی بدۆزێتەوە. کاریکاتێر هێندە خێرا بڵاودەبێتەوە و شەیدایانی زۆرن، فەیس بوك باشترین هۆکارە کاریکاتێریست دەتوانێت ڕۆژانە کارە هونەرییەکانی خۆی بڵاوبکاتەوە، کاریکاتێریست (لوئەی مەتێ کۆیی) لەسەر (واید بۆرد) وێنەکانی دەکێشێت و دواتر بەکامیرا وێنەکە دەگرێت و بڵاوی دەکاتەوە، ئەمەش شێوازێکی تایبەتی خۆیتی، واتا هونەرمەندی کاریکاتێریست دەتوانێت زۆر خێرا بابەتەکانی بڵاوبکاتەوە، دیارە کاریکاتێر بە شێوە زمانێك دەدوێت لەفەیس بوك و لەڕۆژنامەو گۆڤارەکان بینەرێکی زۆر سەیری

---

١- د. مروان ئەلخەتیب، ساروخان، وەرگێڕانی: گرفتار کاکەیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئارابخا، کەرکوك، ٢٠١١، ل٨٤

٢- سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٣

٣- زمانی کاریکاتێر، وەرگێڕانی ئاکۆ غەریب، ل١٣٥.

دەکەن، کاریکاتێریست محەمەد ڕۆستەم زادە (نامۆ) سەبارەت بەزمانی کاریکاتێر دەڵێ:((کاریکاتێر، یان کارتۆن، زمانێکی ڕەخنەی نوێ و زبری هونەرییە، لقێکە لە هونەری نیگارکێشان، کە هاوڕێ لەگەڵ گەشەی شارستانییەت و ڕاگەیاندن لە ڕێگەی تەور و توانج و تەشەرەوە پەیامەکەی خۆی بە بینەرانی دەگەێنێ، بە سوود وەرگرتنی هونەرمەند لە تەکنیکی دیفۆرسیۆن (تێکدانی فۆرم) ))[١]هەروەها (بۆتان ناڵەیی) دەڵێ:((کاریکاتێر بریتییە لە زمانێك کە گوزارشت لە دیاردە جیاجیاکانی کۆمەڵگە جیاوازەکان دەکا، لەسەر بنەمای توانج و ڕەخنە، کە ئامانج تێیدا پیشاندانی دیاردە دزێوەکانە لە وێنەی کاریکاتێری و دەقی نووسراوی تەنز ئامێزدا))[٢]زمانی کاریکاتێر لە شیعردا، شاعیر لە جیاتی ئەوەی بە هێڵ و ڕەنگ وێنە کاریکاتێرییەکە بخاتە ڕوو، بە وشە و دەربڕین وێنەکە دەکێشێت بەشێوەیەك کە خوێنەر لە زەینی خۆی وێنە کاریکاتێرییەکەی لا دروست دەبێت، کاریکاتێریستێکیش دەتوانێ وشەکان بگۆڕێتەوە بە وێنە، واتا هەمان بیرۆکە بە زمانی هێڵ و ڕەنگ بیخاتە ڕوو، کەواتا زمانی کاریکاتێر هەمو کەسێك ناتوانێ پێی بدوێ، بەڵام زۆربەی کەسەکان لێی تێدەگەن، کە وتمان زمان، دەشێ بەم زمانە شتی باش و شتی خراپیش بگوترێ، زۆر جار دەبینن کاریکاتێر دژی میلەتی کورد بڵاودەبێتەوە، واتا دوژمنەکانمان زمانی کاریکاتێریش بەکاردەهێنن بۆ دژایەتی کردنمان.

## ٣- مێژووی کاریکاتێر لە جیهاندا

هونەری نیگارکێشان مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە. یەکەمین بەرهەمەکانی پێش مێژوو تا ئێستا دۆزرابێتەوە(( دەگەڕێتەوە بۆ (٣٠٠٠٠) تا (٢٥٠٠٠)پ.ز. ،کە

---

١– دیدەنی توێژەر لەگەڵ کاریکاتێریست و مامۆستای زانکۆ محەمەد ڕۆستەم زادە(نامۆ)، یەکشەم،٢٠١٤/٩/١٤.

٢-دیدەنی توێژەری ئەم کتێبە لەگەڵ هونەرمەند (بۆتان ناڵەیی)، هەولێر، ٢٠١٤/٩/٢٢.

یەکێك لەوانە بریتییە لە پەیکەری ژنێك (١١)سم بەرزییەتی لە(ویلندۆرت) لە نەمسا دۆزراوەتەوە))[١]، هەروەها کاریکاتێریش مێژوویەکی کۆنی هەیەو(( دەگوترێ قابیل وێنەی کاریکاتێری کێشاوە، بەڵام نەك لە سەر کاغەز، بەڵکو لاسایی جموجۆڵی هابیلی برای کردووە، بە بەردەوامی لاسایی براکەی دەکردەوەو گاڵتەی پێدەکرد، بەڵام یەکەم وێنەی کاریکاتێری ئەو وێنەیەیە کە تەیرێك بە پەیژە بۆ سەر درەختێك سەردەکەوێت، ئەمە کۆنترین وێنەی کاریکاتێرییە، کە پێنج هەزار ساڵ بەر لە ئێستا لەسەر کاغەزی بەردی وێنەی کێشراوە و لە میسر دۆزراوەتەوە، بەو وێنەیە دەردەکەوێت مسرییە کۆنەکان یەکەم وڵات بووینە وێنەی کاریکاتێرییان کێشاوە))[٢].

جگە لەم وێنانە زۆر وێنەی دیکە لە میسر دۆزراونەتەوە، کە لە سەر دیواری ئەشکەوتەکان کراون وێنەی کاریکاتێرین، هەروەها لەسەر قوڕی سوورکراوە، یان بەردەڕەق چەند وێنەیەکی تری کاریکاتێری دۆزراونەتەوە، کە مێژووەکەیان بۆ(١٢٥٠)ساڵ پێش زاین دەگەڕێتەوە، یەکێ لەوانە وێنەی (گورگ)ێکە کە بووە بە شوانی بزنان، یان (ڕێوی)یەکیان کردووە بووە بە پاسەوانی کۆمەڵە قازێك، لە فۆلکلۆری کوردیشدا دەگوترێ:(گورك بۆتە شوانی مەڕان).

((کاریکاتێر[٣])هونەرێکی دێرینە و هەر لە کۆنەوە هەبووە، لەو کاتەی کە لە سەر دیواری ئەشکەوت و بنگەوەڕی شاخەکاندا وێنەیان هەڵکۆڵیوە، وێنەی کاریکاتێریشیان تێدابووە، کە باس لە ژیانی ئەوسا و پیشاندانی دیمەنی تەنزئامێزی لەخۆگرتووە، بەڵام وەك هونەر و گەشەکردن و هاتنە سەر تابلۆ ئەوا

---

١- فەرهاد پیرباڵ(د.)، مێژووی هونەری شێوەکاری لەکوردستاندا- لە کۆنەوە تاپەنجاکان، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر،٢٠٠٦، ل٨

٢- عزیز علی، تاریخ کاریکاتیر، موقیع و منتدیات المفتاح www.almooftah.com\vblshowwtnvead.php?t=40، لە ٢٠١٠/١٠/١٢وەرم گرتووە.

٣ - کاراکۆز: ئەم جۆرە کاریکاتێرەش وێنەکان دەجوڵێنەوە و حیکایەت دەگێڕنەوە

کەم و زۆر هەوڵی تاکەکەسی هەبووە لەم بوارەدا.))[1] کاریکاتێر هەر تەنها لە نیگارکێشاندا نییە، بەڵکو لە هونەری پەیکەر تاشیش ئامادەیی هەیە (( بۆبالۆس و ئەتینس لە بەناوبانگترین پەیکەر تاشەکانی یۆنانی بوون پەیکەرێکیان بۆ شاعیر (دەمیم ئەیبوتاکس) دروستکرد کە شێوەیەکی پێکەنیناوی هەبوو.))[2]

هونەری کاریکاتێر لە سەدەی حەڤدەهەمەوە لە ئیتاڵیا دەستی بە گەشەکردن کردووە بە هەوڵی هەردوو هونەرمەندی ئیتالّی(( ئیگۆسینۆکارچی و چیوفانی دێرنیی، بەڵام بەهۆی نالەباری بار و دۆخ و هەلّ و مەرجی سیاسی ئەوسای ئیتالیا هونەری کاریکاتێر نەیتوانی بە شێوەیەکی پێویست جموجۆڵی هەبێت و پەرە بسێنێت، بۆیە لە کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەهەمەوە بە هۆی بوونی ئازادی ڕۆژنامەوانی لە هۆڵەندا، بە هۆی کۆبوونەوەی کۆمەڵەی نیگارکێشان و هونەرمەندانی ئەم وڵاتە بوو بە گۆڕەپانی چالاکی کاریکاتێریستان.))[3] لە شارستانییەتەکانی نێوان (دووزێ)دا وێنەی کاریکاتێری دۆزراوەتەوە، تابلۆی (المسنین)[4] ی لیوناردۆ دافینشی تابلۆیەکی کاریکاتێرییە، کە وێنەی لووت و چاو و سەرکوڵمەکانی زۆر بەگەورەیی و بەزەقی کێشاون، لەسەردەمی ڕێنیسانسدا دافینشی بە هەوێنی خولّقاندنی کاریکاتێر دادەنرێت.

(مارتن لوثر)یش لە ئەڵمانیا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بە بڵاو کردنەوەی کاریکاتێر بانگەوازی ئایینی و بیرو بۆچونەکانی ناوبانگی دەرکردووە، (بن جامین فرانکلین)ی ئەمریکی وێنەی مارێکی لەت لەتکراوی کردو هەر لەتەی وێنەی

---

١- هاوژین صلیوە، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعرەکانی (شێرکۆ بێکەس)دا، چ١، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل١٤٧.

٢- تاریخ کاریکاتیر مع أبرز فنانین من الکاریکاتیر، vb3ltt2836-2htmlwww.liilas.com شبکة لیلاس للثقافة، لە ٢٠١٠/١٠/١٢ وەرم گرتووە.

٣ – هەڤپەیڤین (گ.کاروان)، عیماد ئەحمەد، کاریکاتێری کوردی و هونەری کاریکاتێر لەدیدی بەمۆی کاریکاتێریستەوە، گ .کاروان، ژ١٦٠، ل٧٢ .

٤ – واتا بە ساڵاچوون.

ویلایەتێکی ئەمریکای لەسەر نووسی، وێنەکێشی فەرەنسی( دۆمیا) لەسەر وێنەکانی سزادراو بەند کرا[1]، چونکە وێنەی کاریکاتێری لەسەر دادوەرەکان دەکرد، کە ئەو کات پارە و ڕەشوەیان(بەرتیلیان) لە خەڵك وەردەگرت [2].یەکەمین وێنەکێشی هونەری کاریکاتێر،(ئەنیبال کاراکش) بوو لە ساڵی (١٥٦٠-١٦٠٩) لە ئیتاڵیا بەدەرکەوت. یەکەمین وێنەی گاڵتەئامێزیش بە دەستی هونەرمەندی ئیتاڵی (جیوفانی لوپر لوزتر دنیتی) بوو لە ساڵی ( ١٥٩٨-١٦٨٠). ((شۆڕشی فەرەنسا لە ساڵی ١٧٨٩ کە بووە هۆی سەرهەڵدانی لیبرالیزم و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و ئازادی ڕا دەربڕین و تەکانێکی گەورەی بەم هونەرە دا))[3]بەڵام گەشەسەندنی ئەم هونەرە لە ڕاستیدا لە سەر دەستی هەنەرمەندی فەرەنسی[4] (شارل فیلیبیون) لە ساڵی (١٩٢٣) و لەسەر دەستی ئەویش وا بڵاو بۆوە. نابێ

---

١- هونەری کاریکاتێر زۆر جار کێشەی گەورە دەنێتەوە و تا دەگاتە ئەوەی هەڕەشەی دەربەدەرکردن، یا کوشتنی کاریکاتێریستەکەی لێبکەوێتەوە، بۆنموونە (ئەحمەد ڕوبەیعی)کاریکاتێریستێکی عەرەبە وێنەی (عەلی خامەنەیی)تارانی کێشا" هەرایەکی گەورەی لێکەوتەو دەستەڵاتی شیعەی لەبەغدا تووڕەکرد و لەترسان ڕای کردە هەولێر و لەساڵی (٢٠١٤)لە هەولێر کۆچی دوایی کرد. لەو بەسەرهاتەی کەبەسەر هونەرمەندی درەوشاوەی میسری (رخا)دا هات کەوا جارێکیان چوار ساڵ لەتەمەنیدا زیندانی کرا، چونکە ئەم وێنە کاریکاتێرییەی مەلیك فوئادی توڕەکرد. لە ١/١٧/ ٢٠١٥ هێرش کرایە سەر هەفتەنامەی Charlie Hebdo(شارلی ئیبدۆ)لەپاریسی پایتەختی فەڕەنسا، چونکە وێنەی پەیامبەری ئیسلامیان بە کاریکاتێر کێشابوو، دوو چەکدار هێرشیان کردوو دوازدە کەسیان کوشت و بۆماوەی چەند ڕۆژێك پشێوی کەوتە پاریس...

٢-عزیز علي، تاریخ کاریکاتیر، موقیع و منتدیات المفتاح www.almooftah.com vblshowwtnvead.php?t=40 لە ٢٠١٠/١٠/١٢وەرم گرتووە.

٣ – د. فەرهاد پیربال، مێژووی هونەری کاریکاتێر لە کوردستاندا، ل٢٣

٤- جام ١٨٧٩-١٨١٩ لە پاریس لە دایك بووە کاریکاتێریستێکی بەناوبانگی فەرەنسایە.

ئەوەش فەرامۆش بکرێت، کە کاریکاتێر لە سەرەتادا تەنیا بریتی بوو لە وێنەیەك و پلارێکی نوکتە ئامێز و هونەری کەم تێدابوو.[1]

یەکەم ڕۆژنامەی هەزەلی ڕەخنەگرانە لە ساڵی (١٨٧٧) لە قاهیرە[2] لەسەر دەستی (یەعقوب صەنوع)[3] دەرچوو، صەنوع لەگەڵ جەمالەدین ئەفغانی و شێخ محەمەد عەبدە ڕێکەوت لەسەر دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی عەرەبی هەزەلی بۆ ڕەخنەگرتن لە کارەکانی خدێوی ئیسماعیل، ئەفغانی بە(صەنوع)ی گوتبوو، ناوێکی گونجاوی بۆ بدۆزێتەوە، کاتێ (صەنوع) لەماڵی خۆی هاتە دەرەوە بینی چەند جوتیارێك کۆبوونەتەوە و دەیانەوێ سواری کەرێك بن، کاتێ تێکڕا دەورەیاندا، صەنوع کوێی لە دەنگێك بوو، هاواری کرد( ئەی خاوەن چاویلکەی شین)، کاتێ گوێی لەم دەنگە بوو بیرۆکەیەکی بۆهات و پێی باش بوو ئەم ڕستەیە بکات بە ناونیشانی ڕۆژنامەکە، دواتر ناونیشانەکەی گۆڕی و والێکرد (أبی نظارة زرقاء)(باوکی چاویلکەی شین)،کاتێکیش کە کەڕایەوە بۆلای جەمالەدین ئەفعانی

---

١– http://shamela.ws/browse.php/book-10540/page-346

٢– ناوی چەند کاریکاتێریستێکی ناسراوی میسر: بەهجەت عوسمان، ئەحمەد حیجازی، مستەفا حسین، زهدی العدوي، نبیل السلمی، حسن حاکم، برني.

٣ – ناوی (( یەعقوب کوڕی ڕوفائیلی کوڕی صەنوع )ە لە ٩ی شوباتی (١٨٣٩) لە قاهیرە لە خێزانێکی یەهوودی لەدایکبووە، باوکی موستەشار بوو لای ئەمیر (ئەحمەد پاشای یەکن)، کە کوڕی کوڕی محەمەد عەلی پاشابوو، لەسەر ئەرکی شازادە ( ئەحمەد ) نێردرا بۆ ئەوروپا بۆ ئەوەی زانستە هاوچەرخەکان بخوێنێ،دواتر چووە ئیتالیاو دوای سێ ساڵ گەڕایەوە، لە ساڵی (١٨٧٠) بەهۆی خدێوی ئیسماعیل یەکەم شانۆگەری عەرەبی لە قاهیرە دامەزراند، خدێوی ئیسماعیل نازناوی مۆلێری میسری پێبەخشی، سەبارەت بە ڕۆژنامەکەش ئەوا خدێوی ئیسماعیل ئەمری کردو دایخست( صەنوع )یش شاربەدەرکرا، بەڵام دواتر نازناوی سەیدی گاڵتە پێکردنی پێبەخشرا )) بڕوانە:د. محمد خضر سالم، الاتجاهات السیاسیة للکاریکاتیر في جدیدة الشرق الأوسط، لەڕێکەوتی ٢٠١٢/٩/١ وەرم گرتووە، www.dohsha.comloid/ viewor ticle.pnp?idz 32183

و باسی ڕووداوی كه‌ره‌كه‌ی كرد، ئه‌فعانی پێكه‌نی به‌م شێوه‌یه‌ ئه‌م ناوه‌ی لێنرا[١]، یه‌كێك له‌ سه‌ركه‌وتووترین بلاوكراوه‌ی كاریكاتێری ئه‌رمه‌نستان ناوی فزوونی بوو واته‌ ژیشك، كه‌ له‌ مانگی مارتی ١٩٥٤ كه‌ یه‌كه‌مین ژماره‌ی لێ بلاو كراوه‌ته‌وه‌، چل و چوار ساڵه‌ هه‌ر ده‌ ڕۆژ جارێك ده‌رده‌چێت. هه‌میشه‌ له‌ناو بلاوكراوه‌كانی ئه‌رمه‌نستاندا جێگه‌یه‌كی تایبه‌تی هه‌بووه‌ و زۆرترین خوێنه‌ریشی هه‌بووه‌[٢]، هه‌روه‌ها یه‌كێك له‌كۆنترین مۆزه‌خانه‌كانی كاریكاتێری دنیا مۆزه‌خانه‌ی (ویلیام بۆش١٨٣٢-١٩٠٨)ه‌ له‌ شاری هانۆڤه‌ری ئه‌ڵمانیا[٣] به‌درێژای په‌نجا ساڵ، گۆڤاری (نیو یوركر)[٤] نزیكه‌ی چل هه‌زار كاریكاتێری چاپ كردووه‌، ئه‌م كاریكاتێرانه‌ ڕه‌نگدانه‌وه‌ی سه‌رده‌مه‌ جیاوازه‌كانی ژیانی كۆمه‌لایه‌تی خه‌ڵكی ئه‌مریكا بوون(هارۆلد ڕۆس 1951-1892Harold walaes ros ) له‌ساڵی ١٩٢٥ ئه‌م گۆڤاره‌ هه‌فتانه‌یه‌ی دامه‌زراند و ساڵانێكی زۆر سه‌رنووسه‌ری بوو[٥] یه‌كه‌مین پێشه‌نگای نێو ده‌وڵه‌تی له‌ تاران ساڵی ١٩٣٧- ١٩٩٣ له‌نێوان (١٣٠٠)به‌رهه‌می (١١٢)ولاتی دنیادا ته‌نها (مه‌مدوح كاپلان)ی سووری به‌شداری كردبوو.[٦]پێشه‌نگای كاریكاتێری له‌ كۆریا به‌ناوی (كیجون ئه‌نته‌رناسیۆناڵ كارتۆن)له‌ ساڵی ١٩٩٥ ته‌نها دوو كه‌س له‌ میسر به‌شدار بوون.

---

١ – د. حمدان خضر سالم، الاتجاهات السياسية للكاريكاتير في جريدة الشرق الاوسط، www.dahsha.com\old\viewarticle.dnp?idz32183 له‌ ڕێكه‌وتی ٢٠١٢/٩/١ وه‌رم گرتووه‌.

٢–زمانی كاریكاتێر، وه‌رگێڕانی ئاكۆ غه‌ریب، ل٢٢٣.

٣– سه‌رچاوه‌ی پێشوو، ل٢٥٤

٤–ئه‌و كاریكاتێرستانه‌ی له‌ ماوه‌ی په‌نجا ساڵی ته‌مه‌نی گۆڤاری (نیو یوركر)دا كاریان كردووه‌ نه‌وه‌ت و چوار ناون، به‌ناوی چارلس ئادامس ده‌ست پێده‌كاو به‌ناوی جاك زیگلیر كۆتایی دێ بڕوانه‌ كتێبی:(زمانی كاریكاتێر، وه‌رگێڕانی ئاكۆ غه‌ریب ل ٥٥–٥٦).

٥–سه‌رچاوه‌ی پێشوو، ل ٥٢.

٦– سه‌رچاوه‌ی پێشوو، ل٦٦.

کتێبی (**الكاريكاتير في الصحافة**)کە نووسەری ناسراوی عیراقی (**د.اِبراهيم الخياط**) مامۆستا لە کۆلێژی ڕاگەیاندن لە زانکۆی بەغدا لە ساڵی (٢٠١٤) بڵاوی کردۆتەوە دەڵێت: لە عیراقیش ڕۆژنامەی (**جحا الرومي**) لە ساڵی (**١٩٢٣**) دەرچووە. لە بەشێکی تری کتێبەکەیدا (د. ئیبراهیم خەیات)دەڵێ:((کارکاتیر نابێ وەك ڕەسمۆکەی سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەمان سەیر بکرێ، یان هەر بۆ ڕەشکردنەوە و پڕکردنەوەی لاپەڕە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، چوون کاریکاتێر هونەرێکی ڕۆژنامەوانییە بە هەموو پێوەرەکان شایستەی لێکۆڵینەوەی زانستییە.))(١)

لە بەریتانیا لە ساڵی ١٨٤١ گۆڤاری(بینتش)دەرچوو، کە گۆڤارێکی هەفتانەی تەنزئامێز بوو، خوێنەرێکی زۆری هەبوو (١٥٠)هەزار دانەی لێ بڵاو دەکرایەوە(٢)لە ئەڵمانیا لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ناوی چەند کاریکاتێریستێك دەدرەوشێتەوە، لەوانە: (جۆرکا بۆت) و( تسیلێر)، لە قەتەر: (سەلمان المالك)، لە سوریا: (عەلی فەرزەت)، لە ئێران:(جەمال ڕەفعەت) و (نوری نەجەفی)، لەسوید: (داری مۆکیس)، لە ئیسپانیا: (ماری کۆرینۆ)، لە ڕۆمانیا: (بارلتۆك)، لە ئەرجەنتین:(کیفۆ) ناویان دەرکردووە، (ئەنۆرین دومێ)لە فەرەنسا ناوبانگی دەرکردووە، ئیتر وردە وردە کاریکاتێر لەنێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا خەڵك تەواو پێی ئاشنابوون، هەر لەو کاتەشدا چەند کاریکاتێریستێك لە یەکێتی سۆڤیەت بەدەرکەوتن و ناوبانگیان پەیداکرد لەوانە: (بێن ستڕۆپ) و(ئیفیمۆڤ)، هەر لەو کاتەشدا یانەیەك لە سۆڤیەت دامەزرا کە کایکاتێرستان تێیدا کۆدەبوونەوە بەناوی: یانەی( کۆکرونیسکی)، بەڵام لە وڵاتە عەرەبییەکاندا کاریکاتێر زۆر کەم بووە و بەدەگمەن هەبووە، لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا

---

(١)-http://www.mmascom.com/?p=574 (د. ابراهيم الخياط)لە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٨/١٥ وەرگیراوە.

٢- شاخەوان مەلا محەمەد، ڕۆژنامەگەری تەنز لە هەرێمی کوردستاندا(گۆڤاری سیخوڕمە وەك نموونە)،ل ١٠٧

هونەرمەند(صاروخان) وێنەی کاریکاتێری دەکێشا وێنەکانیش توانج و گاڵتەبوون بۆ داگیرکەرە ئینگلیزەکان[١].

لە تونس لە سییەکانی سەدەی بیستەمدا کاریکاتێر بە دەرکەوت، لە (لیبیا)ش کاریکاتێریستێکی بەتوانا بەدەرکەوت بەناوی(زەواری)، لە ئوردن و (لوبنان)یش کاریکاتێر درەنگتر بەدەرکەوت، لە شەستەکانی سەدەی بیستەمدا سەرەتاکانی کاریکاریکاتێر بەدەر کەوت. لە کاتی داگیرکردنی عێراقدا لەلایەن ئینگلیزەکانەوە کاریکاتێری سیاسی دەرکەوت، لە سوریاش لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا دوو ناوی درەوشاوە دەرکەتن( عەبدوللەتیف ماردین) و( سەمیر).[٢]عەلی مەندەلاوی دەڵێت: ((زۆر کەس بەهۆی هونەری کاریکاتێرەوە تەجاوزیان کردووە و بووین بە کاریکاتێریستی جیهانی ناسراو، لەوانە: ( ئەس) کە سەرەتا هەر لە کوبا وێنەی کاریکاتێری بڵاو دەکردەوە، دواتر بە تەواوەتی ناسرا))[٣] .

(عەلی مەندەلاوی) لەم بارەیەوە ناوی چەند کاریکاتێریستێکی عێراقی دەهێنێت و سیمای جۆری کارەکانیان دەخاتەڕوو لەوانە: موئەیەد نەعیمە: ئەمە کاریکاتێریستێکی باشی عێراقی بوو، خەڵاتی سێیەمی لە بولغاریا وەرگرت، کۆمەڵێ کەسی دیکەمان هەن لەوانە: بەسام فەرەج، غازی بەغدادی، عەبدولڕەحیم یاسر: ئەم هونەرمەندە فەلسەفەی هەبوو لەشتەکاندا، وای لەبینەر دەکرد کە بیر بکاتەوە، واتا نوکتە لە کاریکاتێرەکانی نەبوو. خزەیر حەمیدی: زیاتر کایکاتێرستێکی سیاسی بوو. بەلای (عەلی مەندەلاوی) کاریکاتێر لە سەتا نەوەتی توانجی سیاسییە، لەو باوەڕە دایە زۆربەی سەرکردەکان لە وێنەی

---

١- وڵاتانی عەرەب کە ژمارەیان دووسەد ملیۆن کەس دەبێت کەچی تەنها سی کاریکاتێریستی ناودار زیاتریان نییە.

٢- عزیز علي، تاریخ کاریکاتیر، موقیع ومنتدیات المفتاح www.almooftah.com vblshowwtnvead.php?t=40 لە ٢٠١٠/١٠/١٢ وەرم گرتووە.

٣- لقاء مع علی مندلاوي في برنامج (لقاءخاص)، مقدم برنامج (شمعون متی صلیوه)، في تلفزیون عشتار بتاریخ ٢٠١١/٥/٢، الساعة (٨/٣٠) مساءً

کاریکاتیری دەترسن. جگە لەوانەش لە بواری شانۆدا جۆرە نواندنێك هەیە بە ناوی پانتۆمایم (( ئەم جۆرە شانۆیە شانۆی هزرە، واتە پێوستی بە ئەندێشەیەکی قول و فیکرێکی فراوان و چڕکردنەوەیەکی تۆکمە هەیە))[(١)]، چونکە لەڕێگەی جموجۆڵییەکانەوە بینەر تێدەگا و چێژ وەردەگرێ، لەو ڕووەوە لە هونەری کاریکاتێر نزیکە، کە تەنها چاو دەبێتە وێستگەی وەرگرتنی زانیارییەکان.(( وشەکان لەدێر زەمانەوە وەك هۆیەك بەکار هێنراون بۆ گواستنەوەی هزرەکان، لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە، بەڵام لە زۆربەی جارەکاندا هزرەکان بەهۆی وشەکانەوە ون بووین، چونکە خەڵك بە زمانە جیاوازەکان دەپەیڤن)) [(٢)]، بۆیە هونەری ئاماژە و جموجۆڵ زمانێکی جیهانی هەیە. لە وڵاتانی دەوروبەرمان یەکەمین کاریکاتێری تورکی لە ٢٤ی نۆڤەمبەری ساڵی ١٨٧٠ لەبڵاوکراوەی (دیوژن)دا چاپکرا، بەڵام نازاندرێ کێ کێشاویەتی.[(٣)]

((پێش ئەوەی کاریکاتێر لە کوردستان و لەناو هونەرمەندانی کورد دا سەرهەڵبدات، ڕۆژهەڵات ناس و هونەرمەندانی ئەوروپایی بە کاریکاتێرەکانیان لە بارەی کوردستان و ژیانی مرۆڤی کورد سەرنجی ڕووناکبیر و ڕۆژنامەنووسانی کوردیان بۆ هونەری کاریکاتێر ڕاکێشابوو))[(٤)] سەبارەت بە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی هونەری کاریکاتێر لە نێو کورد دا (د. فەرهاد پیرباڵ)دەلێ: ((تا چارەگی یەکەمی سەدەی بیستەمیش تەواو دەبێ، ڕۆژنامەگەری کوردی خاڵییە لە هونەری کاریکاتێر. ئەمەش چونکە ڕۆژنامەگەریی کوردی هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانییەوە ڕۆژنامەیەکی تەواو ئازاد نەبووە، پچڕ پچڕ، جگە لەمەش لە ڕووی توانای ماددی و تەکنەلۆژییەوە هەروەها لە ڕووی کەرەستە و

---

١ – کۆکردنەوە و وەرگێڕانی بورهان قەرەداخی، شانۆی پانتۆمایم، چ١، سلێمانی، ئۆفسێتی شڤان، ٢٠٠٤، ل٨.

٢– –س.پ.ل١٧

٣– زمانی کاریکاتێر، وەرگێڕانی ئاکۆ غەریب، ل١٧٠.

٤ – د. فەرهاد پیرباڵ، مێژووی هونەری کاریکاتێر لە کوردستاندا، ل٢٦

تەکنیکیشەوەش لاواز بووە))[1] ((دەکرێ خەتێك بە ژێر ئەوە دابێنین کە (حسێن حوزنی موکریانی یەکەمین نووسەری کوردە، گۆڤارەکەشی (زاری کرمانجی ١٩٢٦-١٩٢٨)یەکەمین بڵاوکردنەوەی کوردییە کە یەکەمین هوڵیان دابێت بۆئەوەی لە هونەری کاریکاتێر نزیك ببنەوە))[2] دوای ئەویش هونەرمەند (عەزیز سەلیم ١٩١٥-٢٠٠٣" پێشەنگایەکی لە ساڵی (١٩٣٢) لە شاری سلێمانی کردۆتەوە" یەکێکە لەو نیگار کێشانە کە وێنەی کاریکاتێری کێشاوە[3].هونەری وێنەی کاریکاتێر لای کوردیش لە سالأنی حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا بەتەواوەتی پەیدا بوو، سەرەتا سودیان لە کاریکاتێری جیهانییەوە وەردەرگرت و ئینجا کاریکاتێری خۆماڵی پەیدا بوو[4].ڕۆژنامەی پێشکەوتن ژمارەیەکی لە ساڵی ١٩٢٠ دەرچووە ژمارە ١١٨ دوا ژمارەیەتی گرنکییەکی زۆری بە ئەدەب و گاڵتەو گەپ داوە...هەروەها ڕۆژنامەی ژیان ١٩٢٦گرنگی داوە بە گاڵتەو گەپ و نوکتەو پەندی پێشینانی بیانی...[5] ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان ١٩٩١ حیزبی شیوعی عێڕاقی دەریدەکرد گرنگی بە تەنز و کاریکاتێرداوە، د. فەرهاد پیرباڵ لە بارەی یەکەم کاریکاتێریستی کورد دەڵێت:(( ئەنوەر تووڤی دەبێتە یەکەمین هونەرمەندی نیگارکێشی کورد، کە سودی لە سوریالیزم وەرگرتبێت و لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگی دابێتەوە... لەهەمان کاتیشدا ئەگەر یەکەمین هونەرمەندی کاریکاتێر نەبێت، ئەوا

١ – د. فەرهاد پیرباڵ، مێژووی هونەری کاریکاتێر لە کوردستاندا، ل٣٥

٢ – د. فەرهاد پیرباڵ، مێژووی هونەری کاریکاتێر لە کوردستاندا، ل٣٨/ حسێن حوزنی موکریانی لەسەر بەرگی هەندێ لە کتێبەکانیشی هەوڵی داوە سوود لە هونەری کاریکاتێر ببینێ، بۆنموونە بەرگی نامیلکەی (کەڵەباب)کە لە هەمان دەوروزماندا لە چاپخانەی خۆی چاپی کردووە.(فەرهاد پیرباڵ).

٣ – د. فەرهاد پیرباڵ، مێژووی هونەری کاریکاتێر لە کوردستاندا، ل٤٣

٤ – حەسەن یاسین، ٣٤ وانە لە بارەی ڕۆژنامەنووسی و ڕۆژنامەنووسی کوردییەوە، ل٤٨.

٥– شاخەوان مەلا محەمەد، ڕۆژنامەگەری تەنز لە هەرێمی کوردستاندا(گۆڤاری سیخوڕمە وەك نموونە)، ل١٦٥–١٦٩

یەکێك بووە لە یەکەمین ئەو نیگارکێشانەی کە کاریکاتۆریان دروست کردووە و بڵاوکردۆتەوە. هونەری کاریکاتۆر لای ئەو، ناوەڕۆکێکی ڕەخنەگرانە و زمانێکی کۆمەڵایەتییانەی هەیە لە بەرگێکی جوانی دەربڕین خوازدا))[1]واتا ئەم هونەرمەندە لەساڵانی پەنجاو شەستەکانی سەدەی ڕابردو بە شێوەیەکی پڕۆفیشناڵ نیگاری کاریکاتێری کێشاوە[2] پاشکۆی ژمارە (١) وێنەی(ئەنوەر سینو تووفی)[3]

کاریکاتێریست (عەلی دەروێش) لەم بارەوە دەڵێ: ((دوای ڕاپەڕین بەتەواوی بزووتنەوەی کاریکاتێریستانی کورد بەدەرکەوت، بەتایبەتی لە (گۆڤاری سیخوڕمە)دا، هەروەها سلفا دۆردالی دەڵێ: کاریکاتێر هونەری سەردەمە))[4]سەبارەت بە نیگاری کاریکاتێر ئەوا کاریکاتێریست و شێوەکار(محەمەد ڕۆستەمزادە- نامۆ)دەڵێ:(( بەداخەوە لای خەڵکیش وەك بەرهەمێك سەیر دەکرێ، کە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو پێشان دەدرێ پاشان کاتی بە سەردەچێ، من بۆخۆم بە دەگمەن دیومە کەسێك بەرهەمێکی کاریکاتێری بکڕێ و لە ماڵەوە هەڵیواسێت. ئەمەش دەتوانرێ هۆکار بێت بۆ دوورە پەرێزی فێرخوازان

---

١- د. فەرهاد پیربال، مێژووی هونەری شێوەکاری لە کوردستاندا- لەکۆنەوە تا پەنجاکان، ل١٢٢.

٢ – د. فەرهاد پیربال، مێژووی هونەری کاریکاتێر لە کوردستاندا، ل٥٣

٣- (ئەنوەر سینو تووڤی) لەساڵی (١٩٢٧) لە بامەڕنی لەدایك بووە، بنەماڵەکەیان لە گوندی توڤی لە کوردستانی تورکیاوە هاتوون، لە ناوەڕاستی پەنجاکاندا دارمعلمینی ڕیفی لە مووسڵ تەواوکردووە، لە زۆربەی پێشەنگاکانی ساڵانی پەنجاو شێستەکانی سلێمانی و بەغدا هاوبەش بووە، دیکۆری بۆ گەلێك شوێن دروست کردووە لەوانە: بۆ یانەی فەرمانبەرانی سلێمانی، لەبواری شانۆشدا کاریکردووە، بۆ یەکەم جار ئۆتێللۆی خستۆتە سەر شانۆ. نوێنەرایەتی فێستیڤاڵی لاوانی لە ڤیەننا کردووە، لەساڵی (١٩٧١) نوێنەری لاوان بووە لە ئەڵمانیا، بە یەکێك لەمامۆستایان و پێشەوای ڕەسم دەژمێردرێ لەکوردستاندا، لەساڵی (١٩٩٤) لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە. س.پ.ل١٢١.

٤- دیدەنی توێژەری ئەم کتێبە لەگەڵ (عەلی دەروێش)ی کاریکاتێریست، ٢٩/٧/ ٢٠١٤.

لەم هونەرە))[1]هەرچەندە تاكو ئێستا لە عێراقدا لە كۆلێژ و پەیمانگا هونەرییەكاندا بەشی كاریكاتێر نییە!، بەڵام ئەم هونەرە بەهەوڵی تاكەكەسی پەرەی سەندووە، تەنانەت گەیشتۆتە ئەوەی كاریكاتێریستی كورد خەڵاتی جیهانی بەدەست بهێنن، لە یازدەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی هونەری كاریكاتێری (فری كارتۆنز وێپ)، كە بە سەدان كاریكاتێریستی جیهان بەشدار بوون، هونەرمەندێكی لاوی كورد بە ناوی(محەمەد سامان)، كە دانیشتووی شاری (سنە)یە تابلۆ كاریكاتێرەكەی كە پۆرترێتێكی فەیلەسوفی فەرەنسی بوو بەباشترین كاریكاتێریست هەڵبژێردرا،[2] ئێستا لەكوردستاندا جگە لەوەی كە گۆڤاری تایبەت بە كاریكاتێر هەیە، لەهەمان كاتیشدا لە ڕۆژنامەو گۆڤارەكاندا گرنگی بەم هونەرە دراوە، لە (٢٠٠٤/٤/٢٧) لە هەولێر (كۆمەڵەی هونەری كاریكاتێری كوردستان) دامەزراوە، یەكەم كۆنفرانسیان لە (٢٠٠٥/٦/٢٧)بەستووە، دوای ئەویش دوو كۆنفرانسی تریان بەستووە، سەرۆكی كۆمەڵەكە (بۆتان ناڵەیی)یە، لەوماوەیە كۆمەڵێ چالاكییان ئەنجامداوە لەوانە: گۆڤارێكیان بە ناوی (تەنز و وێنە) لە ساڵی (٢٠٠٦) دەركردووە، لە ساڵی (٢٠٠٨) مانگنامەیەكیان بە ناوی (تەنز) دەركردووە، چەندین پێشەنگای هونەرییان لە هەولێر و لە شارەكانی تر كردۆتەوە.

ناوی چەند كاریكاتێریستێكی كورد دەخەینە ڕوو كە تا ساڵی (٢٠١٦) زۆربەیان لە ڕۆژنامە و گۆڤارەكاندا وێنەی كاریكاتێر بڵاو دەكەنەوە، لەوانە:(عەلی دەروێش، هەندرێن خۆشناو، محەمەد ساڵەیی، ڕێناس عارف، ئاراس لەزگین، سالار عەبدوڵڵا،

---

١- دیدەنی توێژەری ئەم كتێبە لە گەڵ شێوەكارو كاریكاتێریست(محەمەد ڕۆستەمزادە- نامۆ)، ٢٠١٤/٨/٣.

٢- لە چین كوردێك خەڵاتی باشترین كاریكاتێری نێودەوڵەتی بەدەست هێنا، ڕ.چاودێر، ژمارە(٤٠٧)، ٢٠١٣/٢/١١، ل١.

شوکاك عەبدولستار، کامەران عەلی یارۆەیس[1]، ئەحمەد خۆشنووس، عەدنان عەبدولقادر، عەلی تازەدێیی، ئارام کەمال، ئەدیبە سمایل مامە، دارا محەمەد عەلی، شاهێن بەرزنجی، ئارام کەلاری، دژوار ئیبراهیم، درا ئیستری[2]، عەلی مەندەلاوی، نەهلە جەزراوی، گرفتار کاکەیی، بۆتان نالّەیی، ئاکۆ غەریب، خێرولّلا محەمەد عەلی، عەبدولوەهاب ئیسماعیل، محەمەد قادر، ئەحمەد مەندەلاوی، سەردار کیستەیی[3]، جەمیل محەمەد سەبری، زێرەڤان سالّح، هۆگر محەمەد، کامەران شەمزینی، سەباح ئەتروشی، سەید یاسین قورەیشی، سەید محەمەد ئەمین قورەیشی، محەمەد رۆستەم زادە(نامۆ)، کاوە شەیخی، کیفان بارزانی، سەربەت عومەر، محەمەد فەتاح، عەبدوللّا عەلی(کاکە عەبە)، فەرەیدون هاوار، سەلام محەمەد عەلی، دیار ئاکرەیی، سەلام موحەممەدی، سۆران کورد پور، سالم سەلیم، کیڤان محو ئیسماعیل، سالم دۆسکی، پەروەر، یاسر ئەحمەد، بابان مەزهەر...).

---

١- لە سەر ئاستی کەلار یەکەمین کاریکاتێریستە کەدوای راپەڕین لەسالّی (١٩٩٢)پێشەنگای لە کەلار کردۆتەوە، کۆمێنتیش لەسەر هێکارییەکانی دەنوسیّ (مخگت و معلق).

٢- شاهێن بەرزنجی، دژوار ئیبراهیم، دارا ئیستری، کارەکانیان زیاتر لە رۆژئاوای کوردستان بلاو دەکەنەوە.

٣-کیستە: گوندێکە لە دەڤەری بەرواری.

# بەشی دووەم
# پەیوەندی نێوان کاریکاتێر و هونەرەکانی تری نووسین

## ١- کاریکاتێر لە نوکتەدا (١)

نوکتە یان جۆك بەسەرهاتێکی ڕاستەقینەیە، یاخود بابەتێکی دروستکراوە، کە باری نائاگایی، یاخود چاوەڕوان نەکراو، یاخود شتێکی سەیر و سەمەرە دەخاتە ڕوو، کە دەبێتە هۆی پلار تێگرتن، یان زەردەخەنە بەخەشین. لەو کاتە دەبێتە هۆی پلارتێگرتن کە لە مەجلیسێکدا حاڵەتێك ڕوودا، کەسێك نوکتەیەك بگێڕێتەوە، کە مەبەستی ئەوە بێت ئەم نووکتەیە پلارێك بێت بۆ ئەم هەڵوێستە، کەواتە: (( نوکتەی بیریندارکەر مەبەستێکی ئابڕووبەرانەی لە هەناو دایە و لە ساتیر نزیك دەبێتەوە ))[٢] جاری واش هەیە لە دانیشتنەکاندا مەبەستی نوکتە گێرانەوە تەنها بۆ پێکەنین و چێژ بەخشینە.

بۆ نموونە لەم نوکتەیەی کە لە ڕشتەی مرواریدا هاتووە: **(( کابرایەکی کورد میوانی ماڵێك بوو، شەو دوای نان خواردن بە خانەخوێکەی وت، دەمم تاڵە ئەگەر**

---

١ – لە مەتەڵ و بابەتەکانی تریش هونەری تەنز و کاریکاتێر وجودی هەیە، بڕوانە ئەم دوو مەتەڵە کاریکاتێرییە ((بە سەد و یەك برا یەك ڕیخۆڵەیان هەیە– مەبەستی تەزبیحە./(ملی هەیە و بێ سەرە، قۆڵی هەیە و بێ دەستە، قەدی هەیە و بێ قاچە_مەبەستی کراسە.))( د. فەرهاد پیربال، مێژووی هونەری کاریکاتێر لە کوردستاندا، ل٣٠)

٢– حەمە سەعید حەسەن، کاریکاتێر بە وشە،چ١، چاپخانەی ئاراس، هەولێر ٢٠١١، ل ٩

**هەیە شیرینییەکم بۆ پەیدا کە، خانەخوێکە وتی: خورمامان هەیەو مێوژیشمان هەیە، کامیان ئارەزوو ئەکەی بۆت بێنم؟ کابراکەش وتی خورمژ !))**[1]

بێگومان خاڵی سەرنج ڕاکێشان دەکەوێتە دوا وتەی کابرای میوان، کە گوتویەتی (خورمژ)، خۆ ئەگەر بیوتبوایە هەردووکیان یان خورما و مێوژ، ئەوا نەدەبووە نوکتەیەکی کۆمیدی، لەم دەربڕینانەدا خاڵی چێژ بەخشین لە گوتەی (خوڕمژ) دایە.

لە نوکتەیەکی دیکە دا هاتووە: (( **کوڕێك تەلەفۆن بۆ دایکی دەکات و ئەڵێت: دایەگیان ئیتر لەمەودوا زوو زوو تەلەفۆنت بۆ ئەکەم، چونکە جێب تەلەفۆنم کڕیووە.داکیشی وا ئەزانێت جێبی سەیارەیە ئەڵێت: کوڕە دایکت بەقوربانت بێت وریابە وەرنەگەڕێیت ))**[2] ئەم نوکتە گەپئامێزە، خۆی لەم کورتە دەربڕینەدا دەبینێتەوە، دەتوانرێت ئەم بیرۆکەیە بکرێت بە شیعر ... یان کاریکاتێریستێك بە نیگار و نووسین بیخاتە ڕوو. ئەمە نوکتەیەکە کاریکاتێریستێك لەڕێی کێشانی وێنەی دایك و کوڕێك بە شێوەیەکی کاریکاتێر، ئینجا وتەی هەردووکیان لەسەر وێنەکە بنووسرێتەوە، زۆربەی نوکتەکان هەوێنی دروست کردنی کاریکاتێرن، بەڵام لێرەدا لەڕووی جەستەوە کوڕو دایکەکە کاریکاتێر نین، بەڵکو لە ناتێگەیشتنێکدا وتەیەکی هەڵە حالەتی پێکەنین دروست دەکات.

لەم بارەیەوە فرۆید دەڵێ: ((جۆك پێویستی بەسێ کەسە، یەکێك دەیگێڕێتەوە، یەکێك نوکتەکەی لێ قەوماوە و یەکێکیش کە گوێی لێدەبێ))[3] لە نموونەیەکی دیکە دا کە لە گۆڤاری (سیخوڕمە)[4]دا هاتووە: **((باشە چۆن ئەزانی؟ تەرمۆس**

---

١- عەلائەدین سەجادی، ڕشتەی مرواری، ( ب١ تا ٤ )، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ١٩ .

٢- مامۆستا صالح، نوکتەی پێکەنین، ب٢،چ١، بێ ناوی چاپخانەو شوێنی چاپ، ٢٠٠١، ل ٢٧ .

٣- حەمە سەعید حەسەن، کاریکاتێر بە وشە، ل ٩ .

٤ – سیخوڕمە گۆڤارێکی مانگانەی کۆمەڵایەتی سیاسی کاریکاتێرییە، تامانگی نیسانی ٢٠١٦ (٢٤٠) ژمارەی لێدەرچووە.

**ئاوی ساردی تێبکەی نایڵێ گەرم ببێ، شتی گەرمی تێبکەی نایڵێ سارد بێتەوە، تو شەرەف ئاقڵ نییە؟!))**[1] لەم دەربڕینەدا، نوکتەکە لەزاری کەسێکەوە گێڕدراوەتەوە، کە زۆر بێئاگایە لە دونیا، یاخود بەئاگایەو دەیەوێ حاڵەتێکی بزە بەخش دروست بکا.

## ٢- پەیوەندی نێوان شیعری هەجو( داشۆرین ) و کاریکاتێر

شیعر زمانی خەیاڵە، بەو مانایەی شیعر زێدەڕۆیی لە شتەکاندا دەکات، بۆ ئەوەی لە بەرگێکی خەیاڵیدا بیڕازێنێتەوە، کاتێ سەرنجی شیعرێك دەدەین، کە وەسفی ئافرەتێکی کردبێت، باڵای بەچنار دانابێ و چاوی بە ژێر پیاڵە، برژانگی بە تیر، ئەبرۆی بە شمشێر، لوتی بەئەڵماس و فستەق، ددانی بەمرواری ... هتد، لێ ئەم جۆرە دەربڕینانەش نابنە کاریکاتێر! چونکە مرۆڤ لە خەیاڵی خۆیدا ئەم وەسفانە لەخانەی جوانناسی و بەلاغەدا دەبینێتەوە، وێنەکان کاریکاتێر نین، چونکە سیمای وێنەی کاریکاتێر جیاوازە لە ڕووی لێچوو لەوچووەوە، لەڕووی پێکهاتەکانی تریشەوە، سەبارەت بە پەیوەندی نێوان شیعری هەجو و کاریکاتێر، ئەوا بەشێکی زۆری شیعری هەجو  دەکەونە خانەی کاریکاتێر، بەڵام بە ڕەهایی نییە، بۆیە نموونە بۆ هەردوو جۆرەکە دەهێنینەوە و لە ڕووی پێکهاتە و سیماوە لە وێنەکانەوە بەدەری دەخەین.

مەلا حەمدوون لە شیعرێکدا وەڵامی (شێخ ڕەزا) دەداتەوە و دەڵێ:

**شێخە مەحبووبە نووری هەردوو چاومە**
**دەفعە دەفعە بۆ تەبەروك لێمی مەگرن گاومە**[2]

---

١ – سیخوڕمە، گۆڤارێکی مانگانەیە،ساڵی پانزەیەم، ژ٢٢٢، تەمووزی ٢٠١٢،ل٩ (تێبینی ناوی نووسەری ئەم نوکتەیە نە نووسرابوو)

٢– س . پ . ل ١٠٤

ئەوەی کە مەلا حەمدوون نووسیویەتی، شیعری هەجووە، ناکەوێتە خانەی شیعری کاریکاتێرییەوە، چونکە سیمای وێنەکانی ئەم شیعرە بەرەو لایەنی کاریکاتێر نایێنەوە.

شێخ ڕەزا لەم دێڕە شیعرەدا دەڵێ:

**ئەمێستا کە دەبێ تۆ دوودەکی بی لادە لێم یاشێخ**
**بڕۆ شەخسێ پەیاکە بیکوتێتە بن گونت مێخ**[١]

ئەمە شیعرێکی هەجووە، وێنەکان لەئاستی خۆیان زیاتر سەرناکەن و دیمەنی کاریکاتێرییان پێوە دیارنییە.

لە شیعری هەجووی شوکری دژی (شێخ ڕەزا)دا لەم شیعرەدا دەڵێت:

**شێخ ڕەزا عەرزت بگێم خۆت بۆچی ئەحمەق کردووە**
**قەوچە وەك ماکەر ئەکەیت و هەردوو گوێت لەق کردووە** [٢]

ئەم شیعرەیان کاریکاتێرییە، هەرچەندە لە نیوە دێڕی یەکەمدا تەنها (هەجووە)ە و هیچ سیمایەکی کاریکاتێری تێدا نییە، بەڵام مانا بەخشە بۆ تەواوکردنی نیوە دێڕەکەی دیکە، کە وێنەیەکی کاریکاتێرییە.

شێخ ڕەزا لەم دێڕە شیعرەدا دەڵێ:

**گیر نەبوو دەستم لەبەر لوسی بە سمتی خڕتەوە**
**زۆر نەمابوو گەردنم بشکێ بە گون خۆم گرتەوە**[٣]

لە وێنەی نیوە دێڕی دووەمدا بەدەردەکەوێت، کە ئەم دێڕە شیعرەیان کاریکاتێرییە، کەواتە هەرچەندە بەشێکی زۆری شیعری هەجوو دەکەونە خانەی کاریکاتێر، بەڵام مەرج نییە هەموو دەربڕینێك و شیعرێکی هەجوو کاریکاتێری

---

١- شێخ محەمەدی خاڵ- ئومێد ئاشنا، دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٣، ل ١٠١

٢- کاروان عوسمان عەلی، دیوانی شوکری فەزلی، چ١، چاپخانەی گەنج، ٢٠٠٩، ل ٤٩

٣- شێخ محەمەدی خاڵ- ئومێد ئاشنا، دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، ل ١٠١

بێت، چونکە کاریکاتێر زێدەڕۆیی و جۆرێك لە شێواندن پیشان دەدات، واتا هەمو شیعرێکی هەجوو و گرتەیەکی سێکسی ناکەوێتە خانەی کاریکاتێر.

## ٣- پەیوەندی نێوان شیعری کاریکاتێر و شیعری سوریالیزم

سوریالیزم ((یەکێکە لەو ڕێبازە ئەدەبییانەی دوای خۆی کێشەی زۆری دروستکرد، هەندێ لە ڕەخنەگران دەڵێن بەر لەوەی ئەم ڕێبازە وەکو ڕێبازێکی ئەدەبی دەربکەوێ بۆ یەکەم جار وەکو زاراوەیەك لە لایەن شاعیری فەرەنسی (گیوم ئاپۆلێنەر ١٨٨٠-١٩١٨) بەکار هاتووە و بەمانای(سەروی واقیع)ەوە دێت))[١] لە ساڵی (١٩٢٤) (ئەندرێ بریتۆن) بەیاننامەی یەکەمی ئەم ڕێبازەی بڵاوکردەوە، چەند شاعرێکی فەرەنسی زوو پەیڕەوی ئەم ڕێبازەیان کرد لەوانە: (بۆدلێر)و(ڕامبۆ)، ئەم ڕێبازە خۆی خزاندە نێو هونەرەکانی تریشەوە لەوانە: وێنەکێشان بەتایبەتیش هونەری کۆلاژ،[٢] ماڵوێرانی و کاولکارییەکانی جەنگ وای لە شاعیرو هونەرمەندان کرد، کە ڕوو بکەنە ئەم ڕێبازە و لە سەرو واقیعەوە بنووسن، ئەو کەتوارە تاڵەی کە بەسەریان هاتبوو. کاریکاتێریست محەمەد ڕۆستەمزادە (نامۆ)دەڵێ:((کاریکاتێر هونەری هەڵوێستە، هونەرێکی ڕوناکبیرانەی فەلسەفی ڕیالیستییە، کە دەکرێت بەشێك لەوە وەك کاردانەوەیەکی ڕۆژانە بێت. بەپێچەوانەی سوریالیزم کە لە توخم و ڕەگەزەکانی بینین سوود وەردەگرێت، بۆ هەڵەی بینین(خدع بصر)، کاریکاتێر لەو توخم و ڕەگەزانە سود وەردەگرێت بۆ پیشاندانی هەڵەکانی مرۆڤ. ئەرکی وشیارکردنەوەی کۆمەڵگای لە ئەستۆیە، لە بەر ئەمە دوو شتی تەواو جیاوازن، ڕەنگە لەوەدا هاوبەش بن، کە هەردووکیان پەردە لەسەر لایەنی شاراوەی مرۆڤ هەڵدەدەنەوە و هەردوکیان سودیان لە ئیگۆ و سوپەر

---

١- هیمداد حوسێن(د.)، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٢١٧

٢-سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٧

ئیگۆی فرۆید(من و بەرزە من) وەرگرتبێت.))[١] هەر چەندە وێنە و نووسراوی سوریالیزمی مێژووی کۆنە، بەڵام لەژێر ئەم ناوە ناونەبراون، چونکە((سوریالیزم زمانحاڵی بارگرژییەکانی دنیای تازەیە. بانگەوازی یاخی بوونە. هاواری نارەزایی سەدەی بیستەمە، لە هەنبەر سەنگەلاییەکانی شارستانییەتی تازە))[٢] تایبەتمەندییەکانی سوریالیزم: تەوس و تەنز، جیهانی حرمان، خەون، شێتایەتی، نووسینی خۆبەخۆ...هەروەها((پێکەنین بەلای سوریالیزمەکانەوە، تەنها بۆ کات بەسەربردن نییە، بەڵکو ئامانجێکە ئەدیب مەبەستییەتی بگاتە سەرووی واقیع و کۆت و بەندەکان بشکێنێت و رەخنە بگرێت بە زمانێکی گاڵتەجارِی و تەنزئامێز، زۆرجار جیهان بەلای شاعیری سوریالیست ئەوەندە نامۆیە کە هەنگاوەکان بە دژی ئاراستەکان دەڕۆن))،[٣] بەڵام ئەو خۆی دەخاتە جیهانی نائاگایی و لایەنی عەقڵ لە بیر دەکات و زیاتر خۆی بە جیهانی خەون و گاڵتەکردنەوە خەریك دەکات، لایەنی جدی بوون لە شتەکان دادەماڵێت،((تەوس و تەنز رێگە بە مرۆڤ دەدات کە پەیوەندییە باو و ئاساییەکانی نێوان شت و دۆز و وشەکان تێك بشکێنێ و لە دەلاقەیەکی دیکەوە بروانێتە دنیا.))[٤] زۆر جار شیعر چەند دیوێکی بۆ خوێندنەوە هەیە، یاخود بڵێین قوفڵێکەو بە دوو سێ جۆرە کلیل دەکرێتەوە، بەشێکی زۆری شیعرە سوریالییەکان دەکەونە خانەی کاریکاتێر، بەتایبەتی ئەم شیعرانەی کە زیاتر وێنەکانی بەر هەستی بینین دەکەون، ئێمەش بە چەند نموونەیەك لێیان دەدوێین.

---

١-دیدەنی توێژەری ئەم کتێبە لەگەڵ کاریکاتێریست (محەمەد رۆستەم زادە- نامۆ)، ٢٠١٤/٨/٣.

٢- رەزا سەید حوسێنی، و. حەمە کەریم عارف، قوتابخانە ئەدەبییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٦، ل ٢١٦

٣- ئەحمەد مەحموود عەبدوڵڵا، سوریالیزم لە شیعری کوردیدا (دوای راپەڕین ١٩٩١)، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٣١٢

٤-رەزا سەید حوسێنی، و. حەمە کەریم عارف، قوتابخانە ئەدەبییەکان، ل ٢٢٦

شێرکۆ بێکەس دەڵێ:

**نیشتیمانە نازدارەکەم**

**چەند ساڵ بوو مۆزی نەدیبوو**

**ڕۆژێکیان دیی هەتا شەهیدی ئەم ڕایکرد**

**قاچاخچییەکان توێکڵەکەیان بۆ هێشتەوە**

**نیشتیمانە نازدارەکەم.. چووە سەری**

**هەڵخلیسکا و بەدەمدا کەوت!..**(١)

ئەم شیعرە پێکاتەیەکی سوریالیزمی هەیە لە خەیاڵ فراوانیدا لە هەمان کاتیش وێنەکان کاریکاتێرین و شێوەی ڕووداوەکە کاریکاتێرێکی فیکریمان بۆ بەرجەستە دەکات.

(لەتیف هەڵمەت) دەڵێ:

**لەوەرزی ماچدا**

**سۆفییەك و**

**بەدمەستێك**

**یەکسانن..!**(٢)

ئەمە شیعرێکی سوریالیزمییە شاعیر پەیوەندییەکی نەگونجاوی سەرووی واقیعەوە دۆزیوەتەوە، بەڵام شیعرێکی تەنزئامێز نییە.

لەتیف هەڵمەت دەڵێت:

**ئەی با**

**وەك گوڵ دڕندە مەبە**

**وەك پڵنگ میهرەبان بە**(٣)

---

١- شێرکۆ بێکەس، بۆننامە، چ١، چاپخانەی داناز، سلێمانی، ١٩٩٨، ل ٥١

٢- لەتیف هەڵمەت، بەرگی دووەم، چاپی دووەم، چاپخانەی پەیڤ، ٢٠٠٥، ل٦١٦

٣- لەتیف هەڵمەت، دیوانی لەتیف هەڵمەت، بەرگی سێ، چاپخانەی ڕوون، ٢٠٠٩، ل٣٦

شیعرێکی سوریالیزمییەو تەنزئامێز نییە.
لەشیعریکی تردا هەڵمەت دەڵێ:

**ئەڵێن ماچ حەرامە**
**ئەی سۆفی بەچی بژی**
**ئەڵێن مەیخانە حەرامە**
**ئەی بەدمەست لە کوێ نوێژ بکات!**[1]

شیعرێکی سوریالیزمییە، ماچ و نوێژ خوازراون.
قوبادی جەلی زادە دەڵێ:

**... بێوەژنێك**
**تکای لێکردم، شەوێك لە پاڵیدا بخەوم**
**کەچی نەخەوتم**
**خودایە**
**لەم گوناهە**
**گەورەیەم**
**خۆشبە**[2]

((قوبادی جەلیزادە ئەو نەستە نائاگاییەی مرۆڤ لە ڕێگەی شیعرەوە، دەمار بەدەمار حەزو ئارەزووەکانی ئادەمیزاد دەخوێنێتەوە))[3]شیعرێکی سوریالیزمییە. لە نیگارکێشاندا وێنەی کاریکاتێر لە وێنەی سوریالیزمی جیادەکرێتەوە، هونەرمەندی شێوەکار (عادل زرار) دەڵێ:(( لکاندنی سەری مرۆڤ بە لاشەی ماینێکەوە، یان لکاندنی سەری ئافرەتێك بەجەستەی ماسییەکەوە...دەچنە خانەی

---

١- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥
٢- قوبادی جەلی زادە، کچێك، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژ١٤، ل٩٨
٣- ئەحمەد مەحموود عەبدوڵلا، سوریالیزم لە شیعری کوردیدا (دوای ڕاپەڕین ١٩٩١)، ل٣١٢

هونەری تەعبیری، بەڵام نیگار کێشە میتافیزیکییەکان لە سوریالیزمییەکان نزیك بوون))،[1] سەیری ئەم وێنەیە بکە، لاشەی ماسییەو سەری کەڵەشێرێکیان پێوە لکاندووە، ئەم وێنەیە کاریکاتێر نییە، چونکە جۆرە شێواندنێك نە لەسەری کەڵەشێرەکە و نە لە جەستەی ماسییەکە بەدیناکرێ، بەڵام هەست دەکەیت شتێکی ناواقیعییە.[2] هەر لە کۆنەوە لەکاریکاتێردا شێوازێك باو بوو کە جۆرە پێهاتەیەکی لە جەستەی مرۆڤ و ئاژەڵەکاندا ئەنجام ئەدا، یان عادەتێکی ئاژەڵی دەلکاند بە هەندێ کاری مرۆڤەوە، ئەو کاریکاتێریستانە وەکو: جورج دوکت، تی-ئێس سولیڤان، ئۆجین زیمیرمان، لە ئەمریکا درێژەیان بەم کارە دەدا، بەڵام دەبێ جۆری پێوەلکاندنەکان شێواندنێکی هوونەری بنوێنێ[3]. بڕوانە پاشکۆی ژمارە(٢)

## ٤- شیعری کاریکاتێر لە نێوان هێڵکاری و گەپ و توانجدا:

ئەو شیعرانەی ڕاستەوخۆ بەشێیوەیەکی کاریکاتێری وەسفی ڕوخساری شتەکان دەکەن، جا شتەکان مادی بن یان ڕوح لەبەر، زیاتر لەڕێی چاوەوە هەستیان پێدەکەین، واتا وەك چۆن نیگاری کاریکاتێری لەڕێی چاوەوە دەبینین، وێنەی کاریکاتێرەکەش لەڕێی چاوەوە بەرجەستە دەبن، بۆنموونە مەدحەت بێخەو لەشیعری (پاسەکەی تۆماس)دا دەڵێ:

---

١- دیدەنی توێژەری ئەم کتێبە لەگەڵ هونەرمەندی شێوەکار(عادل زرار)، ٢٠١٤/٨/١.

٢- لە کوردستاندا وێنەو پەیکەری لەم شێوەمان هەیە، بۆ نموونە (گای باڵدار) کە لای ئاشورییەکان زۆر باو بووە کە دوو باڵیان بە جەستەی گایەك لکاندووە و سەری مرۆڤێکیان پێوە نوساندووە، باڵەکان نیشانەی بەرزی و فڕین دەگەیێنن، گایەکەش نیشانەی هێز دەگەیێنێت، جەستەی گایەك سەری مرۆڤی پێوەلکاوە، واتا کۆبوونەوەی تواناو هێزی گا لە جەستەی مرۆڤدا. تابلۆی هونەری هەیە ئافرەتێك تا ناوقەدی مرۆڤە لە ناوقەدییەوە بۆخوارەوە ماسییە، (هۆراس)ی فەیلەسوف باسی ئەم جۆرە وێنانەی کردووە.

٣- زمانی کاریکاتێر، وەرگێڕانی ئاکۆ غەریب، ل٥٣.

**پاس داڕزاو کۆن و شلۆقاو**
**ئۆتۆمبیل نەبوو، بەلاّم هەربەناو**
**بۆدی بە چەشنی لانك دەهەژا**
**تەقەو چەقەی دار ئەبوو بەهەرا**
**لای گشت بڕابوو لەترسا نەفەس**
**تەقەی دەهات لەڕێگا جارجار**
**لەبۆدی ئەکەوت تەختەو شەپکە دار(١)**

مەحەمەد بێخەو بە کۆمەڵێ وێنەی کاریکاتێری، وەسفی پاسەکەی تۆماس دەکات، کە هێند کۆن و شەپڕێو بووە، هەر بە ناو ئۆتۆمبیلە، بە زمانێکی سادە وەسفی کردووە، کە ناوبەناو شەپکەدارێك لە بۆدیەکەی بەربۆتەوە، هەڵبەتە پاسی ئەوکات بەشێکی پارچەکانی دەرەوەی لەتەختە دروست کرابوون.

شیعری (مام ڕەفە)

**ماڵی بابم مام ڕەفە**
**گۆچانی بەقەف قەفە،**
**بنی پێلاّوی کەفە**
**سینگی پانیش هەدەفە**
**زۆر حەزدەکا لە لەفە**
**لە دەهۆڵ و لە دەفە.(٢)**

ئەم شیعرە ڕاستەوخۆ وەسفی تەنها کەسێك ناکات لە چەند وێنەیەکی پەرش و بلاّودا وەسفی (مام ڕەفە)و هەندێ شتی ترکراوە، وەسفەکان گەپ ئامێزن، دەبینین

١- مەدحەد بێخەو، دیوانی بێخەو، چ١، بلاّوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٣، ل٦٨

٢- من (هاوژین صلیوە) ئاشنایەتیم لەگەڵ پیرەمێردەکان زۆرە، زۆر جار بۆشتی کەلتووریی و مێژوویی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دەکەم،( مام ڕەفە)ش پیرەمێردێکی گوندی هەرمۆتە بوو، کە دەیگەیشتمێ بەسوعبەت ئەم شیعرەم پێدەگوت و ئەویش پێدەکەنی.

شیعری پێشو ڕاستەوخۆ بیرۆکە هێڵکاری کاریکاتێری بەکاریکاتێریستیك دەبەخشێ، بەڵام ئەمەیان زیاتر لەخانەی گەپدایە.

لەنموونەیەکی شیعری کە لەفەیس بووك بەناوی(نایەیتەوە)بڵاوکراوەتەوە:

**نایەیتەوە**

**سەرێك لەمەدبەغ نادەیتەوە،**

**بیری فاسۆلیاو برنج ناکەی،**

**حەز لەچایەکی دەمەو ئێواران ناکەی،**

**ئەگەر ئەمجارە بێیتەوە**

**مەدبەغەکە ناناسیتەوە**

**شێوەی بەجارێ گۆڕاوە**

**یەك چێشتی تیا لێنەنراوە**

ئەم شیعرە سادەیە گەپێکی توانج ئامێزە، باس لەو بار و دۆخ و ئەو زرِوفەی ساڵی ٢٠١٤-١٠١٥ دەکا لە هەرێمی کوردستاندا، ماوەیەك بووە ئەزمەی غاز، خەڵك ناچاربوون تەباغی نەوتی (چولە) بەکاربهێنن، ئەم شیعرە لە شێوەی گۆرانییەك داڕێژراوە، هەڵبەتە ڕاستەوخۆ وەسفی جەستەی بوتڵەغازێك ناکات، واتا وەك پاسەکەی تۆماس لە گەڵ ئەم شیعرەدا دەتوانرێت وێنەی غازێکی قوپاو و لچ شۆڕ دابنرێت، کە موفلیس بێت و هیچ غازێکی تیا نەمابێت...، کەواتە هەندێ جار نیگارێکی کاریکاتێر دەبینین بەبێ هیچ کۆمێنتێك و نووسینێك خۆی ماناکەی خۆی ڕوون دەکاتەوە، هەندێ نیگاری کاریکاتێریش هەیە، بەبێ نووسین مانا نابەخشن، زۆر جار وێنەی کەسێکی کاریکاتێری دەکێشرێ، تەنها وێنەیە، بەڵام لەگەڵ وێنەکەدا هەندێ قسەی تەنز ئامێز دەنووسرێ، وەك ئەوەیە ئەم کەسە بە کاریکاتێری قسەکانی کردووە، ئەوکات خاڵی چێژبەخشین بەدەردەکەوێت، بەڵام من لەم پرۆسەیەدا زیاتر شێوەی پاسەکەی تۆماسم هەڵبژاردووە، چونکە ئەم شیعرانە ڕاستەوخۆ وێنەی جەستەی شتەکان بە کاریکاتێری پیشان دەدەن، دواتر

وەك ئاماژەم پێکردووە گاڵتەو گەپ و تەنز...هەموو زاراوەکانی تر لە کەش و هەوای کاریکاتێر کۆدەبنەوە.

عەبدوڵڵا پەشێو لەشیعری(دێوەرەو کەر)[1]دا دەڵێ:

**دێوەرەیەك بەسواری کەر**
**ڕێیەکی دووری گرتەبەر**
**نەیهێڵا کەر بدابێنێ،**
**تا ڕێیان کەوتە بژوێنێ.**
**کەر کە بینی وا لەولاوە**
**گیاو گوڵ سەری پێوەناوە،**
**مێوانی گەورەی سروشتە،**
**نەخێو، نەباری لە پشتە!**
**بەزەڕەزەڕ، بەغارە غار،**
**دنیای هەموو کردە بەهار.**
**لە پڕ خاوەن کەری زۆر زان**
**هەستی کرد وا لەو دیو تەلان**
**هەراو هۆریاو دەنگەدەنگە،**
**ئیتر زانی کاری لەنگە!**
**گوتی:کەرە گیان، کوێ گرە،**
**ئەو دەنگە دەنگی ڕێگرە!**
**هەتا زووە با بارت کەم**
**لە ڕێگران ڕزگارت کەم**

---

١- شاعیر لەپەراوێزی دیوانەکەیدا دەڵێ: ((بیرۆکەی خزمایەتی هەیە لەگەڵ نەزیرە((فێبڵ))یێکی ئیزۆپدا (سەدەی شەشەمی پ.ز)، دەسکاریم کردووە و بۆ مەبەستێکی دیکە بەکارم هێناوە.

**کەر دایە قاقای پێکەنین...**
**گوتی: ((وربان هاوڕێی شیرین!**
**بارەکەی من لەخۆت بارکە،**
**هەتا زووە خۆت ڕزگارکە**
**کەمن کەرم بارەبەرم،**
**کورتان لەپشت هەش بەسەرم،**
**فەرقی چییە؟ دەرد هەردەردە،**
**کەری تۆم یا هی جەردە!))**(١)

ئەمە شیعرێکی گەپ ئامێزە، جیاوازە لە شیعرەکەی نالی کە وەسفی جەستەی کەرێك دەکات، یا ئەو شیعرەی شێخ ڕەزا کە وەسفی جەستەی ئێسترێك دەکات، ئەوەی نالی و ئەوەی شێخ ڕەزا، وەسفەکان لەسەر بنەمای کاریکاتێری بنیاد نراون، ئەم شیعرەی عەبدوڵڵا پەشێو، چیرۆکێکی سەرنج ڕاکێشی پێکەنیناوییە، کە تێیدا شێواندنێك لەجەستەی کەرەکە ڕووینەداوە، تەنها لە سیفاتیدا شێواندن و خەیاڵفراوانی هەیە کە (کەر)ێك پێکەنیوە و قسەی کردووەو بەم جۆرە داڕشتنەش شیعرێکی گەپ ئامێز دروست بووە.

حاجی قادری کۆیی لە دێڕەشیعرێکدا دەڵێ:

**لەتەسویری قەڵەم مووی کەوتە بەردەم نوقتەکی دانا**
**ئەوی کردە کەمەر نەقاش ئەمی بۆزاری داناوە**(٢)

حاجی قادری کۆیی باسی کاتی نووسین دەکات، کە تاڵەموویێك کەوتۆتە پێش قەڵەمەکەیی و ئەویش لە نووسین وەستاوە و خاڵێکی داناوە، تاڵە مووەکەی بە

---

١- عەبدوڵڵا پەشێو، هەسپم هەورەو ڕکێفم چیا، چاپی سێیەم، کوردستان- هەولێر، ٢٠٠٨، ل ١٣٣-١٣٥

٢- دیوانی حاجی قادری کۆیی، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی سەردار حەمید میران و کەریم موستەفا شارەزا، اینتیشارات کردستان،١٣٩٠،ل ١٤٣

کەمەری کچ داناوە، ئەو نوقتەیەی کە داشی ناوە، بە دەمی کچەکەی چواندووە. بەدەر لە شیعر، نیگارکێشێك بیەوێ ئەم شیعرەی حاجی قادر وێنە بکێشێت، ئەوا شتێکی زۆر عاجباتی(سەیر و سەمەرە) دەردەچێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وێنەکانی ئەم شیعرە لە ئاستی جوانناسی خۆیان دەمێننەوەو وێنەیەکی کاریکاتێری دروست ناکەن. زۆر جار دیاردەی گەورەکردن، یان بچوککردن لە شیعردا نابێتە هۆی دروستبوونی شیعرێکی کاریکاتێر، چونکە گەورەکردن و بچوککردن و شێواندن لە وێنەکان لە شیعری کاریکاتێردا، دەبێ بنەمای گاڵتە و گەپی لەپشت بێت.

لە شیعرێکی تر کە خۆم(تویێژەر)نووسیومە واهاتووە:

ماڵە بابم دنحۆکە

مەراقی نیسك و نۆکە

مل باریك ترتڕۆکە

سەر خڕی شەکەرۆکە

ئەمەیان شیعرێکی کاریکاتێرییە و شێواندن لەجەستەی کەسەکە کراوە، ملی بە گیای ترتڕۆکە جوێندراوە، سەریشی بە دڕکی شەکەرۆکە، خاڵی بزە بەخشینی تێدایە.

# بەشی سێیەم
# مێژوو و شێوازەکانی شیعری کاریکاتێر

## ١- کاریکاتێر لە شیعری کوردیدا

لەبەرهەمە فۆلکلۆریەکانی ئەدەبیاتی کوردیدا بیرۆکەی کاریکاتێری دەبینرێت بۆ نموونە: لە ڕشتەی مرواری (عەلائەدین سەجادی) هەندێ نوکتەو کورتە بەسەرهاتی تێدایە کە هەوێنی کاریکاتێرن، لە بەسەرهاتەکانی (مەلای مەشهور) دەربڕین و وێنەی تەنزئامێزن، لە نێو شیعری کوردیدا ئەو شیعرەی (نالی) کە لە بارەی کەر داینا وە، لەگەڵ ئەو شیعرەی شێخ ڕەزا کە بە ناوی ( ئێسترێکی ڕوت و قوت)ە...، هەروەها قانعی شاعیر لە شیعرەکانی: (قانع و کەرەکەی، شیعری تور، ئەسپەکەم، قانع و لێفەکەی)، هەروەها شوکری فەزلی و مەلا غەفوری مهابادی و خالسی... هتد

گۆرانی شاعیر کۆمەڵێ شیعری لەژێر ناوی (شیعری گەپ) بڵاو کردۆتەوەو دەست ڕەنگینی خۆی نواندووە.

دوای ساڵانی (١٩٧٠) گرنگی بەم جۆرە شیعرە دراوە، لە شیعرەکانی: شێرکۆ بێکەس، عەبدوڵڵا پەشێو، قوباد بەهرەوەرو... هتد نموونەی شیعری کایکاتێری بەرچاو دەکەون، وەکو نامیلکەی شیعریش (عوسمان شەیدا) دەست پێشخەرە و دوو نامیلکەی شیعری بەناوی خوازراو بڵاوکردۆتەوە، یەکەمیان: بەناوی (گرانەتا)لە ساڵێ(١٩٩٢)بە ناوی خوازراوی ( هەڵکەوت) بڵاوی کردۆتەوە، نامیلکەی دوەمیش: بەناوی (سێبەرۆ) لەساڵی (١٩٩٤) بەناوی خوازراوی(لاس) بڵاو کردۆتەوە، ( حەمەسەعید حەسەن) نامیلکەیەکی شیعری لەساڵی (٢٠٠٤) لەژێر

ناوی (بە ڕوخسەتی حەزرەتی شێخ ڕەزا) بڵاو کردۆتەوە، سەرتاسەری بابەتی تەنز و کاریکاتێرە، لە ساڵی (٢٠١١)شدا کتێبێکی تری بڵاوکردۆتەوە بەناوی (کاریکاتێر بە وشە)، کە تێیدا کۆمەڵێ وتار و شیعری تەنز ئامێزی لە خۆ گرتووە.

لە گۆڤارەکانی: فشقی تایز ١٩٩٤، (سیخوڕمە) و (گەپ) و (مەلای مەشهور١٩٩٧)، (ئەهۆو ١٩٩٨)، (دەهۆڵ تایز)، کە تایبەتن بەکاریکاتێرو گرنگییەکی زۆریان بەم بوارە داوە[1]، لە نووسینەکانی دکتۆر( شێرکۆ عەبدوڵڵا)شدا بابەتی تەنزی جوان دەبینرێن، بەشێکی زۆر لە نوکتەو بەسەرهاتی سەیرو سەمەرە دەکەونە خانەی گەپ و هەندێکیشیان دەکەونە خانەی تەنزو پلار و توانج...، بەتایبەتی ئەوانەی وسفی شتەکان دەکەن و لەشێوەی وێنە نمایش دەبن، ئێستا بە بەرنامەی فۆتۆشۆپ بە بەرنامەکانی کۆمپیوتەر وێنەی کاریکاتێری دروست دەکرێت، چ بەبڕینی سەری کەسێك و لکاندنی بەجەستەیەکی کاریکاتێرەوە، یاخود وێنەی کەسەکە بە کۆمپیوتەر گۆڕانکاری بەسەردا دەهێنرێت، بەتایبەتی گرنگیدان بەهەندێ شت وەك ئەوەی ئەو کەسە لوتی گەورە بێت، یاخود هەر ئەندامێکی دیکەی زیادتر گەورە دەکرێت و دەبێتە خاڵی تێڕامان و سەرنج دانی بینەران، یان ئەو کەسە چاوی یان ئەندامێکی جەستەی بچوکە ئەوەندەی تر بچوك دەکرێتەوە، یاخود سەرێکی گەورە بە دووقاچی بچوك دەلکێندرێت...هتد. بە بەرنامەی (سناپ جات snap-chat)یش وێنەی مرۆڤ دەشێوێندرێت.بڕوانە ئەم وێنە کاریکاتێرییە کە بە کۆمپیوتەر بۆ کاریکاتێریست(عەلی دەروێش) لەلایەن (توانا عەلی دەروێش) دروست کراوە، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٣)

سەبارەت بەو وێنانەی بەهۆی بەرنامەکانی کۆمپیوتەر دروست دەکرێن ئەوا کاریکاتێریست (بابان مەزهەر)دەڵێت: ((کاتی خۆی زیاتر بە سۆفت و ڕەنگی ڕەش

---

١- لەم گۆڤارانە (سیخوڕمە)و(گەپ) تاکو ساڵی (٢٠١٥) ش هەر بەردەوامن.

و سپی ئیشمان دەکرد ڕۆحییەتی بە هێز بوو، ڕاستە ئێستا کۆمپیوتەر و تەکنەلۆجیا ئاسان کاری بۆ کردووین، بەڵام هەست دەکەی ڕووحییەتەکەی جارانی نەماوە، بەڵگەمان ئەوەیە ئەو وێنەیەی بەدەست و پەنجە دەکرێن چەند سادە و ساکاربن لە وێنەی کۆمپیوتەر جوانترن.))[١] وێنەیەکی کاریکاتێر کراوە بەناوی (ئەحۆل) کە ڕۆژانە لە فەیس بوك و لە نێو خەڵك نوکتە و بەسەرهاتی سەیر و سەمەرە بە ناوی ئەو بڵاو دەبێتەوە.

((پەند و قسەی نەستەقی کۆمیدی ئامێز هەروەکو حەکایەتی کۆمیدی گاڵتەئامێز لە بەر ئەوە نەوتراوە خەڵکی بخاتە پێکەنینەوە، بەڵکو زۆرجار مرۆڤی ئاسایی ئەم پەند و قسە نەستەقانە، یان ئەم حیکایەتانە دروست دەکا بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەوانەوە ڕەخنە لە هەڵس و کەوتی سیاسەت مەداران بگرێت و سوکایەتییان پێبکات.))[٢] دەتونین بڵێین بۆ هەر دوو مەبەستەکە گوتراون، هی وا هەیە تەنها بۆ پێکەنین و شیلەبزە بەخشینن، هی واشیان تێدایە ڕێنیشاندەرو ڕاست کردنەوەی کەم و کوڕییەکانە.

چەند نموونەیەکی شیعری کاریکاتێر دەهێنینەوە، کە دەڵێن شیعری کاریکاتێر ڕاستەوخۆ وەسفەکەمان پێشان دەدات، ئەوەندە هەیە کاریکاتێرەکە لەجیاتی ئەوەی بەهێڵکاری و وێنەبێ بە وشەیە، واتە هەندێ شیعر تەنها گەپن یان تەنز ڕاستەوخۆ وێنەیەکی ڕوونمان پیشان نادەن، بەڵام هەندێ شیعر هەن ڕاستەوخۆ وێنەی کاریکاتێریمان پیشان دەدەن، سەرەتا لەشیعری فۆلکلۆرەوە دەست پێدەکین، فۆلکلۆر خەزێنەیەکی لەبن نەهاتووە بۆ سەرجەم کایەکانی ژیان، لەم دێڕە شیعرە کاریکاتێرییە فۆلکلۆرییەدا وا هاتووە:

---

١- چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی(NRT)لەگەڵ کاریکاتێریست (بابان مەزهەر)، لە ڕێکەوتی شەوی ٢٠١٤/٨/١٤.

٢ – نەجم ئەڵوەنی(د)، ئەفسانەو پەندی کۆمیدی گاڵتە ئامێزی کوردی، چاپخانەی دارا، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٧٦

**قوربانی بالآت بم بالاّ گلێنە**

**دەم قومقومۆکی لچ قولّفە سوێنە**[1]

لەم دێڕە شیعرەدا وەسف هەیە، وەسفێکی چاوەڕوان نەکراو، کە بالآی ئافرەتێك بە گلێنە چوێندراوە کە خڕ و کورتیلەیە، لەهەمان کاتیشدا خۆی بەقوربانی دەکات!!، دەم و لێوی بە قومقومۆکە دەچوێنێ!، لچیش بە قولّفە سوێنە، لەسێ وێنەدا شیعرێکی کاریکاتێری دروست بووە، لەزەینی خوێنەر وێنەی ئافرەتەکە دروست دەبێت و کاریکاتێریستێکیش دەتوانێ لەسەر بنەمای ئەم شیعرە وێنەی بکێشێت، واتا شیعری کاریکاتێر هێڵکاری کێشانی کاریکاتێرە بە وشە.

لە شیعرێکی دیکەی فۆلکلۆری کوردی وا هاتووە:

**بەردێ بەستێ کفتەك با!**

**درا لێڕا کەفچك با،**

**دێفڕکە بابۆ فڕکە،**

**دێفڕکە بابۆ فڕکە.**[2]

ئەم شیعرە فۆلکلۆرییەی دیالێکتی کرمانجی سەرووی زمانی کوردی، لەسەر بنەمای تەنز بنیات نراوە، کە بەردی گەورەی ناو ئاو بە کفتە داناوە و دەڵێ ئەگەر ئەم بەردانە کفتە بن، دیارە ئاوەکەش دەبێتە مەرەگە، یان شۆربای کفتەکە، درەختەکانی دەوروبەریشی هەمووی کەوچك بن، ئینجا بۆ خۆت هەر فڕکە و هەر بخۆ، دێفڕکە بابۆ فڕکە، دێفڕکە بابۆ فڕکە... هتد.

لە دێڕە شیعرێکی فۆلکلۆری کوردیدا، کە لە چەند مەجلیسێك گوێم لێبووە، وا هاتووە:

---

١ – چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ د. لەتیف حەسەن، مامۆستا لە زانکۆی کۆیە، لە ڕێکەوتی ١٥/ ٦/ ٢٠١٠.تێبینی: (سوێنە) دەفرێکە لە گڵ دروست دەکرێ لەباتی تەشت بەکار دەهێندرێ.

٢– دیدەنی توێژەری ئەم کتێبە لەگەڵ د. عزەدین مستەفا ڕەسووڵ، ٢٠١٠/١١/١٥

**كوێی قوت كردووه وەكو مشكە**
**جێی نوكان نایێ لەبەر ئەسپێ و ڕشكە**

ئەمە بۆ ئەو منالّە، یا ئەوكەسە بەكاردێ، كە زۆر بە وریاییەوە گوێی لە قسە گرتووە، جا كەسێك لە مەجلیسەكەدا ئەم گوتەیە دەڵێ و سەیری كەسی گوێ قولاّغ دەكرێت و دەبێتە پێكەنین، واتای شیعرەكەش ئەوەیە، كە كەسێك وەك مشك كوێی قوت كردووەو سەریشی هێندە ئەسپێ و ڕشكی پێوەیە و جێگەی جڕنوكی نابێتەوە سەری بخورێنیێ.

نالی لەشیعری ( هەی كەرێكم بوو...) دا دەڵێ:

**هەی كەرێكم بو، چ پەیكەر؟ هەی كەری هەوراز و لێژ**
**سینە پان و، موچە كورت و، شانە بەرزو، گوێ درێژ**
**بن زك و جەبهەت سپی، كلك ئێسترو دامەن سیا**
**یەككەتازو، سێ برِو، دوبادو، شەش دانگ و درێژ**
**كەللە وەك جەرِەی شەرابی پر نیشاگ و تەرِدەماغ**
**شێری نەرِ، ئاهوی بەرِ، گورگی سەفەر، قەمچی نەچێژ**
**مل عەلەم، شیرین قەلەم، ئاهو شەكەم، مەیموون قەدەم**
**سم خرِو كلك ئێستر و مەنزل برو، عارەق نە رِێژ**
**زەق و زەرِرِاقیی وەكو كاخەستەر، ئەمما بێ غوبار**
**بەرق و بەرِرِاقیی وەكو پیرۆزە، لاكن بێ گرێژ**
**سم وەكو یەشم و پەشم و توكی پێ دا سەرەنگون**
**چاو وەكو بیجادە یا دووشەو چراغی شوعلە رِێژ**
**گوێ درێژی بارو كورتان بەرزو، پالاّنی بەزین**
**چوست و وریاتر لەگوێ كورتانی پالاّنی و گێژ**
**قانیئی بابی رضا و راچی بەپەش و درِو دالّ**

**سالیکی صەبرو تەحەمول، بوردەبارو هیچ نەویژ**
**عاقڵی بۆناوی کەر بو، قاطعی ڕێگەی سەفەر**
**خۆش سلوکتر بۆ لەصەد وێڵداشی هەرزە و گێژ و هێژ**
**(صائم الدهر) ی بەڕۆژ، ئەما بەڕۆژی بێ نییەت**
**(قائیم اللیل) ی سلوك، ئەمما سلوکی بێ نوێژ!..**
**چەندە پێم خۆش بوو زوبانی حاڵی دەیوت ((نالیا))**
**هەردوو حەیوانین، ئەتۆ کوێ گورت و ئەمنیش گوێ درێژ**[1]

لەو شیعرەی (نالی)دا سەرجەم وێنەکان کاریکاتێر نین، بەڵکو تێکەڵەیەکە لە وێنەی ئاسایی و کاریکاتێر، لە گوتەی کەلە وەك جەرەی شەراب و، مەیموون قەدەم ...ڕووی کاریکاتێری بەدەردەکەون.

نالی وەسفی سەرجەم ئەندامەکانی ئەو کەرەی کردووە، کەللەی سەری و گوێ و چاو و کلك و... زیاتریش بەوێنەی لێکچوواندن دروستی کردوون، بەڵام لەهونەرێکی بەرز لەقالبی داون(( نالی لەئاست مانادا دەگەڕێتەوە بۆ وەسفی کەرێکی تایبەت نەك پەیکەر، واتە دەکەوێتە ژماردنی خەسڵەتی ئەو گیاندارەی کە کەری هەوراز و لێژە، سینەپان، موچە کورتە، شانە بەرزە، دواجاریش گوێدرێژە))[2] نالی جگە لەوەسفی جەستەی کەرەکە وەسفی سیفات و جموجۆڵیەکەشی کردووەو تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانی خستۆتە ڕوو.

شێخ ڕەزای تاڵەبانی لە شیعری(کەڵەشێری کرماشانی)دا دەڵێ:

**کەلەشێرێ بەڕەزا لازمە کرماشانی**
**زیرەك و چاپوك و دەم گەرم و دڕو شەڕانی**

---

١ – دیوانی نالی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عبدالکریمی مدریس و فاتیح عبدالکریم،چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بغداد، ١٩٧٦، ل٢٢٤ تا ٢٢٨.
٢– ڕێبوار سیوەیلی، کتێبی نالی، دەزگای چاپ و بڵاو کردنەوەی موکریانی، چ١، هەولێر، ٢٠٠١، ل ١٨٥–١٨٦.

**كەڵەشێرێ كەقەپی گرت لە بناگوێی كەڵەشێر**
**پڕ بەدەم بیپچڕێ وەك سەگی هەورامانی**
**كەڵەشێرێ ئەگەر شێری نەڕی بێتە مەساف**
**ڕای ڕفێنی بەشەقی میسلی كەری تاڵانی...**[1]

شێخ ڕەزا بەوەسفێكی كاریكاتێریانەی جوان وەسفی كەڵەشێرێكی كردووە، وێنە كاریكاتێرییەكانیش لەمەوە بەدەردەكەون، كە كەڵەشێر دەنوك دەهاوێ ئەم لەشێوەی سەگ پیشانی دەدات كە قەپ دەگرێ، واتا جەستەی كەڵەشێرە، بەڵام سەر و دەم و قەپۆزی سەگە، واتا بووە بە (كەڵە سەگ)، بەس سەگ چ سەگێك! سەگێك شێریش پارچە پارچە بكات و ڕایبماڵێت، بەخوا جوانە، یا عیسا پێغەمبەر تووشی ئەم كەڵە شێرە نەبین ه ه هه!.

قوباد بەهرەوەر لە شیعری (ئاردی گەنم)دا دەڵێت:

**من كاغەزێكی پۆكەرم**
**دەزانم تامی بردنەوەو دۆڕان چۆنە**
**من نۆكەرم**
**دەزانم ئاوازی قامچی و لێدان چۆنە**
**من باڵندەی دەربەدەرم**
**دەزانم زامی ساچمەو سەربڕان چۆنە**
**مێش و كوللەو جانەوەرم**
**مشك و بۆقی موختەبەرم**
**بۆیە كیمیاش پێم ناوەستێ**
**من كوردم و ئاردی گەنم**
**چیتان دەوێ لێم هەڵدەستێ**[2]

---

١ – شێخ محەمەدی خاڵ و ئومێد ئاشنا، دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، ل١٩١
٢– قوباد بەهرەوەر، ئەو شەهیدەی گۆرانی دڵداری دەڵێ، ٢٠٠٥، ل ١٠٨

لە ڕێی شێواندنی وشەدا هەوڵی داوە بابەتێکی تەنزئامێز دروست بکات، بە چەند کورتە دەربڕینێك وێنەکان دەخاتەڕوو هەرچەندە لە زەینی خوێنەر وێنەیەکی ڕوون و بەرچاو نابینرێت، واتە شیعرێکی توانج ئامێزە.

شێخ ڕەزای تاڵەبانی دەڵێ:

**حەمەی وەستا فەتاح سەد بارەکەڵڵا لەم سەرو ڕیشە**
**کە گوێدرێژیٚ بە تەنها چۆن ئەبا ئەم بارە قامیشە**
**لەسەد باتمان خوری زیاتر نەبێ کەمتر نییە وەزنی**
**سەرت چۆنی هەڵئەگریٚ من سەرم سوڕماوە لەم ئیشە**(١)

گۆران لە شیعری(سەگوەڕ)دا لەم کۆپلەیەدا دەلیٚ:

**توولەی دەرگای ئاغا گشت،**
**وەك کەڵەشێر کلك لەسەر پشت،**
**ئەوەن وەڕی.. ئەوەن وەڕی**
**تا لە کاسە چاو دەرپەڕی..**(٢)

لەتیف هەڵمەت لە شیعری (پێی مار) لەم کۆپلەیەدا دەڵیٚ:

**من دەڵێم:**
**مار پێی هەیە**
**بەڵام ئێمە**
**نایبینین**
**بۆ ئەوەی پێی مار ببینین**
**دەبیٚ**
**چاویلکەیەکی زەڕەبین**
**لە چاو کەین**

---

١- دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، ل ٦٥.

٢- گۆران، دیوانی گۆران، مطبعة المجمع العلمي العراقي، بغداد، ١٩٨٠، ل٣٩٣

**ئەوەندەی**
**جووتێ تایەی لۆرییەك**
**گەورەبێ..![1]**

هاوژین صلیوه له شیعری (لادەكەم)دا دەلێ:

**لادەكەم وەك بزنی لاتە بەلەنجەو لار دەڕوا**
**ویلی خوارو تایەی لوس ناز لە سەر زەوی دەكا**
**كوشینی ناوی وەك كورتانی كەر دڕاو**
**گێڕێكی درێژ كلاج و ئیستاپ تەواو،**
**دەرگای شەتە، پەنجەرەو دەشبوول شكاو و پینەكراو**
**سەقفی كون كون و ژەنگاوی دێتە ژوور دڕۆپەی ئاو**
**هەموو گیانی خایسەو بۆیاغی شین و ڕەش**
**دەبەی ئاوی لەسەرە هەروەك مووغەزی نەخۆش،**
**لەنشێوان بە لەنجەو لار دێتەخوارێ زۆر سەریع**
**لە هەورازان نایكێشێ هیلاكەو زۆر بەتیێ**
**سوكانی نیووە بۆشە لەڕۆیشتن سەرخۆشە**
**لە نشێوان بێ مەسرەف دایم هەوا لە بۆشە،**
**گلۆپی پێوە نییە قاعیدەی گلۆپ شكاو**
**زەڕنەقوتەی پاساری وا دەجریوێنێ لەناو،**
**سەنەوی هەرنەماوە هی زەمانی قۆپچەیە**
**بۆدی و سنوقی پشتی خۆ هی بەرازیلییە**
**چاملغی دەستە ڕاستی لەپلێتی بەرمیلە**
**هەرچوار ویل كەپەكانی لە سەرە قابلەمەیە**

---

١- لەتیف هەڵمەت، دیوانی لەتیف هەڵمەت، بەرگی دووەم، چاپی دووەم، چاپخانەی پەیڤ، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٦٢٩.

**مەکینەی هی عەنتەرە، ئەکسلی هی شۆفلە**
**فیت پەمی هی سووپەرە پلاکیشی هی تویتەیە**
**هەموو رۆژێ لەسەر فیتەرم ئەشیای ماڵم بۆت فرۆشت**
**تەلەفزیۆن و سەلاجەو قاپ و قاجاغ و تەشت**
**لادەکەم حەیاتەکەم هەرچۆنێ بی هەرباشی**
**سوپەرو کوپەیی و سەیارەی خەڵکی بەمن چی**
**لادەکەم زۆر بەکێش بووە ئەمرۆ بەیانی**
**بە هەیبەسوڵتان سەردەکەوێ زۆر بەئاسانی**
**عەشقی پەیکەرو لەنجەولاری تۆم لادە**
**ئەی کیژۆڵە خرپنەکە بۆ لادەکەم لادە**[١]

هەرچەندە لە شیعری کوردیدا نموونەی دیکە دەست دەکەون، بەڵام ئێمە ئەم چەند نموونەمان هەڵبژاد، کە نموونەی شیعری چەند قۆناغێکی شیعری کوردین، شیعری فۆلکلۆر و شیعری کلاسیك و شیعری نوێ و هاوچەرخ، بڕوانە کاریکاتێریست (لوئەی مەتێ کۆیی)[٢] لە سەر بنەمای ئەم شیعرە ئەم وێنە کاریکاتێرییەی کێشاوە.بڕوانە پاشکۆی ژمارە(٤).

---

١– هاوژین صلیوە، لە پاییزەوە بۆبەهار– شیعر، چاپی یەکەم، چاپخانەی بێریڤان، هەولێر، ٢٠٠٧، ل ١٢٧–١٢٨

٢-لوئەی مەتێ کۆیی لە ساڵی (١٩٦٦) لە کۆیە لەدایکبووە، بەکالۆریۆسی لە بەشی ئەندازیاریی نەوت تەواوکردووە، یەکەم پێشانگای کاریکاتێری لە ساڵی (١٩٩٨)لە بەغدا کردۆتەوە، دووەم پێشانگای کاریکاتێری تایبەتی لەهۆڵی ئەندازیارانی بەغدا ١٩٩٩ کردۆتەوە، سێیەم پێشانگای کاریکاتێری تایبەتی لە ساڵی (٢٠٠٤) لە عەنکاوە– هەولێر کردۆتەوە، بەشدار بووە لە گۆڤاری(مەلا مەشهور) و گۆڤار و ڕۆژنامەکانی عێراق و کوردستان و کاریکاتێری تیا بڵاو کردۆتنەوە و هێڵکاری و نەخشەسازی بەرگی بۆ زۆر کتێب و دیوانە شیعر کردووە.

## ٢- کاریکاتێری شێوەکاری

لە شیعردا دوو جۆرە وێنە هەیە، وێنەیەك کە بە یەك لە پێنج هەستەکەی مرۆڤ دەرکی پێدەکرێ، وێنەیەکیش کە بەر هیچ کام لە هەستەکان ناکەوێ، ئەم وێنانەی کە بەر هەستی بینین دەکەون، ئەمانیش دەبن بە چەند شێوەیەك، (وێنەی ئاسایی): ئەم وێنانەن کە بەسەرهاتێك و کورتە چیرۆکێکی شیعرییە و زیاتر گرنگی بە ڕووداوەکان دەدات، یان وێنەیەکی فۆتۆگرافی پیشان دەدات، (وێنەی شێوەکاری): ئەم جۆرە وێنەیەیە، کە شاعیر زیاتر گرنگی بەڕەنگەکان دەدات، واتا شێوەکارێك دەتوانێت لە سەربنەمای شیعرەکە تابلۆیەك بکێشێت، (وێنەی کاریکاتێری): وێنەکە تەنها وەسف و شێواندنی جەستەی تێدابێت و لە ڕێی هەستی بینینەوە وەربگیرێت، دەبێتە کاریکاتێر، بەڵام ئەگەر وەسفەکان پەرش و بڵاوبوون هەستی بۆنکردن و بیستنی زۆر تێدابێت دەبێتە شیعرێکی تەنزو گەپئامێز...(وێنەی کاریکاتێری شێوەکاری): دەشێ وێنەکە کاریکاتێرێکی شێوەکاری بێت، واتا وێنەکان بە ڕەنگە جیاوازەکانەوە لەلای خوێنەر بەرجەستە بن، کاریکاتێریستێکیش بیەوێ وێنەی بکێشێتەوە دەبێ ڕەنگی تێدا بەکاربهێنرێت، زۆرجار خودی ڕەنگەکان، واتا شێواندن لە ڕەنگەکاندا وێنەی کاریکاتێری دروست دەکەن، بۆ نموونە وێنەی کەسێك بکێشرێت پۆشاکەکانی لەچەند ڕەنگێکی نەگونجاو پێکهاتبن، یان دەموچاوی چەند ڕەنگێکی هەبێ هەست بکەی ئەمە شتێکی ئاسایی نییە.

پێویست بەوە ناکا نموونە بۆ( وێنەی ئاسی)و( وێنەی کاریکاتێری) بهێنینەوە، چونکە وێنەی ئاساییەکە دیار و ئاشکرایە وێنەی کاریکاتێریەکەش لەم پرۆژەیەدا لێی دواوین، تەنها نموونە بۆ وێنەی فۆتۆگرافی و وێنەی شێوەکاری و وێنەی کاریکاتێری شێوەکاری دەهێنینەوە.

نموونەی وێنەی فۆتۆگرافی: (گۆران) ی شاعیر دەڵێ:

**کۆمەڵە شاخێك سەخت و گەردن کەش**
**ئاسمانی شینی گرتۆتە باوەش**[(١)]

ئەم دێڕە وێنەیەکی فۆتۆگرافییە، وێنەیەکە وەك ئەوەی بەکامیرەیەك وێنەی چیاێکت گرتبێت و ئاسمانیشی لەگەڵ دەرچوبێت.

نموونەی وێنەی شێوەکاری:شێرکۆبێکەس دەڵێت:

**پشتی ماسی پولەکەبوون،**
**زەردێکی کاڵ لەناو کەسکێکی زۆر تۆخداو**
**نوختەیەك سوور لەبن گوێداو**
**بەرسکێکی سپی و سپی درەوشاوە**[(٢)]

ئەم جۆرە وێنەیە، پێکهاتەیەکی شێوەکاری هەیە، لەبەر بوونی کۆمەڵە ڕەنگێك تیایدا، شێوەکارێك لەسەر بنەمای ئەم شیعرە دەتوانێت تابلۆیەکی شێوەکاری دروست بکات، واتا ئەم شیعرە کاریکاتێر نییە، چونکە وەسفی جوانی ماسییەك دەکات بەبێ ئەوەی ئیچ جۆرە شێواندنێکی تێدابێت.

هونەرمەند (هێرش بەگی خانی) لەسەر بنەمای ئەم شیعرە، ئەم وێنەیەی کێشاوە. بڕوانە پاشکۆی ژمارە(٥)

نموونەی کاریکاتێری شێوەکاری، هاوژین صلیوە[(٣)] لەشیعری(لادە)دا دەڵێ:

**...هەموو گیانی خایسەو بۆیاغی شین و ڕەش**
**دەبەی ئاوی لەسەرە هەروەك مووغەدی نەخۆش...**[(٤)]

---

١– دیوانی گۆران، ل١٢٧

٢– شێرکۆ بێکەس، ڕەنگدان، قەسیدەی درێژ، چ(١)، چاپخانەی خاك، سلێمانی، ٢٠٠١، ل١٥٦

٣– هاوژین صلیوە: (لە هەردوو دیوانە شیعرەکەمدا زیاتر لەبیست شیعری کاریکاتێریم هەبوو، بۆیە بەپێی پێویست چەند دانەیەکیانم لەم پڕۆژەیەدا بەکارهێناوە).

٤ -هاوژین صلیوە، لە پاییزەوە بۆ بەهار– شیعر، ل ١٢٧–١٢٨

لە بەشی کاریکاتێر لە شیعری کوردیدا تەواوی شیعرەکە هێنراوەتەوە، بەڵام لێرەدا لە ڕێی شێواندنی ڕەنگەوە ئەم سەیارەی لادەیە بەشێوەیەکی کاریکاتێری پیشاندراوە، دیارە ئۆتۆمبیلێك بە تێکەڵ و پێکەڵی بۆیاغێکی شین و ڕەش کرابێ، مایەی زەردەخەنە بەخشینە، چونکە دوو ڕەنگن کە لە بۆیەی سەیارەدا پێکەوە تەنسیق ناکەن، چجای ئەوەی زۆر بە ناڕێکیش بۆیە کرابێ. شیعری کاریکاتێری شێوەکاری لە ئەدەبی کوردیدا نموونەی زۆر کەمە، بەڵام لە هونەری کاریکاتێری بە وێنەکێشراو نموونەی زۆر بەرچاو دەکەوێت.

لایەنی شێوەکارییەکە ئەوەیە، کە وەسفی ئەم لادەیەکراوە لادەیەکی ڕەش و شینە، واتا بۆیەی ڕەش و شین کراوە و وێنەکەی کاریکاتێرێکی شێوەکارییانەیە. هەروەها دەبە ئاوی لەسەرە کاتی خۆی کەل و پەلی ئۆتۆمۆبیل گران بوو کاتێ ڕادێتەری سەیارە تێکدەچوو دەبە ئاوێك یان تانکی ئاوێکیان لەسەر سەقفەکەی دەبەست، بە سۆندە و بەلوعە ئاویان بۆسەر ڕادێتەرەکە ڕادەکێشا، ناو بە ناو کاکی شوفێر دەستی بۆ سەرەوە دێژدەکردو هەندێك ئاوی بەردەداوە و مەعیدەی لادەکەی سارد دەکردەوە! هـ هـ هـ (حەئهوو تەیهو تەیهووووو).

لەتیف هەڵمەت دەڵێ:

**...دەڕۆم لە بەرپێی شەپۆلە دڕەکانیدا**
**شەمچەی نهێنییەکانم**
**هەڵدەکەم..و باسی ماسییە بێ ئاوەکانی خاسەی**
**بۆدەکەم**
**...مافی مرۆڤ/هێستری ئاوس/ کەڵەشێری مێینە**
**سورێنەی هێلکە، زەردێنەی خوێن**
**جوتێ پێڵاوی تاك/...** (١)

---

١- لەتیف هەڵمەت، دیوانی لەتیف هەڵمەت، بەرگی دووەم، چاپخانەی ڕاز، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل١٢٢

ئەم شیعرەی لەتیف هەڵمەت شیعرێکی سوریالیزمییە، پەیوەندی ڕاستەقینەی نێوان وێنەکان شێواندووە، کەمێکیش دێتەوە ناو جیهانی کاریکاتێر بەتایبەتی لە دەربڕینی وتەی (هێستری ئاوس، کەڵەشێری مێینە) ئەمە زیاتر کاریکاتێریستێك دەتوانێ وێنەیان بکێشێ، بەڵام لێرەدا لەنێوان کەلەشێر و تایبەتمەندییەکەی شێواندن هەیە، واتا لە شێواندنی تایبەتمەندی ڕەنگەکاندا کاریکاتێری دروست کردووە، (زەردێنەی هێلکە)ی کردووە بە (سوورێنەی هێلکە) زەردێنەی خوێنیشی بەکار هێناوە.

## ٣- کاریکاتێر و گەمەی زمان

### أ- تێکەڵکردنی وشەی دوو زمان:

ئەم جۆرە کاریکاتێرە لەڕێی تێکەڵکردنی چەند زمانێك دروست دەبێت، تێکەڵکردنێکی وا کە سەرنج ڕاکێش و پێکەنیناوی بێت، دیارە لەشیعری کلاسیکیدا بە وشەی چەند زمانێك شیعریان دەنووسی، بەڵام ئەم جۆرە وشە تێکەڵکردنە بۆ بنیاتنانی شیعر بوو نەك بۆ مەبەستی کاریکاتێر، کەواتە جۆری تێکەڵکردنی وشەکان لە سیمای شیعرەکانەوە بەدەردەکەوێت کە کاریکاتێرە.

شێخ ڕەزا دەڵێت:

**ئاگر ئەکەر لەماڵی چێ**

**ئەڵێن ئاگر نییەو نوورە**

**نە نوورەیلێ نە سوڕەیلێ**

**شەپڵتەیلێ دەر قوونەیلێ**

**قسەی جوولەکەی مەشهوورە**[(١)]

لەم شیعرەی شێخ ڕەزادا وێنەکان ڕاستەوخۆ ئیحای کاریکاتێری بە کاریکاتێریستێك نادەن کە بە هێڵکاری شیعرەکە بکێشێت، بەڵام شیعرێکی گاڵتە

---

١–شێخ ڕەزای تاڵەبانی، دیوان، ل٩٠.

ئامێزە، هەرچەندە ئەم گوتەیەی شێخ ڕەزا بەسەرهاتێكی لەپشتە، وەك بیستوومە ئەوكاتەی جولەكەكان لە كوردستاندا بووین زێڕنگرێكی دەوڵەمەندیان لێ دەمرێت، شەوێ چەند كەسێك گۆڕەكەی هەڵدەكەنن بەونیازەی گوایە هەندێك زێڕو لیرە بدۆزنەوە، كاتێ هیچ نادۆزنەوە، شەپڵتە ئاگرێك لەجولەكەكە دەكوتن و بەجێی دەهێڵن، ئینجا خەڵكی گوندی سەیردەكەن ئەوا ڕوناكییەك لە گۆڕی كابرای جولەكە دێتە دەرەوەو! دەڵێن: ئەم جولەكەیە پیاوچاكەو نوور لە گۆڕەكەی دێتە دەرەوە، كاتێ دەچن و سەیردەكەن ئەوا شەپڵتە ئاگرێكیان لە دامەنی كوتاوە، ئینجا دەڵێن بابە: (نە نورەیلێ، نە مورەیلێ(سورەیلێ) شەپڵتەی لە دەر قونەیلێ)، ئەم دەربڕینانەش تەنها لەسەر ئاوازی زمانی عیبری دەربڕاون و پاشگری(یلێ)یان پێوە لكاندووە، (زمانی عیبری) و (زمانی سریانی) ئەو تایبەتمەندییەیان هەیەو ئەم پاشگرە وەردەگرن، زمانی كوردی (ە-یە) فرمانی بێهێزە بۆكاتی ئێستا لە زمانی سریانی (یلێ)هەمان ڕۆڵ دەبینێ، بۆ نموونە بە كوردی كە دەڵێین: (باشە) بە سریانی دەبێتە (باشیلێ).

قانع لەشیعری (تێهەڵكێش بۆ پێكەنین)دا، كە نیوە دێڕێكی بە زمانی كوردی و نیوە دێڕێكی بە زمانی فارسی خستۆتەڕوو و دەلێ:

**سەیری مەنجەڵ كەن چلۆن پڕیە لە چێشت**
**خاك بر سر كن غم ایام را**
**سەد تفم لێكەن لەسەر یەپراغ و گۆشت**
**ما نمی خواهم ننگ و نام را**
**دوێنێ دەرگای مەتبەخم لێ داخرا**
**خاك بر سر نفس بد فرجام را**
**ئاگری لۆقەنتەچی بوو، ئافەرین**
**سوخت این افسردگان خاو را**
**غەیری حەڵوا تامی دەم شیرین ئەكا**

**کس نمی بینم زخاص و عام را**
**دوێنێ یەك گیپەم لەگیپە خانە دی**
**کز دلم یکباره برد ارام را**
**چۆن فیێدای باجی مەجێی چێشکەر نەبێ**
**هر که دید ان دید ان سرو سیم اندام را**
**قانعا، با، ئێستە بێ نانی بەلاّم**
**عاقبت روزی بیابی کام را**[1]

(هاوژین صلیوه) لە شیعری (حوب بەینە پیرەژن و پیرەمێرد)دا کە بە تێکەڵکردنی وشەی کوردی و عەرەبی ئەم شیعرە کاریکاتێرییەی داڕیشتووەو دەڵێ:

**ڕۆژێك لەڕۆژان ڕەئەیتو ئیمرەئەتون عەجوز فەوقە سەربان**
**بیەدیها گۆچان وەمەعە پیرە مێردێك دەکا چاوچاوان**
**لەگەڵ زەردەخەنە فەتەحە فەمیها بدوونە ددانی**
**وە شیعریها ئەسوەد موفەحەم بە خەنەو بەدەرمانی**
**وە فەتەت صەدریها بۆ پیرەمێرد دۆراب و دوگمە**
**وە ڕەمەیت ئەلحیجاب و فەدەرکەوت گێی شۆڕو بسکی بەخەنە**
**عندەما فەتەحەت صەدریها دەرکەوت جوتێ باینجانی سیس**
**وە بیلەهفەت یەتمەحو پیرەمێردی عیون حیز**
**وە ئەیابەن یەنبەهـ پیرەمێد بزحکەهو ئەو زەردەخەنە**
**وە یەتەعەلەق بلدیوار میسل عەنکەبوت ئەو جارجارۆکە**
**وە سەقەتە لەسەربان و کەوتە خوار**
**ئیمرەئەت ئەلعەجوز دیکرد هات و هاوار**
**وە تەجمەعو ئەلناس هەڵیان گرتەوە بە یەد**

---

١– قانع، دیوانی قانع،ل٧١.

**پێیان گوت ئەنتە لێش کەوتی پیرەمێرد؟**
**وتی: عصفور زەهەبو ناو کونە دیوار**
**هەرەعتو ئیلەیهی لەوێ کەوتمە خوار!،**
**وە قالە ئەلناس عصفور کوانێ**
**وە قالەت عەجوز فڕی بۆناو ڕەزانی،**
**وە هەستا پیرەمێرد وە ئەلناس ڕۆیشتن**
**وە صەعەدە بالقادرمە بۆلای پیرێژن**
**وە هەرەبە ئەلئیمرئەت ئەلعەجوز بان و سەربانی**
**کەوت لە فەوقە ئەلستوح بۆناو کەندەرانی**
**پیرەمێرد خۆی هەڵدا لە فەوقەبانی**
**وە یەمسیکو بیەدیهی جۆتە مەمانی**
**وە ماچی دەکرد لە شەفەتانی**
**پیرێژن دەیگوت: ئەنتەو ئانی**
**تەعال بڕۆین ئیلا مەدینەی سلێمانی**
**بۆسەم مەکە لەسەر گوفکو ژێربانی،**
**کوڕە تەعال دەچین ئیلا سلێمانی**
**ئیلا فندەق لەوێ ڕادەبوێرین بەجوانی**
**وە قالە پیرەمێرد لا فندەق وەلا مەصایف سلێمانی**
**ئەحلا مەکانە فی دڕك و داڵی ناو کەندەرانی** (١)

کاریکاتێریست (لوئەی مەتێ کۆیی) لەسەر بنەمای ئەم شیعرە دوو وێنەی کاریکاتیری کێشاوە، کە چەند گۆشەیەکی شیعرەکە لەخۆی دەگرێ.بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٦ و ٧)

(١) هاوژین صلیوە، لە پاییزەوە بۆ بەهار، چاپی یەکەم، چاپخانەی بێریڤان، ٢٠٠٧، ل ١٢٤.

## ب- (بە هەڵە بەکارهێنانی وشە) شێواندنی وشە:

بریتییە لەوەی کە لە کاتی قسەکردندا کەسێك بە باشی دەنگێکی بۆ گۆ ناکرێ، یان هەڵەیەك دەکات بەم هەڵەیە دەنگێکی دیکە لە شوێنی دەنگێك بەکار دەهێنێ و بەمەش واتای وشەکە دەگۆڕێت.

حەمەسەعید حەسەن لە شیعری (ماچ و بەهەشت)دا دەڵێ:

**گەر لەم ڕۆژە پیرۆزەدا،**
**لەعیلادی پێغەمبەرە،**
**ماچێ بدەی،**
**بەم شاعیرە قەلەندەرە،**
**ئەوەند خێرت دەگاتێ،**
**پارادیست مسۆگەرە**(١)

لە سەر بنەمای گاڵتە و گەپ و نووکتە بنیات نراوە، دوو دەربڕین دەیخزێنتە جیهانی تەنزەوە، ئەوانیش بە پلەی یەك (عیلاد)، کە مەبەستی عید میلادە، ئەوەکەی تر (پارادیس)ە کە وشەیەکی سویدییە و بەواتای بەهەشت دێت.

(موحسین ئاوارە) لە پۆستەرە شیعری (سۆبە)دا دەڵێ:

**لەئاوێنەی نەبوونیدا**
**تەماشای گیرفانی بەتاڵ و پێشهاتەی**
**زستانی کرد**
**لێی ورد بۆوە**
**کوفرێکی بەسەر زارداهات**
**ساتە پڕ.. پەژیوان بۆوە**
**ڕووی کردە ئاسمان و دەستەکانی هەڵبڕی**
**لەجیاتی ئەوەی بڵێ**

---

١- حەمەسەعید حەسەن، کاریکاتێر بە وشە، ل٦٢.

**خودایه تۆبه**

**گوتی خودایه سۆبه.**

ئەم شیعرە وەك بە سەر هات و نوکتەیەکە، خاڵی زەردەخەنە بەخشینیش دەکەوێتە کۆتایی شیعرەکەوە، ئەویش لەگوتەی ( تۆبە)و( سۆبە) دا بەدەر دەکەوێت، زۆر جار بەوە پێکەنیون کە کەسێك قسەی کردووە، لەجیاتی وشەیەك وشەیەکی نزیك لەو پەیڤەی گۆکردووە، کە لە ڕووی فۆنەتیکەوە لەو نزیك بووە، وەك لە بری ئەوەی بڵێت (حاسیبە) گوتویەتی (ساحیبە)، یاخود کەسێك لەبری ئەوەی بڵێ (مێژوو) بڵێ (مێووژ) گەلێ نموونەی لەم شێوەیە هەیە، واتا هەندێ شیعر تەنها بۆزەردەخەنە بەخشینن، هەندێکیشیان ئامانجی ڕاست کردنەوی خوار و خێچییەکانی ژیانن ئەمەیان تەنها بۆ چێژ بەخشینە.

# بەشی چوارەم
# جۆرەکانی کاریکاتێر لە شیعری کوردیدا

بەپێی تایبەتمەندی و جۆرەکانی کاریکاتێر دەبن بەچەند شێوازێك، یاخود بڵێن شیعری کاریکاتێر چەند مەبەستێك دەپێکێ، جۆرەکانیشیان ئەمانەن: کارکاتێری سیاسی، کاریکاتێری کۆمەڵایەتی، کاریکاتێری نوکتە ئامێز، کاریکاتێری پۆرترێت.لەگەڵ باسکردنی هەریەکەیەکیشیان، یان لەسەر بنەمای شیعرەکە وێنەی کاریکاتێری بۆدادەنێین، جگە لەوەش چەند نیگارێکی کاریکاتێری نمایش دەکەین.

## ١- کاریکاتێری سیاسی:

ئەم جۆرە کاریکاتێرە لە هونەری هێڵکاریدا بەهێزترین و کاریگەرترین جۆریانە، پێوەندی بە کەسایەتی و بابەت و ڕووداو و دیاردە سیاسییەکانەوە هەیە، کە تێیدا کات و شوێن و ڕووداو دەخرێتە ڕوو و بەزویی لەگەڵ ڕوداوەکاندا بڵاو دەبنەوە. د. فەرهاد پیربال دەڵێ: ((تا ئەوکاتەی بیرێکی هۆشیار، یان ڕەخنەگر لای نیگارکێشی تەنزکار دروست نەبێت، کاریکاتێر دروست نابێ: چونکە هونەرەکە دەقاودەق لە بێداربوونەوەیەکی تووڕەوە لەدایك دەبێت و یاسا و ئەو کەشوهەوایانەی کە ڕۆحی کاریکاتێریستیان ئەزیەت داوە))[1] دەبێتە هەوێنی کارەکانیان، هەڵبەتە وێنەی کاریکاتێری سیاسی زوو بڵاو نەبێتەوە پەیامی خۆی بە باشی ناپێکێت. (( کاریکاتێریست بۆ وشیارکردنەوەی کۆمەڵگە لە هەمبەر مافەکانیدا، بۆ ورەدان بە

---

١ – د. فەرهاد پیربال، مێژووی هونەری کاریکاتێر لە کوردستاندا، ل٢٥

گەل بە ڕەخنەگرتنی ژیرانە دێتە ناو گۆڕەپان و لەم ڕێگەیەوە دەبێتە هەناسەی کپکراوی گەل و نەتەوە. جا لەبەر ئەوە لەلایەن حکومەتەکانیشەوە لە ناو لیستی ڕەش دان و زۆر جار دەکەونە بەر پلاری هەڕەشەو ئەشکەنجە و زیندان و تەنانەت لەناوبردنیش. ((تۆماس ناست ۱۸٤۰-۱۹۰۲ لە ئەڵمانیا لەدایك بووەو لە منداڵییەوە لە ئەمریکا ژیاوە ناست باوکی کاریکاتێری سیاسی ئەمریکایە و لە سەردەمی جەنگی ناوخۆی ئەمەریکا ڕابەری کاریکاتێریستانی ئەمریکا بوو.))[(١)] ئەرکی هونەری کاریکاتێر تەنانەت لە شوێن و وڵاتانی دیموکراتیشدا پێکانی پێگەی هێزو زلهێزە دەرەکی و جیهانییەکانە))[(٢)]کاریکاتێریست (بابان مەزهەر)دەڵێ:((کاریکاتێر زۆر پێویستە بۆ کۆمەڵگای کوردی، چونکە دیاردە دزێوەکان چارەسەر دەکات، مەبەستی کاریکاتێر تەنها ڕەخنەگرتن نییە، بەڵکو چارەسەریشە.))[(٣)]لە شیعریشدا گرنگی پێدراوە، شاعیر تەعنە لە بەسەرهاتێك، یان هەڵوێستێکی سیاسی دەگرێ، یان باسی تایبەتمەندی بەپرسێك دەکا بەشێوەی کاریکاتێر.

حەمە سەعید حەسەن لە شیعری (بە ڕوخسەتی پیرەمێرد)دا دەڵێ:

**وەفدی کوردستان، گێچەڵ فرۆشان**
**کۆلکە نوێنەری گەل و نیشتیمان**
**چەپکێ گوڵاڵەی ئەو شارەزوورە**
**کە بە خوێناوی هەڵەبجە سوورە**
**بیبەنە بەردەم عەرشی جەعفەری**
**پێی بڵێن قوربان هەرخۆت سەروەری**

---

١-زمانی کاریکاتێر، وەرگێڕانی ئاکۆ غەریب، ل١٤٦

٢- دیدەنی توێژەری ئەم کتێبە لە گەڵ شێوەکار و کاریکاتێریست(محەمەد ڕۆستەم زادە- نامۆ)، ٢٠١٤/٨/٣.

٣- چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی(NRT)لەگەڵ کاریکاتێریست (بابان مەزهەر)، لە ڕێکەوتی شەوی ٢٠١٤/٨/١٤.

**نەمانگەرەکە کۆماری فیدڕاڵ**
**بژی عێراقی کۆقەبرو ئەنفال**
**ئێوە ئەو زاتەی بڕوای بەغەیبە**
**بۆی بەچۆك دادێن، هیچ ناڵێن عەیبە**
**یەکسانی و مەلا، ئازادی و ئاخوند**
**لە یەکتر دوورن وەك کیروناو لوند**
**حوشترو حەمام، عێراق و (دەستوور)**
**خۆتان گێل مەکەن هەی (دەست)تان بە (توور)**
**لە کوردستاندا کوردێ بمێنێ**
**لە هیچ مافێکی خۆی واز ناهێنێ**[1]

شاعیر دەسپێکی شیعرەکەی بە نیوە دێڕێکی پیرەمێرد دەست پێدەکا، بەتەوسەوە چەپکێ گوڵاڵە سورەی کوردستان کە بە خوێنی شەهیدەکان سوورە، پێشکەشی (جەعفەری)سەرۆك وەزیرانی عێراق دەکات، یەکسانی بەلای ئەوانەوە زۆردوورە، دووریەکەشی وەکو (کیرۆنیا و لوند)ە، کە دوو شاری سویدن، دوو هێندەی زاخۆو فاوەوە لە یەکتر دوورن، خاڵی تەنز بەخشینەکەش زیاتر لەگوتەی (حوشترو حەمام عێراق و دەستوور و خۆتان گێل مەکەن هەی دەستان بەتوور) بەدەردەکەوێ، لێرە دا (توور)بەمانای خۆی بەکارنەهاتووە، بەڵکو لە بۆ (گون) خواستراوە، ئەم شیعرە تەنز ئامێز و گاڵتەجارییە لای خوێنەر وێنەیەکی توانج و تەنز دروست دەکات.

عوسمان شەیدا لەدیوانی ( گرانەتا ) لەشیعری( پۆزشێك)دا دەڵێت:

**خۆ مەنسول نیم، بەڕانی قەل**
**تەوقەی ئابلۆقە بپسێنم**

---

١- حەمە سەعید حەسەن، کاریکاتێر بە وشە، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١١، ل٤٦- ٤٨.

**ئاوی(بانی خێڵان)نەبێ**
**تینوێتی دوای سورەماسی پێ بشکێنم.**
**خۆ مەنسول نیم، هەرچی بارە**
**بەفاتورەی ڕۆژانەوە خۆی بابدا**
**خۆمەنسول نیم ..**
**لەهەرجێیەکا دەرکەوتم**
**سێبەرەکەم جیاواز نەبێ**
**لەگەڵ هەیبەت و ناوی خوا.**[1]

ئەم شیعرە لەسەر بنیاتی وێنەی کۆپلەیی دروست بووە، سەرە کۆپلەکانیش بە گوتەی (خۆ مەنسول نیم)دەست پێدەکات و مۆسیقایەکی بەشیعرەکە بەخشیوە و کۆپلەکانی پێکەوە بەستووە، بۆ دروست کردنی بارێکی سەرنج ڕاکێش، گوتەی (مەسئولی) کردووە بە(مەنسول)شیعرێکی تەنس ئامێزە.[2]. (بڕوانە پاشکۆی ژمارە(٨و٩))[3]

## ٢- کاریکاتێری کۆمەڵایەتی:

پەیوەندی بە کێشە کۆمەڵایەتییە خێزانییەکان و داب و نەریت و ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە. ئەم جۆرە کاریکاتێرە لە بارەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان

---

١- هەڵکەوت، شیعری کاریکاتێر (گرانەتا)، چ٢، بێ ناوی چاپ و شوێنی چاپ، ١٩٩٢،
٢- زۆر جار وێنەی کاریکاتێر چەند ڕەهەندێکی خوێندنەوەی هەیە، بەتایبەتی هێڵکاری وا هەیە (سیاسی کۆمەڵایەتی)یە.
٣- لەم سایتە وەرگیراون news.comwww.hewal هەرچەندە ناوی خاوەنی ئەم وێنە کاریکاتێریانەمان بۆ نەدۆزرایەوە، بۆیە وەك ئەمانەتێکی زانستی تەنها توانیمان ئاماژە بە ئەو پێگە ئەلیکترۆنییە بکەین کە لێمان وەرگرتووە، خۆزگە کاریکاتێریستەکان لە گۆشەیەی وێنەکان ناوی خۆیان، یان واژۆیەکی خۆیانی لەسەر بکەن، بۆنموونە واژۆی (بەدیع باباجان) بووە بە ئاڕمێك لەسەر وێنەکانی و هەمو کەسێك دەیناسێتەوە.

دەدویٚ و دیاردەی هەژاری و نەبوونی و کێشە زۆر و زەوەندە کۆمەڵایەتییەکان دەخاتە ڕوو، ئەم جۆرەیان فیئەیەکی کۆمەڵگا ناگرێتەوە، بەڵکو لە هەر شوێنێك و لە هەر پلەیەکی کۆمەڵایەتی و هەر تەمەنێکدا بێت دیاردەکە دەبێتە هەوێنی کاریکاتێر(موحسین ئاوارە)[1] لە شیعری ( مشکی زانا )دا دەڵێت:

**بە ( مشك ) یان گوت**

**چۆن وێرات لەسەر پشتی پشیلە دانیشی و**

**قاچەکانت شۆڕکەیتەوە**

**گوتی .. زانیبووم،**

**ملی ئەستوور بووەو**

**ناتوانیٚ سەر بسوڕێنێتەوە !![2]**

بێگومان زمانی شیعر هەر ئەو زمانە ئاساییە یە کە ڕۆژانەیە قسەی پێدەکەین، بەڵام ئەم زمانەش لە کرۆکی خۆی هەڵدەگەڕێتەوە، دەبێتە زمانێکی خەیاڵاوی و

---

١ -موحسن ئاوارە ناوی (موحسین ڕەشید ئەحمەد حەمەشەریف)ە، لە ساڵی (١٩٤٩) لە هەولێر لەدایك بووە، لە ڕووی خوێندنەوە پلەی ئامادەیی تەواو کردووە، یەکەم شیعری لە ساڵی(١٩٦٩) لە ژمارە (سفر)ی گۆڤاری تیشك بەناوی (شوان) بڵاوکردۆتەوە، لە ساڵی(١٩٩١–١٩٩٦)جێگری سەرۆکی نووسەران بووە، لە ساڵی (٢٠٠٤–٢٠١١)سەرۆکی بنکەی ڕۆشنبیری گەلاوێژ بووە لە هەولێر. ئێستا خانەنشینە بەپلەی ڕاوێژکار لە وەزارەتی ڕۆشنبیری، جێگری سەرۆکی لقی هەولێری یەکێتی نووسەرانە.

لە بەرهەمە چاپکراوەکانی شاعیر:( شەوارە (١٩٧٨)، جۆڕاوگە(١٩٨٣)، دەچنە ڕێواسان (١٩٨٤)، گوڵە یاقوتییەکان(٢٠٠٠)، گوڵناز (٢٠٠٣)، لە کیشوەری جوانەکاندا (٢٠٠٨)، نازی تاوس و ئاورینگی قولێنگ (٢٠٠٨)، لە باخەڵی باخدا (٢٠١٠)، شیعری منالآن(خەڵات) (٢٠١١)، سێویٚك بۆهەڵدان دەستێك بۆگرتنەوە (٢٠١٢)، بەڵام تەنها لە دوو نامیلکەی شیعری دا شیعری تەنزئامێزی بڵاوکردۆتەوە ، لە نامیلکەی شیعری (گوڵناز) حەوت نموونەی شیعری کاریکاتێری تێدایە، لە نامیلکەی ( گوڵە یاقوتییەکان ) چوار نموونەی شیعری کاریکاتێری دەبینریٚ، واتا شاعیر یازدە شیعری کاریکاتێری نووسیووە .

٢– موحسین ئاوارە، دیوانی (گوڵە یاقووتییەکان)، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٧٩.

زمانێکی سیخناخ بە لێکچوواندن و خوازە و وێنەی جۆراوجۆر، شاعیر لەو کورتە دەربڕینەدا توانیویەتی تابلۆیەکی جوانی کاریکاتێریمان بۆ بکێشێت، لە فۆلکلۆری کوردیدا گوتەیەك هەیە دەڵێت: ((گورگ کە پیر بوو دەبێتە مەسخەرەی سەگ))، واتای لە دەست دانی هەژموون و دەسەڵاتی ئەو گورگەمان پیشان دەدات کە پیر بووە و هەیمەنەی خۆی لەدەست داوە.

ئەم پشیلەیەش ئەوەندە ملی ئەستوور بووە، ناتوانێت ملی وەرچەرخێنێت و مشکەکە بخوات، یاخود مشکەکە بترسێنێت، پەندێکی سریانی هەیە دەڵێت: (کلکی پێوایە)، مانای ئەوەیە کەسێك کارێك بکات پێشتر حیسابی بۆ کردووە، ئینجا ئەم کارەی ئەنجام داوە. ئەم شیعرە گەر بە جیا وێنەی هەریەك لە پشیلەو مشکەکە بێنینە بەرچاو هیچیان سیمای کاریکاتێرییان نییەو شێواندنێك و جۆرە وەسفێکی کاریکاتێری نین، ئەوەندە هەیە پشیلەکە ملی ئەستوورە، بەڵام ئەوەی ئەو دیمەنە دەکاتە کاریکاتێر ئەوەیە کە مشك بەسەر پشیلەکە زاڵ بووە و ئاوەژووی حاڵەتە ئاساییەکەی ژیانی مشك و پشیلە خراوەتە ڕوو.

بێگومان لەم شیعرە کاریکاتێرییەدا ئاماژە بەوە دەدا کە پشیلە کاری مشك گرتنە، بەڵام وازی لێهێناوە، ( ئەستوری مل) مانای قبوڵکردنی هەموو شتێك دەگەیێنێت بۆ نموونە: کە دەگوترێت فلانە کەس (( گەوادی ملەستوورە ))، واتا کەسێکە هەموو شتێك قبوڵ دەکات، بە پێچەوانەی ئەوەش گوتەمان هەیە کە دەڵێت: (( ملی لە مووی باریکترە))واتا بۆ نموونە: کەسێك لە ژیانی خۆیدا، یاخود لە کارێکدا دڵسۆزانە ئیشی کردبێت هیچ گومانێکی لە خۆی نەبێت دەڵێت:((ملم لە مووی باریك ترە))، واتا ئامادەی ئەوەم گفتوگۆ بکەم و هیچ گومانێکم نییە تا خۆم دوورە دەست و یاخی بکەم، بڕوانە ئەم وێنە کاریکاتێرییە

که (هێرش بەگی خانی )[1]لە سەر بنەمای ئەم شیعرە کێشاویەتی. بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١٠).

قانع بەم شێوە وەسفی(لێفەکەی)ی دەخاتە ڕوو:

## قانع و لێفەکەی[2]

| | |
|---|---|
| لیفە کۆنەی داڕزیوو | پڕتووکاوی خوا بڕیوو |
| نەساردیت و نەگەرمی | نە بەرگە دەف، نە چەرمی |
| مار نیت، وەك مار ئەگەزی | تیژی بە چەشنی دەرزی |
| بۆنت وەك سەگی تۆپیو | ئەڕوا ئەمدیو بۆ ئەو دیو |
| نە بەرت هەس نە پشتت | باوکیشم هەر تۆ کوشتت |
| لۆکە کۆنی، هێندە کۆنی | کەس نازانێ چلۆنی |
| نەسووریت و نەشینی | خاوەن درز و برینی |
| نە سەوزیت و نەبۆری | نازانم تۆ چ جۆری ؟ |
| وەکوو مەشکاڵە ڕەقی | خاون کون و شەبەقی |
| کاتێ ئەتکێشمە سەرۆ | پشتێنەم وا بە دەرۆ |
| کاتێ ئەتدەم بەپێما | لاشەم بێ لێفە جێما |
| ڕۆژم نییە بۆ دەوری | ئاخر تۆ بە چی چەوری؟ |

١ – هونەرمەند هێرش بەگی خانی ناوی( هێرش صابر مەحمود)ە لە ساڵی (١٩٦٥)لە قەزای کۆیە لەدایك بووە، پلەی خوێدەواری دەرچووی ناوەندییە، لەساڵی (١٩٨٣–١٩٨٤) وازی لەخوێندن هێناوە، لە ساڵی (٢٠١٠) خانەنشین کراوە بەپێشمەرگەی دێرین بەپلەی (ملازم)، ئێستاش لەپارێزگای سلێمانی دەژیت.

بەشداری چەندین پێشەنگاو پڕۆژەی هاوبەش بووە، لەساڵی ٢٠٠٢ لە وڵاتی بولغاریا لەناوچەی (بانیا) پێشەنگایەکی کردۆتەوە، لەساڵی ٢٠٠٣ لە وڵاتی ئەڵمانیا لە فڕانك فۆڕت پێشەنگایەکی کردۆتەوە، لەشاری کۆیەش سێ پێشەنگای تایبەتی کردۆتەوە، لەچەند ڕۆژنامەیەکیشدا هێڵکاری کاریکاتێری بڵاوکردۆتەوە.

٢– لێفەکەی قانع: لەسەر وەسیەتی شاعیر لێفەکەی خرایە گۆڕەکەیەوە، بڕوانە (بورهان قانع)، دیوانی قانع،چ٢، چاپخانەی دالاهو، تهران، ١٣٨٥، ل ٥٦٢

خۆزگەم بەو ڕۆژەی زستان ‌ ‌ ‌ ڕێ گوم ئەکەم لە کوێستان
لەناو بەفر و سەهۆڵا ‌ ‌ ‌ لە پۆپەی شاخی چۆڵا
چونکو لە تۆوە دوورم ‌ ‌ ‌ لەویا شاد و مەسروورم
ناڵێم، بۆچی دڕاوی ؟ ‌ ‌ ‌ ئەزانم کە فەوتاوی
بەڵام ڕاستم پێ بێژە ‌ ‌ ‌ بە وردی بۆم هەڵبڕێژە
کێ تۆی دڕی یەکەم جار ‌ ‌ ‌ وا تۆی هاوردە ڕووی کار ؟
وەڵامی لێفە:
قانع، لەمن دڕاوتر ‌ ‌ ‌ لە من زیاتر فەوتاوتر
کاتێ ئادەم دەرکرا ‌ ‌ ‌ لە بەهەشت بەشی بڕا
منیان دایە بە خەڵات ‌ ‌ ‌ منی هێنا ڕووی بیسات
لەلای ئادەم هەزار ساڵ ‌ ‌ ‌ مامەوە بە هەر ئەحواڵ
بەمیرات کەوتمە لای شیس ‌ ‌ ‌ لە شیسەوە بۆ ئیدریس
دەس بەدەس پێغەمبەران ‌ ‌ ‌ تا کەوتمە دەس سولێمان
ئەوسا کەوتمە لای شاهانی ‌ ‌ ‌ حوکمدارانی جیهان
لە جەمشید و کەیقوباد ‌ ‌ ‌ حاموورابی تا شەداد
ئەسکەندەر و فەیلەقووس ‌ ‌ ‌ چار قەیاسەری ڕووس
بۆیە وەها فەوتاوم ‌ ‌ ‌ یەکجاری من نەماوم
ئیستە چاکە، هاوینە ‌ ‌ ‌ گەرما تەواو بەتینە
ڕاوەستە تاکوو زستان ‌ ‌ ‌ بەفر ئەرژێتە کوێستان
قوڕ بە سەرت بۆ بیرت ‌ ‌ ‌ چلۆن ئەکەی تەگبیرت
ئەگەر بەهیوای منی ‌ ‌ ‌ جێگەی ئۆخەی دوژمنی
وەك كلاشی سۆفی لەڕ[1] ‌ ‌ ‌ کاتێ تیرەی دێتە دەر

---

١- کلاشی سۆفی لەڕ: ڕەگەزێکن لە دۆمەکان، دەستکارەکانیان بەکەڵك نایەت. بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، ل٥٦٢.

**لووتی ئەدا لە پاژنەی بەکار نایەت لای ئەبەی**
**تۆیش لە سەرما تەوێلت گیری ئەژنۆی چەوێلت**
**خۆت کوورِ ئەکەی وەك ژیژوو ژیژووی لە سەرما مردوو**
**ئەوسا ماڵت وێرانە ئەوسا دەرت گرانە**
**ئەوسا ئەزانی کە من خراپترم لە دوژمن**
**ئەگەر هیوات بە من بێ هەردوو دەست بە گون بێ**
**ئەگەر حەز ناکەی بمری بەڵکوو کەڵکێکیش بگری**
**بڕۆ بۆ لای پارەدار یا ماڵ ئاغا، یاتوجار**
**ببە بە کارەکەریان یاخۆ، بەبارە بەریان**
**داری ئاغا بگرە دەس بکوژە و گوێ مەدە بەکەس**
**شەق لە مسکێنی هەژار هەتا ئەیبەی بۆ بێگار**
**بەسەر ئاغا سوێن خواردن دیاری بۆ خانم بردن**
**بەڵکو بتکەن بە سەرکار خەرمان هەڵگری بۆ هەژار**
**لە دەپێنجی تاپۆ بێ ماوە نیوەی بۆ تۆ بێ**
**ئەوسا بچۆ دیوەخان بەهار بێ یاخۆ زستان**
**لێفەی جوانی ڕەنگاوی یا سەوز و سوور یا ماوی**
**لەسەر دۆشەکی نەرما لەدیوەخانی گەرما**
**بۆ خۆت بنوو بە بێخەم من هەروامە، کەوا هەم (١)**

قانعی شاعیر، وەسفێکی کاریکاتێریانەی وردی لێفەکەی دەکات، ئەو لێفەیەی هێندە کۆن و شیتاڵ شیتاڵ بووە، تەنانەت ڕەنگی پێوە نەماوە و نازانێ چ ڕەنگێکیشە، لێفەیەکی کورتە و هەمو جەستەی داناپۆشێت، لە وەڵامی لێفەکەشدا کۆمەڵێ وێنەی کاریکاتێری تێدایە، ئەم جۆرە کاریکاتێرە بزەیەکی تاڵت دەداتێ، چونکە ڕاستە وێنەکان بەرەو ئەوەت دەبەن زەردەخەنەیەك بتگرێ،

---

١- س .پ ل ٥٦٢

چونكە وەسفی وێنەكان كاریكاتێرین، بەڵام لەپشت ئەوانەشەوە هەستی بەزەیت دەبزوێنێت، هەڵبەتە ئەم وەسفە هەقیقەتی ژیانی شاعیر پیشان دەدات، كە لە ژیانیدا هەژاری زۆری بینیووە و ماوەیەك مەلا و ماوەیەكیش ئاشەوان و كرێكار بووە، لە وەسفی ئەم لێفەیەدا زۆر شتی ترمان بە خەیاڵدا دێ، سەرەڕای ئەوەی كە لێفەكەی دڕاوە، جگە لەوەش هەژارییەكی تەواو لەم ماڵەدا بەدی دەكرێ، كە سوتەمەنییان نییە، بۆ گەرم كردنەوەی ژوورەكەیان، خواردنی چەور و باشیان نییە تاوەكو كەمێك گەرمی بەجەستەی بدات، هەڵبەتە ئێستاش لە جیهاندا، ڕۆژانە دەیان كەس بەتایبەتیش مناڵان لە برسان دەمرن، كەواتە ((ئامانجی ساتیر هەر وروژاندنی پێكەنین و بەخشنی چێژو و خۆشی نییە بە خوێنەر، بەڵكو هاندانیشییەتی بۆ ڕامان و قووڵ پرسیاری كردن))[1] (بڕوانە پاشكۆی ژمارە(١١))[2]

## ٣- كاریكاتێری نوكتەئامێز( سەرقاڵ كەرانە ):

ئەم شێوە كاریكاتێرە بیرۆكەیەكی تایبەتی سەربەخۆی تێدایە و زیاتر بۆ خۆشییە. ئەم شێوەیان زیاتر بۆ چێژ بەخشین و پێكەینە، كاریكاتێریست (بابان مەزهەر)[3] دەڵێ:((وێنەی كاریكاتێری سیاسی زیاتر دەچنە بواری ڕەخنە گرییەوە، وێنەی كاریكاتێری ئەستێرەكانی سینەما و هونەرمەندە بەناوبانگەكان زیاتر بۆ پێكەنینەو مەرج نییە مەبەستێكی ڕەخنەگری لەپشت بێت.))[4] شاعیر

---

١ –حەمە سەعید حەسەن، كاریكاتێر بە وشە، ل٨

(٢)– لەم سایتە وەرگیراون www.hewalnews.com

٣– (بابان مەزهەر) لە ساڵی (١٩٧٩) وێنەی كاریكاتێر بڵاكردۆتەوە، لەدوای ڕاپەڕینیش لەڕۆژنامەی(كوردستانی نوێ)، دواتر لە ڕۆژنامەو گۆڤاری تر و لەسایتەكانیش كارە هونەرییەكانی بڵاوكردۆتەوە.

٤– چاوپێكەوتنی تەلەفزیۆنی (NRT) لە گەڵ كاریكاتێریست (بابان مەزهەر)، لە ڕێكەوتی شەوی ٢٠١٤/٨/١٤.

شیعرەکەی لە شێوەی بەسەرهاتێکی چاوەڕوان نەکراو، دەگێڕێتەوە زۆر جار گێڕانەوەکە ئاساییە و لە کۆتایی یان لە وێستگەیەکی گێڕانەوەکەدا خاڵی زەردەخەنەو چێژ بەخشین بەدی دەکرێ، زۆر جاریش هەر لە سەرەتاوە هەست بەم خاڵی چێژ بەخشینە دەکرێ، زۆر جاریش شاعیران سود لە نوکتەی فۆلکلۆری کوردی دەبینن و جارێکی دیکە بە دەسکارییەوە، یاخود وەك خۆی لە قالبی شیعری دایدەڕێژنەوە.

(موحسین ئاوارە) لەم شیعرەدا دەڵێ:

**شاعیرێك**
**خۆری زەردە پەڕی ئێوارانی**
**بەزەردێنەی هێلکەیێ چواندووە**
**ئاه .. براگەل .. ئاخۆ**
**ئەو (تاوە)یە چەند گەورە بێت**
**چەند ڕۆنی بووێت**
**تا ئەو زەردێنەیە بگرێتە خۆ؟** [1]

لەم کورتە دەربڕینەدا شاعیر وێنەیەکی کاریکاتێری دروست کردووە، چونکە خاسیەتێکی شیعری کاریکاتێر ئەوەیە کە وێنەی چڕ و کورت دەخاتە ڕوو، واتا شاعیر دەبێ تەواوی مەبەستەکەی لە تابلۆیەك یان چەند تابلۆ و دیمەنێك چڕ بکاتەوە. لەم وێنەیەشدا شاعیر شیعرەکەی کردووە بە دوو وێستگە، وێستگەی یەکەم: لە زاری شاعیرێکەوە وێنەکە دەخاتە ڕوو، لە وێستگەی دووەمدا: خۆی وەڵام دەداتەوە، لە گوتەی (ئاه، ئاخۆ) خاڵی سەرسوڕمان و سەرنج ڕاکێشان دەخاتە ڕوو.

موحسین ئاوارە لە شیعری ((گردۆلکەیەکی نەوی))دا دەڵێ:

**حوشترێك یخ ببوو لەسەر زەوی**

---

١- س. پ. ل٦٩

**چوار پەل نووشتاو**
**وەك گردۆلکەیەکی نەوی**
**گێلۆکەیەك ماندوو و شەکەت،**
**له سەر گردۆلکە دانیشت و**
**قاچەکانی شۆڕکردەوە**
**بەدەم خەیاڵی بەربلاو**
**خەوەکوتکە دەیبردەوە**
**لەناکاو**
**گردۆلکەی یخ بوو،**
**ڕاست بۆوە ڕووە و ئاسمان**
**کابرا هاواری لێ هەستا**
**هۆ... هۆ وەسمان**
**بە هەمینی دایکم بلێ**
**خوا گوریسی شۆڕکردەوە**
**(حەمەد)ی بۆ خۆ بردەوە**[1]

ئەم شیعرە بە دوو تابلۆ خۆی پێشان دەدات، تابلۆی یەکەم: حوشترێك لەسەر زەوی پاڵ کەوتووە و کەسێك لەسەر گردۆلکەی پشتی دانیشتووە، وێنەی دووەم: حوشترەکە هەڵساوە و حەمەدی بەرزکردۆتەوە، خاسیەتێکی ئەم وێنە کاریکاتێریانە ئەوەیە، وێنەکە زەردەخەنەیەکت پێ دەبەخشێ، کاریگەرە و لەبیر ناچێتەوە، وێنەکانیش شێوەی سوریالیزمییان پێوە دیارە لە لێکدان و چۆنیەتی خستنە ڕوویان.

هەوێنی ئەم شیعرەش لە بنەچەدا نوکتەیەکی فۆلکلۆری کوردییە، دەبوایە شاعیر لەسەرەوەی شیعرەکەدا یاخود لەپەراوێزی شیعرەکەدا ئاماژەی بەوە بکردایە کە

---

١ – موحسین ئاوارە، دیوانی( گوڵە یاقوتییەکان)، ل٧٣

وەریگرتووە، بنوارە ئەم وێنە کاریکاتێرییە کە لەسەر بنەمای ئەم شیعرە هونەرمەند(هێرش بەگی خانی) کێشاویەتی، بێگومان ئەگەر وێنەکە بەتەنها بکێشرێت پێویستی بەهەندێك نووسین هەیە بۆ ئەوەی بابەتەکە بخاتە ڕوو، بەڵام لەم وێنانەیەدا پێویست بەوە ناکات، چونکە شیعرەکە بابەتەکەی خستۆتە ڕوو. هەرچەندە کاریکاتێریست (بابان مەزهەر) دەڵێ:((کاریکاتێر هونەرێکە پێویستی بە هیچ زمانێك نییە، لەناچاریدا جاربەجارێك چەند ڕستەیەك یان چەند وتەیەکی لەگەڵ بەکار دەهێنرێت بۆ ئەوەی بەهەڵە تێنەکەون و باگڕاوندەکان بۆلایەنی تر نەگوێزنەوە))[١]،بەڵام پێچەوانەی ئەوەش ڕای تر هەیە کە ئاماژە بەوە دەکەن، کە نووسینی تەنز ئامێز بۆ وێنە کاریکاتێرییەکان زۆر پێویستە، چەند کاریکاتێریستێکی جیهانی گرینگیان پێداوە لەوانە: شاڤاڵ، بوسك، کلودسر، سامپە، کینۆ، چارلز ئادامز، شتیان بیدگ و تەنانەت تۆپۆر و کاریکاتێریستە بەناوبانگەکانی تر، کە هەمووی خاوەنی ئەلبوومی چاپکراون و هەموویان سوودیان لە نووسینی تەنز و ناونیشان بۆ کاریکاتێرەکانیان وەرگرتووە، چونکە جگە لەوەی کە وێنەکە مانای خۆی ببەخشێ نووسینەکان چێژێکی دیکە بە وێنەکە دەبەخشن[٢]. (بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١٢و١٣).

(شێرکۆ بێکەس )یش لە سەر بنەمای کاریکاتێر چەند وێنەیەکی بنیات ناوە. لە شیعری (دەرزی)دا ئەم وێنە کاریکاتێرییەمان بۆ دەکێشێ:

**تەپڵێ سکی خۆی هەڵماڵی و**
**بە فیکەیەك ..**
**باڵەکانی وەك عەلەشیش گیڤ کردەوە.**

---

١- چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی(NRT)لەگەڵ کاریکاتێریست (بابان مەزهەر)، لە ڕێکەوتی شەوی ٢٠١٤/٨/١٤.

٢- زمانی کاریکاتێر، وەرگێرانی ئاکۆ غەریب، ل٢٠٠.

**سك فووی کردە خۆی و ئاوسا**
**ئاوسا . . ئاوسا**
**هەتا بەر پێی خۆی شاردەوە**
**لەو ساتەدا**
**دەرزییەکی نوستوو هەستا**
**کە ڕاوەستا**
**سك فش بۆوە. .**
**عەلەشیشیش بە فیکەی ناو**
**هەمو دنیا**
**جارێکی تر . .گیڤ نەبۆووە[1]**

شاعیر وێنەیەکی کاریکاتێری دروست کردووە، وێنەکەش بەر هەستی بیستن و بینین دەکەوێت لە گوتەی (فیکە فیك) کە بەرهەستی بیستن دەکەوێت، تەواوی وێنەکەش بەر هەستی بینین دەکەوێت، ئەمەش تایبەتمەندی وێنەی کاریکاتێرییە، کە بەر هەستی بینین دەکەوێت، بۆیە کاریکاتێریستێك دەتوانێت ئەم شیعرە بکاتەوە بە وێنەی کاریکاتێر. وێنەکان بە شێوازی بەرجەستە کردن و لێکچواندن دروست بووین، (( ئەم وێنە کاریکاتێریەش ڕەگێکی لەم سێ پەندە فۆلکلۆریەدا هەیە کە دەلێت :(هەموو زاڵمێك زەواڵی خۆی هەیە )، یاخود(مست لە درێشە دەگەڕێتەوە) یاخود لەو پەندەی دەڵێت: (ئەگەر فیل هەبێت کەرکەدەنیش هەیە). ))[2] (بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١٤). ئەم وێنە کاریکاتێرییە کە هونەرمەند(هێرش بەگی خانی) لەسەر بنەمای ئەم شیعرە کێشاویەتی)

---

١- شێرکۆ بێکەس، دیوانی شێرکۆ بێکەس، ب(١)، چ(٢)،سەنتەری چاپ و پەخشی تەما، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٥١٠

٢- هاوژین صلیوە، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا،ل١٤٩

هاوژین صلیوه له شیعری ( هێلکەی گوێز)دا دەڵێ:

**ئەم دار گوێزە هێندە هێلکە گوێزی گرتووە،**
**پەڕوو باڵی گەڵاکانی**
**بەسەر سەریا داخستووە و**
**کڕکەوتووە.**
**هاکا ڕۆژێ**
**هێلکەگوێزی بتروکێنێ**
**دار گوێزی بچووك بچووك**
**بە دەوریا بخولێنەوەو بجریوێنێ،**
**پیرە دار گوێزیش وەکو مریشك بقورتێنێ**
**بەم شاخ و کێوانە کەوێ و**
**جوجەڵەکانی بلەوەڕێنێ!.** [(١)]

یەکێك لە خاسیەتەکانی کاریکاتێر خەیاڵ فراوانییە، یاخود قولبوونەوەیە لەخەون و دروست کردنی بارێکی نائاگاییە، ئەم شیعرە زەردەخەنە بەخشە، وەك نوکتەیەك بەسەرهاتێکی چاوەڕوان نەکراو خۆی نمایش دەکاو وێنەکان سیمای کاریکاتێر وەردەگرن.

لەتیف هەڵمەت لە کۆپلەیەکی شیعری (موکناتیس/پرد)دا دەڵێ:

**دەتوانی بەپێ گۆڵێك بکەیت و**
**ببیتە ئەستێرەیەکی یاری تۆپی پێ**
**سەر بۆچی باشە**
**دەتوانی لەجێی سەر**
**هێلکەیەك..**

---

**١- هاوژین صلیوە، مۆسیقای نامۆیی- شیعر، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال، ٢٠١٣، ل١٣**

**یا سەلكێ پیاز دابنێی..!(١)** (بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١٥))[٢]

## ٤- كاریكاتێری وێنە :

### أ- كاریكاتێری پۆرترێت:

تایبەتە بە کەسایەتییەکان و وێنە کێشانیانە بەشێوەی کاریکاتێری کە هەندێ جار گاڵتە ئامێزانە و هەندێ جاریش وەکو کەسێکی غەریب و دڕندە دەخرێنە ڕوو.[٣] هەموو هێڵکاری و وێنەکان بەر هەستی بینین دەکەون، بەڵام لە کاریکاتێری پۆرترێتدا زیاتر مەبەستمان لەو شیعرانەیە کە تەنها وەسفی دەم و چاوی تێدایە، چونکە پۆرترێت ئەو وێنەیەیە کە تا سەرسنگی مرۆڤەکە بەدەردەخرێ، هەرچەندە وێنەی کاریکاتێری بەرپرس و هونەرمەندان زۆرە، زۆربەی هونەرمەندە دیارەکان وێنەی کاریکاتێرییان بۆ کێشراوە، بەڵام سەبارەت بە شیعری کاریکاتێری، واتا ئەو شیعرەی وێنەی کەسێك لە شێوەی پۆرترێت پیشان بدات نموونەی شیعری کەمە، دیارە مەبەستمان ئەوەیە زێدەڕۆیی بکرێ لە وەسفەکان وەك ئەوەی بەرپرسێك لوتی گەورەبێت و ورگی زل بێت یان چاوی خێل بێت... بە شیعر دەربڕێت، لەپاڵ ئەمانەش سیفاتەکانی بگوترێ لەم دێڕە شیعرە فۆلکلۆرەدا واهاتووە:

**لەدوورەوە هاتی وامزانی قۆزی**
**سەر وەك سەبەتە لوت وەك ترۆزی**[٤]

---

١- لەتیف هەڵمەت، دیوانی لەتیف هەڵمەت، بەرگی دووەم، چاپی دووەم، چاپخانەی پەیڤ، ٢٠٠٦، ل٦٥١.

٢- لەم سایتە وەرگیراوە www.hewalnews.com

٣ - د.ممدوح حمادة، فن الكاريكاتير فی الصحافة الدورية، دار عشتروت للنشر، دمشق، ١٩٩٩_٢٠٠٠، ص٥-٧

٤ - دیدەنی توێژەری ئەم کتێبە لەگەڵ د. لەتیف حەسەن - مامۆستا لە زانکۆی کۆیە، لە ڕێکەوتی ١٥/ ٦/ ٢٠١٠.

ئەم شیعرە كاریكاتێرێكی پۆرترێتییە هەرچەندە باس لەوە دەكا كە لە دوورەوە هاتووە پێی وابووە زۆرجوانە كەچی وا دەرنەچووە، وەك كوردەواری دەڵێن: ((دوور كوژی نزیك خەسار))، بەڵام ئەم شیعرە تەنها وەسفی سەرو لوتی كەسەكەی كردووە، كە سەری بەسەبەتە چواندووە، لوتیشی بە ترۆزی، دیارە ئەم دوو جۆرە پێكچوونە كاریكاتێرین، چونكە لەشیعری ئاسایدا نە سەر و نە لوت بەم شتانە نەچوێنراون، خۆ گەر لوتی بەفستەق بچوێندرابایەو باسی سەری نە كردبایە ئەوا لوت نەدەبووە وێنەیەكی كاریكاتێری! چونكە لەئاستی جوانناسی خۆی دەمایەوە، كە مەبەستی جوانی و بچوكی لوتەكەی پیشاندەدا. (بڕوانە پاشكۆی ژمارە(١٦) ئەم نیگارە كاریكاتێرە كە كاریكاتێریست (بۆتان ناڵەیی) لە سەر بنەمای ئەم شیعرە فۆلكلۆرە كێشاویەتی.

وێنەی كاریكاتێری كەسە سیاسییەكانی دونیا و ناو خۆش زۆرە، بەڵام لە هونەری كاریكاتێر بە شیعر شیعری وێنەیی یاخود شیعری پۆرترێتی كاریكاتێر كەمە كە تانە بێ، زیاتر وەسفی ڕوخساری كەسەكە بكات نەك وەسفی تایبەتمەندییەكانی، چونكە شیعری كاریكاتێری پۆرترێتی زیاتر زێدەڕۆیی كردنە لەشێواندن و وەسفی دەم و چاو و ...، بەڵام سەبارەت بە وەسفی وێنەیی یان پۆرترێتی كاریكاتێری كەسەكان ئەوا لەشیعری كوردی بەتایبەتی لەفۆلكلۆری كەوردیدا بەدیدەكرێ.
(بڕوانە پاشكۆی ژمارە (١٧))[١]

١- لە ئینتەر نێتەوە وەرگیراون.

**ب- كاريكاتێری وێنەیی:**

ئەم جۆرە شیعرە كاريكاتێر وەسفی كەسێك دەكات، لە وەسفە كاريكاتێرییەكانيدا تەنها گرنگی بە دەم و چاوی نادات، بەڵكو گرنگی بە بەژن باڵا و ئەندامەكانی تريشی دەدات.

( زەمبی يار)ش شیعرێكی كاريكاتێری پێكەنیناوی فۆلكلۆری كوردییە و دەڵێ:

**چاوت كۆزيلەی دۆشاوە**

**مێشان دەورەی لێداوە**

**پەرچەم وردە كفریی**

**سەد بزن دەوورەی داوە**

**كەپو كونەقرژنكە**

**تارە بنیشتەی دەرداوە**

**ددان دەڵێی كەرگینە**

**چەند تەونی پێ كوتراوە**

**كێ مراكی سەپانان**

**هێستر لەقەی لێداوە**

**بەژنت وەك تارمەی كايە**

**ئاگری تێبەردرايە**

**قونت كۆتەرەی ئاشەو**

**حەوت عەربەی زەرەر دايە** [1]

ئەمە شیعرێكی كاريكاتێرە و سەرجەم وێنەكان لەسەر بنەمای لێكچوواندن دروست بووين.وەسفی ئافرەتێك دەكات، وەسفێكی كاريكاتێری. چاو بە دۆشاو چوێندراوە، دۆشاو ڕەنگی ڕەشە، بەڵام بە دۆشاوێك چوێندراوە كە مێش دەورەی

---

١ – چاوپێكەوتنی توێژەر لە گەڵ (عومەر عەزیز حەمەدەمین)– خوێندەواری نییەو لەدایك بووی ٢٢/١٠/ ١٩٤٨، تەقتەق، دووشەمە، ڕێكەوتی ٢٦/٤/٢٠١٠

داوه، پەرچەم بە وردە کفری... بەم شێوەیە پێداهاتووە و وەسفی لوت و ددان و گوێچکەو بەژن و باڵای کردووە، بە سەرجەم وێنەکان شیعرێکی کاریکاتێری لێدروست بووە.(بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١٨)

# ئەنجام:

١- شیعر جیهانێکی فراوانە و دەتوانرێت لەگەڵ زۆربەی هونەرەکانی دیکە موتوربە بکرێت، لەوانە شانۆ، داستان، هونەری شێوەکاری و کاریکاتێر...هتد

٢- وێنەکانی شیعری کاریکاتێری بەر هەستی بینین دەکەون و کەمتر بەر هەستەکانی تر دەکەون، بۆئەوەی خوێنەر لەخەیاڵی خۆی وەك هێڵکارێك وێنەکان دروست بکاتەوەو هەستی پێبکات.

٣- شاعیرێك دەتوانێت وێنەیەکی کاریکاتێری بە شیعر بنووسێتەوە، لە هەمانکاتیشدا کاریکاتێریستێك دەتوانێت لەبەرئامێزی شیعرێکی کاریکاتێردا وێنەیەکی کاریکاتێر بکێشێت.

٤- شیعری کاریکاتێر هەروەك وێنەی کاریکاتێر سادەیی پێوە دیارە، زۆربەی بینەر و خوێنەرێك لەهێڵکارییەکی کاریکاتێری و شیعرێکی کاریکاتێری دەگەن، چونکە بێ گرێ و گۆڵن بە زمانێکی سادە شاعیر شیعرەکە دادەڕێژێت، کاریکاتێریستێکیش بە هێڵی سادەو ساکار کارەکەی خۆی دەخاتەڕوو، هەرچەندە هێڵکاری کاریکاتێری فیکری هەن کە مرۆڤ دەبێ بیری لێبکاتەوە.

٥- خاسیەتێکی شیعری کاریکاتێر و نیگارێکی کاریکاتێر ئەوەیە، لە زەینی خوێنەر-بینەر- دەمێننەوە و لەیاد ناکرێن و چێژ بەخشن.

٦- نوکتەی فۆلکلۆری کوردی سەرچاوەیەکی باش و بە سودن بۆ شاعیران و کاریکاتێریستان بۆ هەڵێنجانی بیرۆکە لێیان.

٧- نوکتەی کاریکاتێری لە ئەدەبی کوردیدا گەلێ زۆرە، سەبارەت بە شیعریش ئەوا لە شیعری فۆلکلۆرەوە تاوەکو شیعری ئێستاش نموونەی شیعری کاریکاتێر بەرچاو دەکەوێ، بەڵام دەقەکان کەمن.

٨- کاریکاتێری شێوەکاری، ئەم جۆرە کاریکاتێرەی ڕەنگی جۆراو جۆر لەخۆ دەگرێ، لە نێو شیعری کوردیدا زۆر کەمە، واتا لە وەسفی کاریکاتێری شتێك بەسەرهاتێك ڕەنگ بەکاربێت و لەڕێی شێواندن و جۆری تێکەڵکردنی ڕەنگەکاندا کاریکاتێر دروست بکرێت.

٩- یەکێك لەبنەماکانی کاریکاتێر زەق کردنەوەی شتێکە، کە ڕاستەو خۆ ئاوەز( عەقڵ) پێشوازی لێنەکات، چونکە ئەم جۆرە شیعرانە خوێنەر توشی بێزاری ناکەن، لەبەر ئەوەی دەقەکان کورتن لە شێوەی پۆستەرە شیعر خۆیان پێشان دەدەن و دەقی چێژ بەخشن بۆ خوێنەر، بەڵام مانای ئەوەش نییە هەموو شیعرێکی کاریکاتێری کورت بێت، شاعیر دەتوانێت دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی سیاسی .. هتد بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانە بخاتە ڕوو. ڕەخنەیەکی سەرنج ڕاکێش ڕەخنەیەك وەك تاڵەکانی خۆرەتاو ڕۆبچێتە نێو هزر و خەیاڵی خوێنەرانەوە.

١٠- کاریکاتێر ئەوەیە بە وشە هێڵکارییەکی کاریکاتێریت پیشان بدات، بەڵام لەم پڕۆژەیەدا زۆر بەیەکەوە باسی توانج و تەنزو نوکتە و... کاریکاتێرم کردووە، چونکە زۆربەی تەنز و نوکتەکان ئیحا بە کاریکاتێریستان دەبەخشن، زۆرجاریش لەگەڵ دروستکردنی وێنەی کاریکاتێر وتە تەنز ئامێزەکان دەنووسرێنەوە و وتەکان دەبنە گفتوگۆی نێوان کەسەکان.

١١- زۆر جار وێنەیەکی کاریکاتێری لەسەرجەم ئەم وتارانەی نێو ڕۆژنامەیەك یا گۆڤارێك بەهێزتر و مانابەشترە، جگە لەوەش نەخوێندەوار و کەڕ و لاڵەکانیش لێی تێدەگەن.

١٢- پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان شیعری هەجو و کاریکاتێر هەیە، بەڵام هەمو هەجوێك و گرتەیەکی سێکسی و جنێودانێك ناچنە خانەی کاریکاتێر.

١٣- مەبەست لە کاریکاتێر وێنەی کێشراوی سەر کاغەزە، بەڵام تەنز دەچێتە خانەی بیر و هزری نووسراو، کە لەلایەن نووسەری تەنز نووس بە شێوەی گاڵتەئامێز وەك: شیعر، چیرۆك، ڕۆمان، گۆشەی ڕۆژنامەوانی...دەخرێتە ڕوو،

بەڵام شاعیران بۆ شیعریش کاریکاتێریان بەکار هێناوە، چونکە شاعیر لەجیاتی ئەوەی بە هێڵ و ڕەنگ کاریکاتێر بکێشێ، بە وشە و دەربڕین دەیکێشێ، کاریکاتێریستێکیش دەتوانێ هەمان بیرۆکەی شاعیرێك بە هێڵ بکێشێتەوە، بە پێچەوانەشەوە، هەندێ شیعریش ڕاستەو خۆ کاریکاتێر نین، واتا وەسفێکی کاریکاتێر پیشان نادەن، بەڵام کاریکاتێریستێ دەتوانێ بیرۆکەی لێ وەرگرێ شیعرەکە بکاتە وتەی نێوان کەسەکان، یان لەگەڵ شیعرەکە وێنەکەش دابنرێ، واتا لەکاریکاتێردا (مخطت)و(معلق)هەیە، واتا شیعرەکە ڕۆڵی توانجەکە دەبینێ.

١٤- وێنەی کاریکاتێری سیاسی پڕ کێشەترین جۆریانە، لەهەمان کاتیشدا شیعری کاریکاتێری سیاسی جورئەتی دەوێ و پڕ کێشەیە بۆ شاعیر، هەندێ جاریش شاعیر بە ناوی خواستراو شیعرەکەی بڵاو دەکاتەوە.

١٥- هێشتا کاریکاتێریستەکانی کورد زۆر بیریان لە کۆکردنەوەی ئەرشیفی خۆیان نەکردۆتەوە، هەر کە وێنە کاریکاتێرەکەیان لە ڕۆژنامەیەك، یان گۆڤارێك بڵاودەکەنەوە کۆتایی دێت و ئەو هەوڵە نادەن کە لە کتێبێکدا سەرجەم وێنە کاریکاتێرییەکان بڵاو بکەنەوە، یان هەندێکیان حەز بەم کارە دەکەن، بەڵام کارئاسانیان بۆناکرێ، خوازیارم گرنگییەکی زۆر بەم هونەرە بەرزە بدرێت.

# سەرچاوەکان:

## ١- کتێب :

### ا- بەزمانی کوردەی:

١- ئاکۆ غەریب- وەرگێڕانی لەفارسییەوە بۆ کوردی، زمانی کاریکاتێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی خاك، سلێمانی، ١٩٩٩.

٢- بورهان قەرەداخی (کۆکردنەوەو وەرگێڕان)، شانۆی پانتۆمایم، چ١، سلێمانی، ئۆفسێتی شڤان، ٢٠٠٤.

٣- حەمەسەعید حەسەن، کاریکاتێر بە وشە، چ١، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١١.

٤- حەسەن یاسین، ٣٤ وانە لە بارەی ڕۆژنامە نووسی و ڕۆژنامە نووسی کوردییەوە، چاپخانەی دوارۆژ، سلێمانی، ٢٠٠٤.

٥- دیوانی حاجی قادری کۆیی، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی سەردار حەمید میران و کەریم موستەفا شارەزا، اینتیشارات کردستان، ١٣٩٠

٦- ڕێبوار سیوەیلی، کتێبی نالی، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریانی، چ١، هەولێر، ٢٠٠١.

٧- شاخەوان مەلا محەمەد، ڕۆژنامەگەری تەنز لە هەرێمی کوردستاندا(گۆڤاری سیخوڕمە وەك نموونە)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٤.

٨- شێخ محەمەدی خال و ئومێد ئاشنا، دیوانی شێخ ڕەزای تالەبانی، چ١، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٣.

٩- شێرکۆ بێکەس، ڕەنگدان، قەسیدەی درێژ، چ(١)، چاپخانەی خاك، سلێمانی، ٢٠٠١.

١٠- شێرکۆ بێکەس، دیوانی شێرکۆ بێکەس، ب(١)، چ(٢)،سەنتەری چاپ و پەخشی تەما، سلێمانی، ٢٠٠٢.

١١- عەلائەدین سەجادی، ڕشتەی مرواری، ( ب ١ تا ٤ )، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.

١٢- عەبدوڵڵا پەشێو، هەسپم هەورەو ڕکێفم چیا، چ٣، کوردستان، هەولێر، ٢٠٠٨.

13- عومەر دیلان، چەپکێك لەکاریکاتێرەکانی هونەرمەندی جوانەمەرگ (ئەدیبە سمایل مامە)، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٣.

14- کاروان عوسمان عەلی، دیوانی شوکری فەزلی، چ١، چاپخانەی گەنج، ٢٠٠٩.

١٥- فەرهاد پیرباڵ(د.)، مێژووی هونەری شێوەکاری لەکوردستاندا- لەکۆنەوە تاپەنجاکان، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٦.

١٦- فەرهاد پیرباڵ(د.)، مێژووی هونەری کاریکاتێر لە کوردستاندا، چ١، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٩.

١٧- مەلا عبدالکریمی مدریس و فاتیح عبدالکریم دیوانی نالی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بغداد، ١٩٧٦

١٨- مەدحەد بێخەو، دیوانی بێخەوە، چ١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٣.

١٩- مامۆستا صالح، نوکتەی پێکەنین، ب٢، چ١، بێ ناوی چاپخانەو شوێنی چاپ، ٢٠٠١.

٢٠- مەروان ئەلخەتیب(د.)، ساروخان، وەرگێڕانی گرفتار کاکەیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئارابخا، کەرکوك،٢٠١١.

٢١- موحسین ئاوارە، دیوانی (گوڵە یاقووتییەکان)، سلێمانی، ل، ٢٠٠١.

٢٢- موحسین ئاوارە، دیوانی ( گوڵناز )، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری- بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی، ٢٠٠٣ .

٢٣- نەجم ئەڵوەنی(د)، ئەفسانەو پەندی کۆمیدی گاڵتەئامێزی کوردی، چاپخانەی دارا، هەولێر، ٢٠٠٧.

٢٤- نەژاد عەزیز سورمێ، ڕۆژنامەگەری کوردی چەند سەرەقەڵەمێك لە بارەی تەکنیك و هونەرەکانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی کوردستان، چ٢، هەولێر ٢٠٠٦.

٢٥- هاوژین صلیوه عیسا، بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعرەکانی شێرکۆبێکەسدا، چ١، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٢٦- هۆراس، و. حمید عزیز، هونەری شیعر، چ٢، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر، ٢٠٠٠ .

٢٧- هەڵکەوت، شیعری کاریکاتێری (گرانەتا)چ٢، بێ ناوی چاپخانەو شوێنی چاپ، ١٩٩٢.

ب- **به زمانی عەرەبی:**

١- ممدوح حمادة(د)، فن الكاريكاتير فی الصحافة الدورية، دارعشتروت للنشر، دمشق، ١٩٩٩-٢٠٠٠.

٢- عبدالجبار محمود علی، التصوير الصحفي، دار المعريفة، بغداد، ١٩٨٠

٣- بوعلي ياسين، بيان الحدبين الهزل والجد، دراسة في أدب النكتة، ط٣، دار المدى الثقافة والنشر، ٢٠١٣

٢- گۆڤار:

**أ-گۆڤار به زمانی کوردی:**

١- هەڤپەیڤین، عیماد ئەحمد، کاریکاتێری کوردی و هونەری کاریکاتێر لەدیدی بەمۆی کاریکاتێریستەوه، گ ( کاروان )، ژ ( ١٦٠ ).

٢- سیخوڕمه، گۆڤارێکی مانگانەیه، ساڵی پانزەیەم، ژ٢٢٢، تەمووزی ٢٠١٢.

ب- گۆڤار بەزمانی عەرەبی:

- ندوة الفكاهة، مجلة الهلال، عدد أب، ١٩٤٨.

**٣- ڕۆژنامه به زمانی كوردی:**

١- ئاشتی گەرمیانی، چاپلن و فان كوخ و دالی لەمۆزەخانەی ئەمستردامدا، ڕ.ڕێگای ئەدەب وهونەر، ژ(٦٠)گوڵانی ٢٧١١.

٢- دیدەنی (شۆڕش محەمەد حسێن) لەگەڵ كاریكاتێریست(ڕێناس محەمەد)، كوردستانی نویٚ، ٢٠١٤/٧/١١.

٣- لەچین كوردێك خەڵاتی باشترین كاریكاتێریستی نێودەوڵەتی بەدەست هێنا، ڕەخنەی چاودێر، ژمارە(٤٠٧)، ٢٠١٣/٢/١١.

**٤-دیدەنی به زمانی كوردی:**

١- دیدەنی توێژەری ئەم كتێبە لەگەڵ د. عزەدین مستەفا ڕەسووڵ، ٢٠١٠/١١/١٥.

٢- دیدەنی توێژەری ئەم كتێبە لەگەڵ عومەر عەزیز حەمەدەمین، خوێندەواری نییەو لەدایك بووی٢٢/١٠/١٩٤٨، تەقتەق، دووشەممە، ڕێكەوتی ٢٦/٤/٢٠١٠.

٣- دیدەنی توێژەری ئەم كتێبە لەگەڵ د. لەتیف حەسەن - مامۆستا لە زانكۆی كۆیە، لە ڕێكەوتی ١٥/ ٦/ ٢٠١٠.

٤- دیدەنی توێژەری ئەم كتێبە لەگەڵ كاریكاتێریست (عەلی دەروێش)، ٢٩/٧/ ٢٠١٤.

٥- دیدەنی توێژەری ئەم كتێبە لە گەڵ شێوەكارو كاریكاتێریست(محەمەد ڕۆستەم زادە- نامۆ)،جاری یەكەم ٢٠١٤/٨/٣، جاری دووەم یەكشەممە ٢٠١٤/٩/١٤.

٦- دیدەنی توێژەری ئەم كتێبە لەگەڵ شێوەكار(عادل زرار)، ٢٠١٤./٨/١

٧- دیدەنی توێژەری ئەم كتێبە لەگەڵ شێوەكار(قەرەنی جەمیل)، ٢٠١٤/٨/١.

٨- دیدەنی توێژەری ئەم كتێبە لەگەڵ هونەرمەند (بۆتان ناڵەیی)، هەولێر، ٢٠١٤/٩/٢٢.

٩- دیدەنی (گرفتار کاکەیی)لەگەڵ کاریکاتێریست (عەلی دەروێش)، Hewal.com ٢٠١٤/٧/١١

**٥- بەرنامەی تەلەفزیۆن بە زمانی کوردی:**

- چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی(NRT)لەگەڵ کاریکاتێریست (بابان مەزهەر)، لە ڕێکەوتی شەوی ١٤/٨/٢٠١٤.

**٦- بەرنامەی تەلەفزیۆن بە زمانی عەرەبی:**

- لقاء مع علی مندلاوي في برنامج (لقاء خاص)، مقدم برنامج (شمعون متی صلیوه)، في تلفزيون عشتار بتاريخ ٢/٥/٢٠١١، الساعة (٨/٣٠) مساءً.

**٧- سەرچاوەی ئینتەرنێت**

**أ- بەزمانی کوردی:**

- دیدەنی(شۆڕشمحەمەدحسێن)لەگەڵ کاریکاتێریست (سالارعەبدوڵڵا)jwannase.blogspot

**ب- بە زمانی عەرەبی:**

١- عزيز علی، تاريخ كاريكاتير، موقيع ومنتديات المفتاحwww.almooftah.com vblshowwtnvead.php?t=40 لة ١٢/١٠/٢٠١٠وەرم گرتووە.

٢- تاريخ كاريكاتير مع ابرز فنانين من الكاريكاتير، vb3ltt2836-2htmlwww.liilas.com شبكة ليلاس للثقافة، لة ١٢/١٠/٢٠١٠ وەرم گرتووە.

٣- حمدان خضر سالم(د)، الاتجاهات السياسية للكاريكاتير في جريدة الشرق الاوسط، www.dahsha.com\old\viewarticle.dnp?idz32183(٤) لەڕێکەوتی ١/٩/٢٠١٢

وەرم گرتووە.

٥- ویکیبیدیا الموسوعة الحرة or.wikipedia.orq/wiki

ئەم زانیارییەم لەڕێکەوتی ٢٠١٢/٩/١ وەرم گرتووە.

(6) http://www.mmascom.com/?p=574- (د.اِبراهيم الخياط)له ڕێکەوتی ٢٠١٤/٨/١٥ وەرگیراوە.

- http://shamela.ws/browse.php/book-10540/page-346(٧)

http://www.aljazeera.net/programs/withoutbounds/2005/3/12(8) (عماد حجاج)

**ج- به زمانی ئینگلیزی:**

www.dailywritinjtipa.com/character-and-caricature.

1- Doctcr Thomas Brownas Christhan morals published posthumousiy in 1716.

2- Baudelairs ((Aryot PLastiJue))poetic caricature and modernism.jan 1990

**٨- نامەی ئەکادیمی:**

- جبار ئەحمەد حسێن، بنیاتی ساتیرا له کورته چیرۆکی کوردیدا، کوردستان-عێراق، ١٩٧٠-١٩٩٠، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر،٢٠١٠.

# هونەری تەنز و گەپ و کاریکاتێر- بیبلیۆگرافیا و پێڕستی لە کتێبی کوردیدا ١٩٧٠- ٢٠٠٩

ئامادەکردنی: بوار نوورەدین
**Bwar_n@yahoo.com**

## پێشەکی

زۆرێك لە خوێنەران ئاگادارن، چەند ساڵێکە کار لەم پڕۆژەیەدا دەکەین و لە ئێستادا، تەواوی وردەکاریی پڕۆژەکە تەواو بووە، کە ٥٦٨٠ کتێبی تێدا ناسێنراوە و لە ٥٢٨٤ لاپەڕە پێکهاتووە و بەسەر ١٢ بەرگ و بەشدا دابەشکراون: مێژوو و جوگرافیا، ئەدەب، کۆمەڵناسی، ڕاگەیاندن، ئایین، زمان، هونەر.

لە بەر چەند هۆکارێك، پڕۆژەکە دواکەوت، کە دیارترینیان فراوانی پڕۆژەکە و کێشەکانی کتێب و کتێبخانەی کوردی بوو، هەروەها لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا، پڕۆژەکە پشتگیرێکی سەرەکی نەبوو، کە ببێتە هۆی ئەوەی کاری تر نەکەین و تەواوی کاتی خۆمان بۆ تەواوکردنی پڕۆژەکە دابنێین، کارێکی ئاوا فراوانیش، بە کاتی پشووی مرۆڤ، بە ئاسانی تەواو ناکرێت...

بە پێی توانا، زۆرترین وردەکاریمان لەگەڵ ئەم پڕۆژەیەدا کردووە و زۆریش پێوەی ماندووبووین، بێ هیچ گومان و چەند و چوونێك، هێشتا کەموکورتی هەیە، ئەمەش سروشتێکی ئامادەکردنی بیبلیۆگرافیایە، بە تایبەت لە وڵاتێکی وەك کوردستان و لە پێناوی کتێبی کوردیدا.

ئەم پڕۆژەیە، جگە لە کتێب بە زمانی کوردی- لە سەرەتاوە تاکو ساڵی ٢٠١٠- ، کتێبی نووسراوی بە هیچ زمانێکی دیکە لەخۆنەگرتووە، هەروەها، گۆڤار و ڕۆژنامەی نەگرتووەتەوە، تەنیا ئەوانەی گرتووەتەوە کە وەك (کتێب)، دووبارە چاپ

کراونەتەوە، لە هەمان کاتدا، پڕۆژەکە تەنیا ئەو کتێبانەی کۆکردووەتەوە کە لەبارەی (کورد و کوردستان) نووسراون.

لەم بیبلیۆگرافیا تایبەتەدا، ڕەنگە هەندێ ناتەواوی لە (کتێبی فۆلکۆری)ی ساڵانی ٢٠٠٥-٢٠١٠ی تێکەوتبێت، چونکە ساڵی ٢٠٠٤ (بیبلیۆگرافیای کتێبی فۆلکلۆری کوردی ١٨٦٠-٢٠٠٤)مان ئامادەکردووە و نەتوانراوە بۆ ئەم بیبلیۆگرافیا تایبەتە، کتێبی ئەو چەند ساڵە تۆمار بکەین.

لەم بیبلیۆگرافیایەدا، هەروەك تەواوی پڕۆژەکە، کتێبەکان بە پێی ساڵ و لە هەر ساڵێکیشدا، بە پێی (تیپ)ـە کوردییەکان ڕیزکراون. بە پێویستمان نەزانی هەموو ئەو سەرنج و تێبینییانە بنووسینەوە، کە لە ئامادەکردنی بیبلیۆگرافیاکانی پێشتردا ئاماژەمان پێکردوون، لە پێناوی زانیاریی زۆرتر لەبارەی پڕۆژەکە و شێوازی بیبلیۆگرافیاکە، خوێنەر دەتوانێ بگەڕێتەوە ژمارەکانی پێشتری (ڕۆڤار)، هەروەها: بیبلیۆگرافیای کتێبی کوردی- بەرگی یەکەم: مێژوو و جوگرافیا، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، چ(حاجی هاشم)، ٢٠١٤.

پێش تەواوبوونی پڕۆژەکە، توانراوە چەند بەرهەمێکی لێ بڵاوبکرێتەوە، کە هەندێکیان وەك کتێبی سەربەخۆ چاپ کراون:

١- شێرکۆ بێکەس- بیبلیۆگرافیا و پێڕستی لە کتێبی کوردیدا ١٩٥٦-٢٠١٣، بڵاوکراوەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٣.

٢- عەلائەدین سەجادی- بیبلیۆگرافیا و پێڕستی لە کتێبی کوردیدا ١٩٣٩-٢٠١٢، بڵاوکراوەی یەکێتیی نووسەرانی کورد، ٢٠١٣.

٣- مام جەلال تاڵەبانی- بیبلیۆگرافیا و پێڕستی لە کتێبی کوردیدا ١٩٦٤-٢٠١٠، بڵاوکراوەی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ٢٠١٤.

هەروەها لە ژمارەکانی کۆتایی (ڕۆڤار)دا، کە (دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم) دەریدەکات، بیبلیۆگرافیای تایبەت بۆ ئەم کەسایەتییانە ئامادەکراوە: ئەمین زەکی بەگ، سالم، کوردی، د.عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، شکور مستەفا، مەولەوی،

قانیع. ئەمە جگە لە (بەرگی یەکەم) کە لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤دا، وەك بڵاوکراوەی (ئەکادیمیای کوردی) چاپکرا... هەروەها هاوکاریی دەیان توێژەر و لێکۆڵەری کردووە.

هێما بەکارهاتووەکان

چاپ: نۆرەی چاپە واتە چاپی یەکەم و دووەم

چ: چاپخانە

ش: شوێن

و- وەزارەت

ژس: ژمارەی سپاردن

س: ساڵ

ل: لاپەڕە

ق: قەوارە (بە سانتیمەترە و "پانی"ی پێش "درێژی"ی نووسراوە)

؟: بۆ هەر زانیارییەکی نەزانراو و نادیار دانراوە

**یەکەم:**

بیبلیۆگرافیای کتێبی نووسراو لەبارەی هونەری تەنز و گەپ و کاریکاتێر ١٩٧٠- ٢٠٠٩.

١. گاڵتە و گەپی پیرەمێرد

نووسین: پیرەمێرد

ئامادەکردن: کاکەی فەللاح

لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی پیرەمێرد لە سلێمانی

چاپ: یەکەم، چ: کامەران، ش: سلێمانی، ژس:؟، س: ١٩٧٠، ل:١١٤، ق:١٤×٢١

ناوەرۆك:

خوێنەری بەڕێز: کاکەی فەللاح/ گێڕانەوەی نزیکەی ٧٠ گاڵتە و گەپ.

٢. گاڵتە و گەپ- بەرگی یەکەم
ئامادەکردن: ب.کەساس
بە ڕەزامەندی وەزارەتی الثقافة والاعلام لە چاپدراوە
چاپ: یەکەم، چ: راپەڕین، ش: سلێمانی، ژس:!، س: ١٩٧٠، ل:٢٨، ق:١١×١٥
ناوەرۆك:
پێشەکی/ گێڕانەوەی ٦٦ گاڵتە و گەپ.

٣. ئازادی بە شەرتی کەلەپچە- کاریکاتێر
نووسین: محەممەد قادر (سەردەم)
لە بڵاوکراوەکانی بنکەی (کاوە) بۆ ڕۆشنبیریی کوردی
چاپ: یەکەم، چ: حاجی هاشم، ش: هەولێر، ژس: ٣٨٧، س: ٢٠٠٣، ل:١٠٤، ق:١٤×٢٠
ناوەرۆك:
تێبینی/ وتەیەك/ هونەری کاریکاتێر و جۆرەکانی/ هونەری کاریکاتێری کوردی/ کاریکاتێر لە فەرهەنگ و کەلتووری کوردیدا/ کاریکاتێر لە شانۆ و درامای کوردیدا/ کاریکاتێر لە گۆرانی و مۆسیقای کوردیدا/ کاریکاتێر لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا (چەند نموونەیەك لە کاریکاتێرەکانی ئامادەکار "لاپەڕە ٢٨-١٠٠ بە ڕەش و سپی")/ لە بڵاوکراوەکانی بنکەی (کاوە) بۆ ڕۆشنبیریی کوردی.١

٤. ئەو منداڵەی دوێنێ گریا- هەندێك وتار و گۆشەی تەنزئامێز و ڕەخنەیی ڕۆژنامەوانی

---

١- لەسەر بەرگی دواوە، وێنەیەکی نووسەر و کورتەیەك لە ژیاننامەکەی دانراوە، پێناسەیەکی کتێبەکەش کراوە.

نووسین: جەبار سابیر

چاپ: یەکەم، چ: سیما، ش: سلێمانی، ژس: ٧٠، س: ٢٠٠٤، ل:١٠٠، ق:١٥×٢٠

ناوەرۆك:

پەیڤێك/ هەندێ بابەتی وەك: وێنەی سەددام وێنەی ئەنفال و هەڵەبجە/ نەفەرێك پارەی نەداوە/ جگەرەکێش/ ڕۆژێك بۆ خۆشەویستی و ٣٦٤ ڕۆژ بۆ ڕق/ کوێخا ڕینگۆ/ سایکۆلۆژی/ ئەوانەی لە ئاڵای کوردستان تۆقیون/ خاتوو شیریڤان و تەها جەزراوی/ بەرنامەی بەرنامە و بێوەژن/ کەرکووك سپڵی کوردستانە/ ئەو منداڵەی دوێنێ گریا/ عێراقچێتی...

٥. بەهەشتێ لە کاغەز- کۆمەڵە ستوونێکی تەنزئامێزی ڕەخنەیی ڕۆژنامەوانییە

نووسین: جەبار سابیر

چاپ: یەکەم، چ: شەنگ، ش: سلێمانی، ژس: ٦٦، س: ٢٠٠٥، ل:٩٨، ق:١٥×٢٠

ناوەرۆك:

چەکوشەکەی سابیر: ئاوات ئەحمەد/ بەهەشتێ لە کاغەز: نزار محەممەد/ ئەو ستوونانەی لە گۆشەی چەکوشی هەردوو ڕۆژنامەی (زادگە) و (نێوەند)دا بڵاوبوونەتەوە: ئەزمەی سەکەن و ئەزمەی مقەڕ/ سەددام و ڕیش- عرووبە و ئیسلام/ شاری هەڵمەت و گرانی/ ئای لەو دیموکراسییە؟/ ئەو ستوونانەی لە گۆشەی (بنی هەمبانەکە) لە ڕۆژنامەی (شارستانی) بڵاوبوونەتەوە: بازاڕی ئازاد یان چەوساندنەوەی ئازاد/ بۆچی؟/ سزای یاسایی هەر بۆ خەڵکی هەژارە...

٦. بۆ ئەوەی گەندەڵی نەمانخوا

ئامادەکردن: پەروەر؟

لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری پەنا بە هاوکاری ڕێکخراوی ICSP (بەرنامەی کۆمەڵگای مەدەنی عێراق)

چاپ: یەکەم، چ: ؟، ش: ؟، ژس: ٢٣، س: ٢٠٠٦، ل:١٠٨، ق:٢٠×١٤

ناوەرۆك:

لەبری پێشەکی- بۆچی ئەم کتێبە؟: لەتیف فاتیح فەرەج — سەروەر کەریم (لەم پێشەکییەدا نووسراوە: هەڵبژاردنی ١٠٠ کارکاتێر بۆ ئەوەی بکرێ بە کتێبێك، لەو ڕوانگەیەوەیە کە جگە لەوەی هونەری کاریکاتێر تا ئەمڕۆش لە نێو کورددا هێندەی هونەرە بۆ "قاقا"، هێندە هونەر نییە بە تێڕمان و لەسەروەستان و هەڵوەستە، لەم کتێبە تایبەتەدا، کاریکاتێریست "پەروەر" لەسەر داوای سەنتەری پەنا کە سەنتەرێکە بۆ نەهێشتنی توندوتیژی لەسەر ژنان، بە هاوکاری ڕێکخراوی ICSP "بەرنامەی کۆمەڵگای مەدەنی عێراق" هەستان بە کێشانی ئەم کاریکاتێرانە...)/ کاریکاتێرەکان (بە ڕەش و سپی...)/ هەمان ئەو پێشەکییەی سەرەتای کتێبەکە بە زمانی ئینگلیزی...١

٧. موقەددەس و کولتور/ ئیشکالیەتی بەریەککەوتنی نێوان ئیسلام و خۆرئاوا- سەرنجێك لە وێنە کاریکاتێریەکانی ڕۆژنامەی (یولاندس بوستن)ی دانیمارك

نووسین: سەلام عەبدولکەریم

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

چاپ: یەکەم، چ: سەردەم، ش: سلێمانی، ژس: ٤٢٤، س: ٢٠٠٧، ل:١٦١، ق:١٤×٢١

ناوەرۆك:

پێشەکی: د.سەباح بەرزنجی/ پێشەکی نووسەر/ دەروازە/ بەشی یەکەم: ئۆرێنتالیزم و کولتوور/ باسی یەکەم: دەربارەی ئۆرێنتالیزم و ئۆرێنتالیست/ باسی دووەم:

---

١- لەسەر بەرگی دواوە، ناسنامەی کتێبەکە بە زمانی ئینگلیزی نووسراوە.

مێژووی سەرهەڵدانی خۆرهەڵاتناسی (ئۆرێنتالیزم)/ باسی سێیەم: پێناسەکانی ئۆرێنتالیزم/ باسی چوارەم: ڕۆڵی ئۆرێنتالیزم لە پەیوەندی ئاشتییانە و بەریەککەوتنی زبری نێوان خۆرئاوا و جیهانی ئیسلامیدا/ باسی پێنجەم: کولتوور و تایبەتمەندێتییەکانی/ بەشی دووەم: بەریەککەوتنی کولتووری نێوان جیهانی ئیسلامی و خۆرئاوا/ باسی یەکەم: وێنەی خۆرئاوا لە دیدی جیهانی ئیسلامی و خۆرهەڵاتدا/ باسی دووەم: وێنەی خۆرهەڵات و جیهانی ئیسلامی لە دیدی بەشێك لە خۆرئاوادا/ باسی سێیەم: هۆکارەکانی بەریەککەوتنی کولتووری نێوان جیهانی ئیسلامی و خۆرئاوا/ باسی چوارەم: وێنە کاریکاتێرییەکان وەك دەرکەوتنەوەی فۆڕمێك لە ئۆرێنتالیزمی خۆرئاوایی/ باسی پێنجەم: وێنە کاریکاتێرییەکان وەك پێکدادانی کولتووریی نێوان بەشێك لە خۆرئاوا و جیهانی ئیسلامی/ دەرئەنجام/ پەراوێز و سەرچاوەکان/ پاشکۆی تایبەت بە سەرەتاکانی چۆنێتی بڵاوکردنەوەی وێنە کاریکاتێریەکان و کاردانەوەکانی لە لایەن موسوڵمانانەوە/ پاشکۆی وێنە و زانیارییەکان/ بەرهەمە بڵاوکراوەکانی نووسەر.

٨. مێژووی هونەری کاریکاتێر لە کوردستاندا

نووسین: فەرهاد پیرباڵ

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای موزیك و کەلەپووری کوردی

چاپ: یەکەم، چ: ؟، ش: هەولێر، ژس: ؟، س: ٢٠٠٩، ل:٨٢، ق:١٤×٢٠

ناوەرۆك:

وشەیەك/ هونەری کاریکاتێر/ هونەری کاریکاتێر لە کوردستاندا/ یەکەمین هەوڵدانی حسێن حوزنی موکریانی بۆ دامەزراندنی هونەری کاریکاتێر لە کوردستاندا/ ئەنوەر توفی- یەکەم کاریکاتێریستی پرۆفیشاڵ لە کوردستاندا/

وێنەی چەند کاریکاتێرێکی ڕۆژنامە و گۆڤارە فەرەنسییەکان لەبارەی کوردستان/ کتێبە چاپکراوەکانی نووسەر.١

**دووەم:**

پێڕستی بابەتی نووسراو لەبارەی هونەری تەنز و گەپ و کاریکاتێر ١٩٦٨-٢٠٠٩.

١. ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی

نووسین: عەلائەدین سەجادی٢

چاپ: یەکەم، چ: مەعاریف، ش: بەغدا، ژس: ؟، س: ٣١٩٦٨، ل:٣٤٨، ق:١٧×٢٤

ناوەرۆك:

هونەرە قسەییە ئاشکراییەکان: ڕەگەز دۆزی/ لێچوون و لەوچوون/ خواستن/ گۆشە/ درکە/ خوازە/ گرێ لێدراو/ ئاشکرا/ تێکەڵکێش/ تیل نیشان/ توانج پۆشی/ جوانی بایس/ هونەرە قسەییەکان و بەشەکانی ئەدەب.

٢. ئەدەبی فۆلکلۆری کورد- لێکۆڵینەوە

نووسین: د.عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ

بە یاریدەی وەزارەتی کاروباری شیمال چاپکراوە

---

١- لەسەر بەرگی دواوە، ناوی کتێبەکە بە زمانی ئینگلیزی نووسراوە.

٢- کتێبی (ڕشتەی مرواری)ی م.عەلائەدین سەجادی، کە چەند جارێك چاپ کراوەتەوە، بە هەمان شێوەی هەندێ لەم کتێبانە، چەند بابەتێکی تەنزئامێز و گاڵتە و گەپ و توانجی... تێدایە، بە هۆی ئەوەش کە بیبلیۆگرافیایەکی تایبەتمان بۆ ئەم کەسایەتییە ئامادە کردووە، بە پێویستمان نەزانی دووبارە ئاماژە بە کتێبی ناوبراو بکەینەوە...

٣- لەسەر بەرگ، ساڵی ١٩٦٨ و لە یەکەم لاپەڕەدا، ساڵی ١٩٦٧ نووسراوە؟

چاپ: یەکەم، چ: دار الجاحظ، ش: بەغدا، ژس: ؟، س: ١٩٧٠، ل:١٦٤، ق:١٧×٢٣

ناوەرۆك:

بەشەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی..: گاڵتە و گەپ/ قارەمانی خۆماڵی و گاڵتە و گەپ.

٣. تیشك

نووسین: خورشیدە بابان

چاپ: یەکەم، چ: کامەران، ش: سلێمانی، ژس: ؟، س: ١٩٧٠، ل:٢١٥، ق:١٢×١٧

ناوەرۆك:

قسەی بە توێکڵ و بە توانج.

٤. دیوانی پیرەمێردی نەمر

نووسین: محەممەد ڕەسووڵ هاوار

بە یارمەتی وەزارەتی کاروباری ژووروو چاپکراوە

چاپ: یەکەم، چ: العاني، ش: بەغدا، ژس: ؟، س: ١٩٧٠، ل:٤٥٥، ق:١٧×٢١

ناوەرۆك:

چیرۆك و گاڵتە و گەپ و مەتەڵ.

٥. خۆشخوانی- گوزارەکاری. ڕەوانکاری. جوانکاری

نووسین: عەلائەدین سەجادی

بە بڕیار و لەسەر ئەرکی (زانکۆ)ی سلێمانی چاپکراوە

چاپ: یەکەم، چ: مەعاریف، ش: بەغدا، ژس: ١١٢٤، س: ١٩٧٨، ل:١٧٦، ق:١٧×٢٤

ناوەرۆك:

ڕەوانکاریی- هەندێ بابەتی وەك: هونەرە قسەییە ئاشکراکان/ جوانکاریی- هەندێ بابەتی وەك: توانج پۆشی/ گاڵتەوگەپ.

٦. خۆشخوانی- گوزارەکاری. ڕەوانکاری. جوانکاری

نووسین: عەلائەدین سەجادی

چاپ: ؟، چ: ؟، ش: ؟، ژس: ١١٢٤، س: ١٩٧٨، ل: ١٠١، ق:١٥×٢١

ناوەرۆك:

هەمان ناوەرۆکی چاپەکەی تری هەیە، بڕوانە کتێبی پێشتر.

٧. بۆ کوردستان

نووسین: عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی (هەژار)

چاپ: سێیەم، چ: جەواهیری، ش: تاران، ژس: ؟، س: ١٣٥٨(١٩٧٩)، ل:٣٢٧، ق:١٧×٢٣

ناوەرۆك:

بەشی سێیەم: گەپ و گاڵتە.

٨. لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کورد

نووسەر: د. عیززەدین مستەفا ڕەسووڵ

لە بڵاوکراوەکانی زانکۆی سلێمانی

چاپ: دووەم، چ: زانکۆی سلێمانی، ش: سلێمانی، ژس: ٩٠٨، س: ١٩٧٩، ل: ٢٣٣، ق:١٧×٢٣

ناوەرۆك:

هەمان ناوەرۆكی چاپی پێشتری هەیە...

٩. ئەدەبی فۆلكلۆریی كوردی- بەشی یەكەم

نووسین: كامەران موكری (محەمەد ئەحمەد تەها)

لە سەر ئەركی زانكۆی سەلاحەددین چاپكراوە

چاپ: یەكەم، چ: زانكۆی سەلاحەددین، ش: هەولێر، ژس: ١٠١٠، س: ١٩٨٤، ل:١١٤، ق:١٧×٢٣

ناوەرۆك:

ئەدەبی كوردی و بەشەكانی...: گاڵتە و گەپ و قارەمانی.

١٠. دەسەڵاتی چوارەم

نووسین: محەممەد فەریق حەسەن

چاپ: یەكەم، چ: ڕۆشنبیری، ش: هەولێر، ژس: ١٧٨، س: ١٩٩٨، ل:٤٦، ق:١٥×٢٠

ناوەرۆك:

كاریكاتێر لە بزاڤی ڕۆژنامەوانیدا.

١١. كوردستان لە ئاوێنەیَ مێژوودا

نووسین: عەلی ئەحمەد ڕەوشەنی (هەڵوەدای لەیلاخی)

چاپ: یەكەم، چ: نادر، ش: ئێران، ژس: ؟، س: ١٣٧٧ (١٩٩٨)، ل:٣٠٣، ق:١٧×٢٤

ناوەرۆك:

گاڵتە و گەپ.

١٢. ڕۆژنامەگەریی کوردی- چەند سەرەقەڵەمێك لەبارەی تەکنیك و هونەرەکانی

نووسین: نەژاد عەزیز سورمێ

لە بڵاوکراوەکانی کتێبی برایەتی

چاپ: یەکەم، چ: و-پەروەردە، ش: هەولێر، ژس: ٢١٦، س: ١٩٩٩، ل:٢٤٥، ق:١٥×٢١

ناوەرۆك:

وێنە و کاریکاتێر و تایپۆگرافیا و بڵاوکردنەوەیان لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا.

١٣. شەوچەرەی شار- بەرگی یەکەم- هەڵبژاردەی نوکتە و گاڵتە و قسە خۆشەکانی سلێمانی

کۆکردنەوە و ئامادەکردن: ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە

چاپ: یەکەم، چ: دلێر، ش: سلێمانی، ژس: ٥٢٤، س: ١٩٩٩، ل:٢٧٠، ق:١٩×٢٤

ناوەرۆك:

دەروازەیەك بۆ پرۆژەیەکی تایبەت بە نووسینەوەی ئەدەبیاتی نوکتە و گاڵتەوگەپ: پێشڕەو ئەحمەد/ لیستی ناوی خەڵکانی قسەخۆشی سلێمانیی جاران/ گولزارێك لە ژنە قسە خۆشەکانی سلێمانیی جاران/ هەندێ بابەتی دیکە و هەڵبژاردەی گاڵتە و نوکتە و قسە خۆشەکانی ناوداران و شاعیران و خەڵکی شاری سلێمانی/ کۆمەڵێك وێنەی ڕەش و سپی...

١٤. بیبلیۆگرافیای چوار ساڵەی گۆڤاری ڕامان لە ژمارە (١)ی ١١ی تەموزی ١٩٩٦ تا ژمارە (٤٨)ی ٥ی حوزەیرانی ٢٠٠٠

ئامادەکردن: سابیر ڕەشید- عەبدوڵڵا زەنگەنە
چاپ: یەکەم، چ: و-پەروەردە، ش: هەولێر، ژس: ٢٤٠، س: ٢٠٠٠، ل:٤١٥، ق:٢٣×٣٠
ناوەرۆك:
کاریکاتێر.

١٥. بۆ کوردستان
نووسین: هەژار
سەرپەرشتیاری چاپ: شکوور مستەفا و بەدران ئەحمەد
لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
چاپ: چوارەم، چ: و- پەروەردە، ش: هەولێر، ژس: ٧٨، س: ٢٠٠٠، ل:٦٢١، ق:١٧×٢٣
ناوەرۆك:
بۆ ناوەرۆکی ئەم کتێبە، بڕوانە دووەم بیبلیۆگرافیا کتێبی ژمارە ٧.

١٦. تاپۆ و بوومە لێڵ
نووسین: سوارە ئێلخانی زادە
لە بڵاوکراوەکانی نەشری پانیز- ئێران
چاپ: یەکەم، چ: ساڵحان، ش: ئێران، ژس: ١؟، س: ١٣٧٩ (٢٠٠٠)، ل:٣٩٣، ق:١٤×٢١
ناوەرۆك:
هەندێ بابەتی وەك: تەنز لە وێژەی کوردییدا.

---

١- ژمارەی سپاردنی نییە و کۆدی ISBN: 964-90549-0-1 وەرگرتووە.

١٧. کاریگەریی کەلەپووری کوردی لە شانۆی کوردیدا
نووسین: ئیبراهیم ئەحمەد سمۆ
لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی
چاپ: یەکەم، چ: خەبات، ش: دهۆك، ژس: ٥٤٦، س: ٢٠٠١، ل:٢٢٠، ق:١٦×٢٣
ناوەرۆك:
بەشی یەکەم- ڕەگەزە سەرەکییەکانی کەلەپوور: گاڵتە و گەپ.

١٨. چەند بابەتێکی ڕۆژنامەوانی
نووسین: محەممەد سەعید کوردە
لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری- بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر
چاپ: یەکەم، چ: و-ڕۆشنبیری، ش: هەولێر، ژس: ٥٥٧، س: ٢٠٠٤، ل:٨٠، ق:١٥×٢٢
ناوەرۆك:
کاریکاتێر- زمانی جیهانی سەردەم.

١٩. سلێمانی لە ئەدەبی فۆلکلۆردا- ئەحەی کوڕنوو... پاڵەوانی گاڵتەوگەپ
نووسین: پ.شوکریە ڕەسووڵ
لە بڵاوکراوەکانی ئینستیتیوتی کەلەپووری کورد
چاپ: یەکەم، چ: تیشك، ش: سلێمانی، ژس: ٢٠٢، س: ٢٠٠٤، ل:١٢٦، ق:١٥×٢١
ناوەرۆك:

... ناوەڕۆکی بەشی دووەم: پێشەکی: قسەی خۆش یا گاڵتە و گەپ/ پێناسە/ قارەمانی گاڵتە و گەپ و جۆرەکانی/ ئەحەی کوڕنوو و ژیانی/ شێوە و کردەوە و ئەکتەری/ کار و پیشە جیاکانی ئەحەی کوڕنوو/ ناوەرۆکی گاڵتە و گەپەکانی/ لایەنی مێژوویی/ لایەنی کۆمەڵایەتی/ گاڵتە و گەپی ڕووهەڵماڵراو/ ئەحەی کوڕنوو و بیرکردنەوەی لە مردن/ دوا گاڵتە و دوا وشەی لە گیانەڵادا/ ئەحەی کوڕنوو و شاعیرانی کورد/ ئەنجام/ سەرچاوەکان.

٢٠. ئازادی لە بەهاری تەمەنیدا- وتاری ڕۆژنامەنووسیی

نووسین: نەژاد عەزیز سورمێ

چاپ: یەکەم، چ: و-پەروەردە، ش: هەولێر، ژس: ٤٨١، س: ٢٠٠٥، ل:٢٠٧، ق:١٢×١٩

ناوەرۆك:

ناوەرۆك/ هەندێ وتاری وەك: ڕۆژنامەگەریی تەنزئامێز بە کوردی/ زمانی ڕۆژنامەنووسی.

٢١. ڕۆژنامەڤان

نووسین: فەرەیدوون سامان

لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری- بەڕێوەبەرایەتی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە

چاپ: ؟، چ: ڕوون، ش: سلێمانی، ژس: ٢٣١، س: ٢٠٠٥، ل:٢٦٨، ق:١٦×٢٢

ناوەرۆك:

هونەری کاریکاتێر لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا/ گرفتاری کاریکاتێریست.

٢٢. ئێمە زۆر قسە دەکەین ئێمە زۆر ئازاین

نووسین: ڕەسووڵ بەختیار

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان

چاپ: یەکەم، چ: هاوسەر، ش: هەولێر، ژس: ٦٢٣، س: ٢٠٠٦، ل:٦٨، ق:١٥×٢٢

ناوەرۆك:

پێشەکی/ هەندێ بابەتی وەك: فەرهەنگی توانج.

٢٣. دەسەڵاتی چوارەم و زمانی تەلەفزیۆن

نووسین: محەممەد فەریق حەسەن

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

چاپ: یەکەم، چ: سەردەم، ش: سلێمانی، ژس: ١٠٦٦، س: ٢٠٠٦، ل:١٥٢، ق:١٥×٢٠

ناوەرۆك:

کاریکاتێر لە بزاڤی ڕۆژنامەوانیدا.

٢٤. زناك- چەند بابەتێکی روناکبیری

نووسین: محەممەد ڕەنجاو

لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری-بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر

چاپ: یەکەم، چ: و-ڕۆشنبیری، ش: هەولێر، ژس: ٨، س: ٢٠٠٦، ل:١٢٥، ق:١٦×٢٢

ناوەرۆك:

ونبوونی هونەری کاریکاتێر لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا.

٢٥.   بۆ کوردستان

نووسین: عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی (هەژار)

ئامادەکردن: ماجید مەردۆخ ڕۆحانی

لە بڵاوکراوەکانی ئینتیشاراتی هەژار لە سنە

چاپ: شەشەم، چ: ؟، ش: سنە، ژس: ؟١، س: ١٣٨٦ (٢٠٠٧)، ل:٣٦٧، ق:١٧×٢٤

ناوەرۆك:

بۆ ناوەرۆکی ئەم کتێبە، بڕوانە دووەم بیبلیۆگرافیا کتێبی ژمارە ٧.

٢٦.   چەشنە ئەدەبی و ڕۆژنامەنوسییەکان و ڕەنگدانەوەیان لە "ژیان و ژین"دا (١٩٣٢-١٩٥٠)

نووسین: هەڤاڵ ئەبوبەکر حسێن

لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین

چاپ: یەکەم، چ: شڤان، ش: سلێمانی، ژس: ٢٧٣، س: ٢٠٠٧، ل: ٣٦٦+٤٨+٢١+٢٧، ق:١٦×٢٢

ناوەرۆك:

بەشی دووەم: ڕۆژنامەنوسی و چەشنە ڕۆژنامەنووسییەکان.../ کاریکاتێر.

٢٧.   خوێندنەوەیەکی خێرای کوردستانی نوێ دوای یانزە ساڵ- لێکۆڵینەوە

نووسین: لەتیف فاتیح فەرەج

لەسەر ئەرکی مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندن (ی.ن.ك) چاپکراوە

چاپ: یەکەم، چ: شەهید ئازاد هەورامی، ش: کەرکووك، ژس: ؟، س: ١٢٠٠٧، ل:٦٤، ق:١٥×٢١

---

١- ژمارەی سپاردنی نییە و کۆدی ISBN: 964-7573-08-1 وەرگرتووە.

ناوەرۆك:
(کوردستانی نویێ) و وێنە و کاریکاتێر/ تەنز لە (کوردستانی نوێ)دا.

٢٨. دیرۆکا هونەرێ شێوەکاری ل کوردستانێ
نووسین: فەهمی بالایی
لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سپیرێز
چاپ: یەکەم، چ: حاجی هاشم، ش: هەولێر، ژس: ٥٠٨، س: ٢٠٠٧، ل:٢٩٥، ق:١٧×٢٤
ناوەرۆك:
کاریکاتۆر هونەرەکی بریندار کرنا بێ خوینە.

٢٩. سیخورمە
نووسین: سمایل قاسمی
لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
چاپ: یەکەم، چ: ئاراس، ش: هەولێر، ژس: ٦١٥، س: ٢٠٠٧، ل:٧٩، ق:١٥×٢١
ناوەرۆك:
تەنز/ شێوە و ئامرازەکانی تەنز/ تەنزێکی تاریخی/ زمانی ئۆردوو/ فیلیناسی...

٣٠. گوندی گردەزبێر- شارباژێڕی سەخت
ئامادەکردن: دەستەیەك لە گەنجانی گردەزبێر
کۆکردنەوە: نەوزاد محەمەد ئەحمەد

---

١- لەسەر بەرگ ساڵی ٢٠٠٥ و لە ناسنامەشدا، هەردوو ساڵی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٧یش نووسراون؟

چاپ: یەکەم، چ: ؟، ش: ؟، ژس: ٥٣٠، س: ٢٠٠٧، ل:١٩٠، ق:١٦×٢٢

ناوەرۆك:

بەشی نۆیەم: وەرزش و یاری و گاڵتە و گەپ.

٣١. خود.. نووسینەوە- دیدار و وتار

نووسین: ئەنوەری ڕەشی عەولاّ

لە بلاّوکراوەکانی دەزگای چاپ و بلاّوکردنەوەی ئاراس

چاپ: یەکەم، چ: ئاراس، ش: هەولێر، ژس: ١٧٦، س: ٢٠٠٨، ل:١٧٥، ق:١٧×٢٣

ناوەرۆك:

کاریکاتۆری (دیمۆ+کراسی) و (مەلا+کراسی)

٣٢. خەزێنە- کۆمەڵە وتار

نووسین: مەلا عەبدوڵڵا ئەحمەدییان (عەللامە)

لە بلاّوکراوەکانی نەشری ئیحسان

چاپ: یەکەم، چ: مەهارەت، ش: تاران، ژس: ؟١، س: ١٣٨٧ (٢٠٠٨)، ل:٣٠٩، ق:١٥×٢١

ناوەرۆك:

زمانی تەنز و تەوس.

٣٣. ژوانگەی هونەر

نووسین: عەبدولستار جەباری

لە بلاّوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی کەرکووك

---

١- ژمارەی سپاردنی نییە و کۆدی ISBN: 978-964-356-5 وەرگرتووە.

چاپ: یه‌كه‌م، چ: ئارابخا، ش: كه‌ركووك، ژس: ؟، س: ٢٠٠٨، ل:١٠٦، ق:١٥×٢٠

ناوه‌رۆك:

هونه‌ری كاریكاتێر له‌ كوردستاندا.

٣٤. ئینسكلۆپیدیای هه‌ولێر- هونه‌ر- بیۆگرافیای هونه‌رمه‌ندان ٧

ئاماده‌كردن: لیژنه‌ی باڵای ئینسكلۆپیدیا (د.عه‌بدوڵڵا عه‌لیاوه‌یی، د.مه‌ولوود ئیبراهیم حه‌سه‌ن، فه‌رید ئه‌سه‌سه‌رد، د.ئومێد جۆزه‌لی، حه‌مید ئه‌بوبه‌كر به‌درخان)

له‌ بڵاوكراوه‌كانی ده‌زگای چاپ و بڵاوكردنه‌وه‌ی به‌درخان

چاپ: یه‌كه‌م، چ: گرین گالۆری، ش: لوبنان، ژس: ١٨٣٢، س: ٢٠٠٩، ل: ٢٧٩٢- ٣٢٠٤، ق:٢٠×٢٨

ناوه‌رۆك:

مێژووی هونه‌ری كاریكاتێر: هه‌ندرێن ئه‌سعه‌د خۆشناو.

٣٥. ئینسكلۆپیدیای هه‌ولێر- فۆلكلۆر ٩

ئاماده‌كردن: لیژنه‌ی باڵای ئینسكلۆپیدیا (د.عه‌بدوڵڵا عه‌لیاوه‌یی، د.مه‌ولوود ئیبراهیم حه‌سه‌ن، فه‌رید ئه‌سه‌سه‌رد، د.ئومێد جۆزه‌لی، حه‌مید ئه‌بوبه‌كر به‌درخان)

له‌ بڵاوكراوه‌كانی ده‌زگای چاپ و بڵاوكردنه‌وه‌ی به‌درخان

چاپ: یه‌كه‌م، چ: گرین گالۆری، ش: لوبنان، ژس: ١٨٣٢، س: ٢٠٠٩، ل:٣٧٤٣-٤٢٤٨، ق:٢٠×٢٨

ناوه‌رۆك:

گاڵته‌و گه‌پ: د.هیمدادی حسێن.

# پڕۆفایلی نووسەر:( * )



د. هاوژین صلیوە عیسا کەریم
لە دایکبووی (١- ٥- ١٩٧٩)
هەرمۆتە- کۆیە.
ساڵی (٢٠١٢) دکتۆرای
لە ئەدەبی کوردی بەدەست هێناوە.
کتێبە چاپکراوەکانی:
١- لە پاییزەوە بۆ بەهار، شیعر، ٢٠٠٧
٢- وێنەی هونەری لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس دا، توێژینەوەی ئەدەبی، ٢٠٠٩
٣- خوشکە نەسیمۆ، کۆمەڵێ حیکایەتی سریانی، وەرگێڕانی لە زمانی سریانییەوە بۆ زمانی کوردی، ٢٠١٢
٤- مۆسیقای نامۆیی، شیعر، ٢٠١٣
٥- ڕەهەندی دەروونی لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا، توێژینەوەی ئەدەبی، ٢٠١٣
٦- خۆری دەق و ئاوێزەی ڕەخنە، ڕەخنەی ئەدەبی، ٢٠١٣
٧- مێژووی هەرمۆتە، ٢٠١٣
٨- هەڵبژاردەیەك لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس، وەرگێڕانی لە کوردییەوە بۆ زمانی سریانی، ٢٠١٥
٩- پاییزی نیگەرانی، شیعر،٢٠١٥
١٠- ئیرۆتیك لە شیعری (حەمام)ی شێرکۆ بێکەس دا، توێژینەوەیەکی هاوبەش لەگەڵ د. دەریا حەوێزی،٢٠١٥.

(*)تێبینی: ئەم وێنە کاریکاتێرەم لە لایەن کاریکاتێریست (کاکە عەبە) کێشراوە.

# پاشكۆی وێنەكان:



( ١ ) ئەنوەر سینو تووڤی



( ٢ ) وێنەی ماسییەك سەری كەلەشێری پێوە لكاوە.



( ٣ ) عەلی دەروێش



( ٤ )



( ٥ )



( ٦ )



( ٧ )


کاریکاتێر
ئەرێ برا
ئەوە سیحری نەوتەکەیە ،
یان مادەی ( ١٤٠ )ە حەیاتەکەیە ؟!
140

( ٨ )




( ٩ )



( ١٠ )





( ١١ )





( ١٣ )



( ١٤ )

گەمەی نێوان تیرۆر و دیموکراسی



( ١٥ )



( ١٦ )



( ١٧ )




( ١٨ )

# پێڕست

**پێشەکی** ........................................................................................................ ٥

**بەشی یەکەم: زاراوە و زمان و مێژووی کاریکاتێر**

١-زاراوە و پێناسە و چەکی کاریکاتێر........................................ ٩

٢-زمانی کاریکاتێر........................................................ ١٨

٣-مێژووی کاریکاتێر........................................................ ٢٤

**بەشی دووەم: پەیوەندی نێوان کاریکاتێر و هونەرەکانی دیکەی نووسین**

١-کاریکاتێر لە نوکتەدا........................................................ ٣٧

٢-پەیوەندی نێوان شیعری هەجوو و کاریکاتێر.................................. ٣٩

٣- پەیوەندی نێوان شیعری کاریکاتێر و سوریالیزم............................ ٤١

٤-کاریکاتێر لە نێوان هێڵکاری و گەپ و توانجدا................................ ٤٥

**بەشی سێیەم: مێژوو و شێوازەکانی شیعری کاریکاتێر**

١-کاریکاتێر لە شیعری کوردیدا ................................................ ٥١

٢-کاریکاتێری شێوەکاری.................................................... ٦١

٣-کاریکاتێر و گەمەی زمان.................................................. ٦٤

**بەشی چوارەم:جۆرەکانی کاریکاتێر لە شیعری کوردیدا**

١-کاریکاتێری سیاسی........................................................ ٧٠

٢-کاریکاتێری کۆمەڵایەتی.................................................... ٧٣

٣-کاریکاتێری سەرقاڵ کەرە.................................................. ٧٩

٤-کاریکاتێری وێنە.......................................................... ٨٥

**ئە نجام** ........................................................................................................ ٨٩

**سەرچاوەکان:** ................................................................................................ ٩٢

**هونەری تەنز و گەپ و کاریکاتێر- بیبلیۆگرافیا و پێڕستی لە کتێبی کوردیدا ١٩٧٠- ٢٠٠٩** ........................ ٩٩

**پرۆفایلی نووسەر:** ............................................................................................ ١١٩

**پاشکۆی وێنەکان** ............................................................................................ ١٢٠